لێکۆڵینەوەی

# ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

لێکۆڵینەوەی

# ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

ناوی کتێب: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی
نووسینی: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٧٤
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی سێیەم: ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١٠ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# ناوەڕۆک


سەرەتایەکی تیۆری ..... 7
فۆلکلۆر چییە؟ ..... 11
بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ..... 15
چیرۆک، سەرگوزەشتە ..... 24

داستان ..... 31
سەرەتایەکی تیۆری ..... 31
داستانی هۆنراوە ..... 34
داستانی کوردی و جۆرەکانی ..... 40
داستانی دڵداری و ئەڤین ..... 53
داستانی دڵداری خۆماڵی و هاوبەش و بێگانە ..... 53
داستانی زەمبیلفرۆش ..... 57
خەج و سیامەند ..... 59

گۆرانی ..... 65
گۆرانی– سەرەتایەکی تیۆری ..... 65
فۆرم و ناوەڕۆکی گۆرانیی کوردی ..... 74

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ..... 84
پەندی پێشینان چییە ..... 86
ناوەڕۆکی پەندی پێشینانی کوردی ..... 99
تەماشاکردنێکی قووڵی پەندی کوردی ..... 106

گاڵتەوگەپ ..... 132
قارەمانی گاڵتەوگەپ ..... 134

قارەمانی خۆماڵی گاڵتەوگەپ ........ 152
ئەدەبی نووسراوی گاڵتەوگەپی کوردی ........ 161
مەتەڵ ........ 172
پێڕستی ناوەکان ........ 175
سەرچاوەکان ........ 180
فەرهەنگی هەندێ وشەی لاتینی و ئەوروپایی ........ 184

بێگومان ناتوانین بڵێین تا ئێستا زۆر لێکۆڵینەوەمان دەربارەی ئەدەب و زمانی کوردی هەیە. بگرە بە پێچەوانەوە، دەتوانین بڵێین- لەم بارەیەوە تا ئێستا زۆر کەم نووسراوە، ئەگەر بێینە سەرباری ڕاستی- ئەوا تا ئێستا لەم بارەیەوە و لە هەر مەیدانەشدا لە چەند کتێبێک و چەند وتارێک زیاترمان نییە و ئەوانیش زۆر کەموکوڕییان تێدایە و هێشتا تەواو نەچوونەتە سەر بناغەی لێکۆڵینەوەی زانستی تازە. نەتەوەی کورد خاوەنی گەنجینەیەکی نەتەوایەتی بەنرخ و فراوانی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەدەبی کلاسیکییە و ئەدەبیاتی هاودەمیش بە ڕێگەی بەرەو پێشچووندا هەر ڕۆیشتووە. زمانی کوردیش یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی هیند و ئەوروپی. بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەم ئەدەب و زمانە لە ڕادەی ئەدەب و زمانەکە خۆیدا نییە.

بەشی زۆری ئەو شتانەی نووسراون هەوڵی جوامێرانەی تاقە کەسین، زۆرتریش تاقە کەسی ئەوتۆ کە هەلی وایان بۆ هەڵنەکەوتووە کە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب و زماندا، لەسەر شێوەی زانستیی تازە شارەزای پەیڕەوی گەلانی تر بىن، بەتایبەتی گەلانی ڕۆژئاوا.

ئەم هەوڵە تاقە کەسییانە، بەکەرەسەی خاوی، نرخ و بایەخی خۆیان هەیە و مایەی سەربەرزی و سەرفرازیی خاوەنەکانیانن. بەڵام وا وردە وردە خوێندەواری کوردیش توانا و هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە کە ئەم لێکۆڵینەوانە لەو سنوورە بێننە دەرێ و ئاسۆیەکی زانستیی تازەی فراوانی بۆ

دروست بکەن.

ئەم کتێبە و ئەوانی لەمەودوای ئەم زنجیرەیە هەوڵدانێکی سەرەتایی و دیسان تاقە کەسین، بۆ لەو سنوور چوونە دەرەوەیە و بۆ ئەو بەرەو ئاسۆچوونە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە جیهانی ئەدەبیاتناسیدا دەچێتە ڕیزی مێژووی ئەدەبەوە، هەرچەندە لە هەندێ شوێندا هەوڵی ئەوە دراوە کە بناغەی تیۆری "نظری"ی باسەکە ڕوون بکرێتەوە و دەربارەی هەندێک بەرهەمیش هەڵوێستی ڕەخنەیی دەربڕراوە.

جا بۆ ئەوەی ئەم مەبەستە ڕوون بکرێتەوە، چەند دێڕێک دەربارەی ئەم سێ جۆرە زانستە پێویستە.

لە جیهانی زانستی ئەمڕۆدا ئەدەبیاتناسی بە زانستێک دەڵێن کە هەموو بەشە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی هونەرمەندانە بگرێتەوە. مەبەس لە "ئەدەبیاتناسی" ئەوەیە کە کەرەسە بنەڕەتییەکانی تیۆریی زانستی پێشان بدات، ئەوە دەربخات کە تیۆریی زانستی چۆن تەماشای ئەدەبیات دەکات و لەگەڵ زانست گونجانیا چۆن دەردەخات و چۆن ئەو نرخەی کەرەسەکەی ئەدەبیات بە خوێندەواران دەناسێنێ کە لە بەردەستایە(١).

ئەدەبیاتناسی سێ بنەڕەتی عیلمیی جیاواز دەگرێتەوە:

تیۆریی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب.

تیۆریی ئەدەب- زانستێکە تەماشای ئەدەبیاتی هونەرمەندانە "واتە- نووسین و هۆنراوە" دەکات و ئەوە هەڵدەسەنگێنێ کە چۆن ئەو ئەدەبیاتە، وە بەکام شێوە نەخشەی ژیان دەکێشێ و چۆنی لێ تێ دەگات. بەکورتی پڕبەپڕ گرتنەوە "استیعاب"ی هونەرمەندانەی ژیانە.

تیۆریی ئەدەب- زانستێکە لە ڕۆڵ و گرینگیی بەرهەمی هونەرمەندانە دەدوێ، لە ڕێڕەوی گەشەسەندنی کۆمەڵدا.

---

(١) واتە "محسوس"ە.

زانستێکە دەربارەی جۆر و شێوەی هونەرمەندانە و ڕێگەکانی دەربڕینیان و پێش هەموو شت لە یاسا گشتییەکانی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی هونەرمەندانە و خاسیەت و سروشتی کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی و شێوە و پێوەندیی ئەدەبیات لەگەڵ ژیاندا دەدوێت.

بۆیە بە شێوەیەکی بەیەکداچوو بەستراوە بە ئیستاتیکەوە کە ئەویش ئەو زانستەیە کەوا لە شتی جوانی سروشت و کۆمەڵ و یاسا گشتییەکانی گەشەسەندنی هونەر دەکۆڵێتەوە و هەموو تەجروبەی مێژوویی گەشەسەندنی هونەری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە لە هەموو جیهاندا.

تیۆریی ئەدەب تەماشای ئەو جیهانبینینە دەکات کە پێوەندیی بە گەشەسەندنی ژانر و زمان و ستیل و "باس" و نموونە هەڵبژاردنەوە هەیە.

تیۆریی ئەدەب بنەڕەتی لێکۆڵینەوە و نرخ پێدان، بۆ ڕووداوی ئەدەبی و کەرەسەی ئەدەب دادەنێ، ڕادە بۆ سروشتی ئەدەبی هونەرمەندانە، واتە بۆ بەرهەم دادەنێ، کە ئەویش بەشێکە لە فۆرمەکانی سەرخانی بیر و باوەڕ.

تیۆریی ئەدەب توانای ئەوەمان دەداتێ کە زۆر قووڵتر لە سروشتە گشتییەکانی خاسیەتی ئەدەبیاتی هونەرمەندانە و ڕێڕەوی ئەدەبیات و شتە تایبەتییەکانی و لە خاسیەتی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بگەین.

تیۆریی ئەدەبی ڕاستەقینە لەوەدا دیاری دەدا کە پێوەندیی بەتینی نێوان ئەدەبیات و ژیانی گەل یەک خات، تا ئەدەب پاڵ بە گەلەوە بنێت بۆ سەرکەوتنی تازە دەستخستن لە بنیاتنانی کۆمەڵی بەختیاردا.

مەبەسی هەرە گەورەی تیۆریی تازەی ئەدەب، خزمەتی گەل و هەوڵدانە بۆ گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی هونەرمەندانەی کۆمەڵ، بۆ گەشەپێدانی پراکتیکی "تطبيقی"ی هونەرمەندانەی ئەدەبی نوێ.

تیۆریی ئەدەبی تازە، زۆر لە مێژووی ئەدەبەوە نزیکە. باری گشتیی تیۆریی ئەدەب، لە خۆیدا خزمەتی مێژوونووسانی ئەدەب دەکات و ڕێگە و پەیڕەوی لێکۆڵینەوەی بەرهەم دادەنێ.

تیـۆریی ئەدەب لە زۆر لە بنەڕەت و لێکۆڵینەوەکـانیـدا پشت بە باشـتـرین دەستکەوتی بیری ڕەخنەگری و شتـە بەنرخەکانی لێ وردبوونەوەی ڕەخنەگری دەبەستێ.

مـێـژووی ئەدەب بێ تیـۆریی ئەدەب نابێ و تیـۆریی ئەدەبیش بێ مـێـژووی ئەدەب نابێ. ئەم دوو پەیڕەوە زانستییە زۆر توند بەیەکەوە بەستراون.

ئەمـــڕۆ ئێـمـــە زۆر فـــەرمـــانی مـــەزنمان لە بەردەمـــدایە بەرامـــبـــەر بە پەروەردەکردنی گیـانـی ئیـسـتـاتیکی لەلای خـوێندەواران و هونەرمـەندان و بۆ بەجێـهـێنانی ئـەرکە هـاوچەرخـەکـانی مـێـژوو لەم بارەیەوە. دەبێ گـرینـگیی تیۆریی ئەدەب بۆ فراوانترین کۆڕی هونەرمەندان و خوێندەواران دەربخەین.

تیـۆریی ئەدەب لە بنەڕەتە گـشـتـییـەکانی خـۆیدا پشت بەو ڕاسـتـییـانەوە دەبەســـتێ کـــە لەگـــەڵ دارشـــتنی ئـەدەبدا تـێکـەڵ دەبن. هـەر وەک پشـت بە دەسـتکەوتەکانـی مێژووی ئـەدەبەوە دەبەسـتێت. بیـر ڕووناکە دیموکـراتیـیە شـۆڕشگێڕەکـانی سـەدەی نۆزدەم، هـەر وەک ڕۆڵێکی گـەورەیان لە ڕووی بیـر ڕووناکییەوە بینی، ئەو نووسـەرانـەشیان پەروەردە کرد کە ڕەخنەیان دەربارەی بەرهـەمەکانیان دەنووسی و کۆمەڵێکیش لە خوێنەرانیان پەروەردە کرد.

ڕەخنـە یاریدەی خـــوێنـەران دەدات بە ڕاســتـی لەو بـەرهـەمـــانـە بگەن کـــە دەیخـوێننەوە و پڕبـەپڕی خـۆیان بایەخـیـان بدەنێ، لەلایەکـی تـریشـەوە ڕوانینە پلەی بڵندبوونەوەی ڕادەی نووسـینی ئەدەبی، یەکێکە لە ئەرکـەکـانی ڕەخنەی ئەدەبی، کـە ڕووخـســاری ڕێـک و ناڕێکی بەرهـەمـێکی ئەدەبی دەسـتنیـشــان بکات. ڕەخنە لە داچەسپـاندنی توانـای هونەرمـەندیدا و لە نەهێـشـتنی هـەڵە و ناتەواوی بەرهـەمدا یاریدەی نووسـەران دەدات.

ڕەخنەی هـاودەمیـشـمـان لەلای گـەلێک لە گـەلانی جیـهـان ڕۆڵێکی گـەورەی هـەیە لە گـەشـەسـەندنی ئەدەبدا. دەبینین ئەمڕۆ لە هـەموو وڵاتاندا ڕەخنەگران بایەخـی خـۆیان بە بـەرهـەمی نووســەر و شــاعـیـرانی پایەبڵـند دەدەن و ڕێگە نیشانی ئەدەبیاتی لاو دەدەن و کەموکووڕی بەرهـەمیان دەخەنە ڕوو.

بەم جــۆرە، تیــۆریی ئەدەب و مــێــژووی ئەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبی، بـەشـی

بنەڕەتی و گرینگترین بەشی ئەدەبیاتناسین. سەرەڕای ئەمانەش ئەدەبیاتناسی چەند مەیدانێکی یاریدەدەری تریش دەگرێتەوە، کە یارمەتیی ئەو سێ بنەڕەتە دەدەن بۆ ساغکردنەوەی سەرچاوە و گەیشتنە سەر کانی هەڵقوڵینی زۆر بەرهەم. ئەم مەیدانە یاریدەدەرانەش بریتین لە مێژوو نووسینی ئەدەبیاتناسی و تێکستەلۆجی و بیبلۆگرافیا(٢).

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە وەک وتمان دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە، بەڵام ناچاری وای کردووە کە هەندێ جار خۆی لە بەشەکانی تری ئەدەبیاتناسی لا نەدات. چونکە مەبەسی گەورەی خزمەتکردنی گەنجینەی نەتەوایەتیمان و قووڵکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەتی لەم پلە مێژووییەی ژیانی نەتەوەیی و ئەدەبی و بیر ڕووناکیماندا و لە توانادا هەوڵدراوە کە ئەم باسە لە ڕادەیەکی عیلمیی قووڵدا بێت و نیشانەیەکی دیار بێت لەسەر ڕێگەی کاروانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبەکەماندا . وەک دەزانین فۆلکلۆری کوردی کۆنترین بەرهەمی ئەدەبیمانە و بناغەیەکی پتەوی گەشەپێدانی ئەدەبی ئەمڕۆمانە، بۆیە بەرگی یەکەمی ئەم زنجیرەیە بۆ ئەو سامانەی نەتەوەکەمان تەرخان دەکەین.

## فۆلکلۆر چییە؟

تا ئێستا- لە کوردیدا لە چەند شوێن و کتێب و سەرچاوەیەکدا لەم بارەیەوە نووسراوە. بۆیە لێکدانەوەی ئەم وشە و ڕەگەز و مانای دووبارە ناکەینەوە و بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ چوونە ناو باسی فۆلکلۆری کوردییەوە خۆش بکەین بە چەند وشەیەک لەم مانایە دەدوێین. هەرچەندە ئەمڕۆ وشەی لاتینیی فۆلکلۆر زۆر مەیدانی کەلەپووری نەتەوەیی دەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەکانی جلوبەرگی میللیی کۆن و ئێستاوە تا ڕایەخ و هۆی خواردەمەنی تێدا خواردن "قاپوقاچاغ و کاسە و کەوچک" و تا نەقش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێک شتی تر کە شەقڵی تایبەتیی کۆنی میللەتێک لە بەرهەمێکی دەستکرد

---

(٢) سەرچاوەی ئەم چەند لاپەڕەیە کتێبی- سەرەتایەکی ئەدەبیاتناسی فیۆدۆر. م. گۆڵۆڤینچینکۆ- چاپی مۆسکۆ ١٩٦٤- بوو.

یا بەرهەمی بیردا بهێڵێتەوە، بەڵام لە کۆڕی ئەدەبدا فۆلکلۆر پڕبەپڕ بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێ کە ئەدەبیاتناسانی هەندێ وڵات بە بەرهەمی سەر زاری خوڵقێنەرانەی گەلی ناو دەبەن.

ئەم بەرهەمە خوڵقێنەرانەیە ئەوەیە کە دەماودەم و پشتاوپشت، کوڕ لە باوکەوە منداڵ لە دایکەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقە کەسێک دانانرێ و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بە بەرهەمی خوڵقێنەرانەی گەل دەناسرێ و ڕووخساری ئاشکرای بریتییە لە سادەیی- چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی دەربڕینەوە، شەقڵی تایبەتیی ئەو گەلە یا ئەو زەمان و دەورەی خۆیی پێوەیە، نەخوازە لە وێنە و بیردا.

خاسیەتێکی فۆلکلۆر ئەوەیە کە لە ناو خەڵکدا ئێجگار زۆر بڵاوە، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لای ئێمە، تا دەوری بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و شارەزابوونی خەڵک لەگەڵ ئەدەبی نووسراودا، کەم کەس هەیە شتێک لە فۆلکلۆری گەلەکەی خۆی نەزانێ و لەبەری نەبێ و بە وتن و گێڕانەوە دەری نەبڕێ.

فۆلکلۆر کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێک، تەنانەت کەرەسەشە بۆ زانایانی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافیاش. ئەدەبیاتناسان بایەخێکی گەورەیان داوە بە فۆلکلۆر- گۆرکی دەڵێ: « لە ڕووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسووف و شاعیر میللەت خۆیەتی، هەر ئەویش بەرهەمهێنەر و خوڵقێنەری ئەو هەموو هۆنراوە و داستانەیە کە لە کەڵچەری[٣] جیهاندا هەیە»[٤].

چیرنشێڤسکی دەڵێ: «هۆنراوەی گەل و گۆرانییەکانی، ژیان و مێژوو ڕەسم و عادەتی خەڵکی پاراستووە»[٥].

---

(٣) کەڵچەر- یا کولتوور- واتە- ثقافة.

(٤) م. گۆرکی: چەند وتاری ئەدەبی- لە ڕەخنەدا، مۆسکۆ، ١٩٣٧. ل ٢٦.

(٥) چیرنشێڤسکی: بەرهەمە تەواوەکانی، بەرگی ١١، مۆسکۆ ١٩٤٩. ل ٣٠٨.

هەروەک گــۆرکی دەڵێت: «بناخــەی ئەدەب لە فـۆلکلۆر- واتـە- لە ئـەدەبی خـەڵکدایە، فۆلکلۆر کەرەسـەیەکی خاوی مـەزن و کـان و سـەرچاوەیە بۆ هـەمـوو شاعیران و نووسەران. ئەگەر بەباشی لە ڕابردوو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین دەبێ و ئەوسا زۆر بە وردی لە گرینگی فۆلکلۆر دەگەین»(٦).

ئـەم وتانـە بەســـەر فـــۆلکلۆری هـەمـــوو گـــەلاندا دێتـــە دی. زانـایانـی ڕۆژهـەڵاتناس، دەربارەی فـۆلکلۆری کوردیش گەلێک وتەیان هەیە کە شـایانی تۆمارکردنن.

ڕۆژهـەڵاتناس و بیر ڕووناکی گـەورەی ئەرمـەنی ئەبۆڤـیـان، کـە لە سـەدەی نۆزدەیەمـدا بە یەکێک لـە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخـوازە مـەزنەکـانی ڕۆژهـەڵات نـاســـراوە نـووســـیـــوییـــە: «هـەمـــوو کـــوردێک، تەنـانەت پـیـــرەمـــێـــردە نەخوێندەوارەکـانیش گیانی شـاعیرانە وا لە ناخی دەروونیـاندا، هەموویان لە گۆرانی وتندا خـاوەنی توانـان، زۆر بە سـادەیی، لەسـەرخـۆ، گۆرانی دەڵێن. بە دۆڵ و چیا و تاڤگە و ڕووبار و گوڵ و چەک و ئەسپ و ئازایەتی و کچی جوانی خـۆیان و بە نازداریاندا هەڵدەدەن، ئەمـــانە هەمـــوو لە قـــووڵاییـیـی هۆش و دەروونیانەوە دێتە دەرەوە»(٧)

مــاڕ، کـە زانـایەکی گـەورە و زمـانەوان و ڕۆژهـەڵاتنـاسـێکی ناسـراوە، لە وتارێکدا کە سـاڵی ١٩١١ نووسـیویە، ئەو ڕاسـتییە دەردەخـات کە فـۆلکلۆری کـــوردی تەنـیـــا لە نـاو کـــورد خـــۆیدا بڵاو نـیـــیـــە، بگرە لـە نـاو گـــەلانـی تری ڕۆژهـەڵاتیشـدا، وەک عەرەب و فـارس و ئازربایجـانی و ئەرمـەنی و ئاسـووریدا باوە(٨).

لەم بارەیەوە- مینۆرسکی دەڵێ:

---

(٦) م. گۆرکی: ئەرکەکانی سۆڤێت و ئەدەبیات. باکو، ١٩٣٥ ل ٨.

(٧) خ. ئەبۆڤیان، کوردان- کۆواری «قەفقاس» تبلیس، ١٨٤٨، ژ ٤٧٠، ل، ١٨٨.

(٨) ن. یا. مــاڕ، دیســان دەربارەی وشــەی "چەلەبی" - دەســتنووســەکـانی بەشی ڕۆژهـەڵاتناسیی "کۆمەڵەی ئارخیۆلۆگی" ب ١٥٠. ساپیتەربورگ،١٩١١، ل، ٣٠٠.

«لای ئاسوورییەکانی چیا گۆرانیی کوردی وتن و چیرۆکی کوردی گێڕانەوە، بووەتە عادەتێکی گشت لایی»[٩].

ڤاسیلی نیکیتین نووسیوییە: «ئەدەبی کوردی- لە پلەی یەکەمدا، فۆلکلۆری کوردییە، لەو فۆلکلۆرەدا هەر تەنیا پاشماوە و میراتی نەوە و پشتەکانی پێشوو نابینرێ، بگرە ئەمرۆش ئەو فۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ بە توانایی لە ژیاندا و بۆ ڕەنگینیی هێزی بەرهەمهێنان، کە ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەندیی ئەو بەرهەمە تازە دەکەنەوە و فراوانتر و زیاتری دەکەن، ئەوەش دەگمەن نییە، کە ڕەگەزی بەرهەمی گەلانی هاوسایە بە گۆرانی بوترێ و لە قاڵبی کوردیدا داڕێژرێ»[١٠]

ئەبۆڤیان دەربارەی گۆرانیی کوردیش وتوویەتی: «ئەم گۆرانییانە گەیشتوونەتە سنووری پڕی و تەواوی»[١١].

گومان لەوەدا نەماوە کە نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، هۆی ئەمەش تەنیا ئەوە نییە کە ئەدەبیاتی نووسراو نەختێک درەنگ لە ناو کورددا پەیدا بووبێت[١٢]. بگرە ژیانی تایبەتیی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆڕانی زوو بەزوو لەم وێنانەدا، بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندییە. هەروەک بوونی چەند دیالێکتێک هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە. هەروەها زرووفی تایبەتی وای کردووە کە بەشی زۆری ئەدەبی میللی بە ناوی خاوەنەکەیەوە بڵاو نەبێتەوە و ئەوەش دەماودەم و پشتاوپشت بمێنێتەوە و بچێتە سەر گەنجینەی فۆلکلۆرمان.

---

(٩) ئەمە لە «گۆرانی و حیکایەتی قارەمانیەتی کوردی»ی چاپی مۆسکۆ، ١٩٦٢، ل ٧ وەرگیراوە.

(١٠) ف. پ لیکیتین، کوردان چاپی ڕووسیی مۆسکۆ، ١٩٦٤، ل ٣٦٢.

(١١) هەر ئەو سەرچاوەیە: ل ١٣٦.

(١٢) وا دەزانم بەرپەرچیدانەوە لەوەدا نەماوە کە بابا تایەری هەمەدانی (٩٣٥-١٠١٠)م یەکەم شاعیری ناسراوی کوردە، بەم پێیە کەم نەتەوە هەیە ئەدەبیاتی نووسراوی پێش کورد کەوتبێ.

# بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

ئەدەبی فـۆلکلۆری کـوردیش هەروەک ئەم ئەدەبە لەلای زۆربەی گـەلان و بەتایبـەتی لای گەلانی ڕۆژهەلات. بریتییـە لە چەند جۆرێکی بنەڕەتیی وەک: ئەفسانە، ئیپۆسیا، کە هەندێ جۆری لە کوردیدا پێی دەوترێ "بەیت". ئەمیش دەبێ بە دوو بەشەوە" بەیتی قارەمانی گێڕانەوە و بەیتی بەسەرهاتی دڵداری و ئەڤین گـێـڕانەوە. وەک چیـرۆک، واتە "حـیکایەت"، کـە لـە هەندێ لا "نـەقڵ و مـەتەڵۆک"یشی پێ دەڵێن و هۆنراوەی لیریک، کە هەمـوو بەشـەکانی گۆرانی دەگـرێتـەوە، وەک لایلایەی منداڵ و لاوانـدنەوەش دەگـرێتـەوە هـەروەک ئەدەبی فۆلکلۆری گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ و مەتەڵیشی هەیە.

ئەفسانە:(١٣)

---

زیادەی چاپی دووەم:

(١٣) دەربارەی ئەفسانە گەلێک وتەی بەنرخی کلاسیکەکانی بیری پێشکەوتنخوازانەی مرۆڤایەتی هەیە کە دەبێت هەندێکیان تۆمار بکرێن وەک: «میتۆلۆجیا- لە جەنگدایە زاڵ دەبێت و دەسەڵات پەیدا دەکات و بەخەیاڵ گەردوونێک دروست دەکات و یا بە خەیاڵ سروشت لێک دەداتەوە، میتۆلۆجیا بە دەسەڵات پەیداکردنی ڕاستەقینە بەسەر هێزی گەردووندا نامێنێ» "کارڵ مارکس": پێشەکیی- ڕەخنەی پۆلیت ئیکۆنۆمی- تەواوی بەرهەمەکانی- مۆسکۆ ١٩٣٣ بەرگی ١٢، بەشی ١ ل ٢٠٣ "بە ڕووسی".

هەروەها:

«میتۆلۆجیای یۆنانی بناغەی هونەری یۆنانییە، لەو هونەرەدا گەردوون ڕووخساری کۆمەڵایەتی بێ هەست پێکردن هونەرمەندانە لە خەیاڵی گەلدا دروست دەبنەوە، ئەمە کەرەسەی ئەو هونەرەیە و کۆمەڵێک پێوەندیی ئەفسانەیی لەگەڵ گەردووندا بە دوور بزانێت خەیاڵێکی وا لە هونەرمەند بخوازێت کە پشت بە میتۆلۆجیا نەبەستێت ئەو کۆمەڵە پێش ناکەوێت» «هەر ئەو سەرچاوەیە».

پیاو منداڵ نابێتەوە بەڵام بە ساکاریی منداڵ دەگەشێتەوە وە خۆشی هەوڵی=

هەندێ لە زانایان ناوی "میتۆلۆجیا"یان بۆ عیلمێکی تایبەتی داناوە کە لە ئەفسانە دەدوێ[١٤]. بەڵام "میتۆلۆجیا" ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەفسانەوە بەدوای باوەڕ و ئاینی کۆن و تازەی گەلاندا دەگەڕێت و بە چاویلکەی ئەدەب ناڕوانێتە ئەفسانە. بۆیە زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی وەک مار و نیکتین و مینۆرسکی و سیمنۆڤ و ڤیلچێیڤسکی و لاسکو، هەروەها نووسەری گەورەی کورد عەرەب شەمۆ، بگرە "ئەبۆڤیان"یش، ئەفسانەیان کردووە بە کەرەسەیەک بۆ ساغکردنەوەی هەندێ بیروباوەڕی ئاینیی کۆن و تازەی کورد[١٥]. ئەمانە زۆر لە وێنەی " دێو و درنج و پەری و ڕۆژ و مانگ و بەرد و درەخت و هەندێ جانەوەر، بەتایبەتی لە وێنەی مار دواون لە ئەفسانەی کوردیدا. ئەفسانە- لە

---

= ئەوەیەتی کە سروشتی ڕاستەقینەی خۆی لە پلەیەکی بەرزتردا پیشان بدات. ئایا سروشتی منداڵ بەو ڕاستییە ناهونەرییەی لە دەروونیدایە، لە پلەی داهاتوودا زیندوو نابێتەوە؟ کەواتە بۆچ دەبێت منداڵیی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد بەو ئەفسوونە نەمرەی خۆیەوە کە لە کاتی لە خەم ڕەخسینیدا کاری تێ کردبوون و خۆی لە خۆیدا پلەیەک بوو نەیەتەوە؟ منداڵی وا هەیە هیچ فێر نەبووە، منداڵی ئەوتۆش هەیە کە هێندەی پیرەمێردێک ژیرە، زۆربەی گەلانی کۆنیش لەم دەستەیەن، یۆنانییەکان منداڵی ژیر بوون، ڕەنگینیی هونەرەکەشیان لەو ناکۆکیی نێوان ئەو هونەرە و پلەی دواکەوتوویی کۆمەڵدا پەیدا نەبووە، بەپێچەوانەوە ئەو هونەرە بەرهەمی ئەو پلەیەی کۆمەڵە و بەستراوە بەڕاستییەکەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە پێنەگەیشتووەی ئەو هونەرە لە سایەیدا پەیدا بووە و بەهۆی ئەوەوە نەبووایە پەیدا نەدەبوو، ئەو پێوەندییە جارێکی تر دووبارە نابێتەوە. هەر ئەو سەرچاوەیە- ل ٢٠٣، ٢٠٤. پۆلیت ئیکۆنۆمی- تەواوی بەرهەمەکانی، مۆسکۆ ١٩٣٣.

(١٤) بڕوانە: تیمۆفێیف، ڤینگرۆڤ، فەرهەنگێکی کورتی ئیستلاحە ئەدەبییەکان مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل ٨٣، ٨٤.

(١٥) بڕوانە، ت.ف. ئەریستۆڤا، کوردی پشت قەفقاس، مۆسکۆ ١٩٦٦، چاپی ڕووسی، ل ١٧٠.

فۆلکلۆری گەلاندا، بە شتێکی کۆن دەژمێررێ، چونکە بەرهەمی ئەو کاتەیە کە ئادەمیزاد دەستەوسان و بێ دەسەڵات ڕووبەڕووی سروشت دەوەستا و هیچ ڕووداوێکی سروشتی بە ڕێکی بۆ لێک نەدەدرایەوە و تێی نەدەگەیشت و دەسەڵاتیشی بە سەریا نەبوو، بۆیە دەرگەی بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ دەخستە سەرپشت و بەو جۆرەی کە ئەم ئەفسانانەی لێ هاتە بەرهەم، هەموو شتی لێک دەدایەوە. واتە شێوەیەکی سادەی لێکدانەوەی ڕووداوەکانی سروشت دەخاتە بەردەست. هەندێ زانا لایان وایە- چونکە ئەم ئەفسانانە بەرهەمی سەرەتای ژیانی ئادەمیزادن، واتە سەردەمی منداڵیی ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە لە هەستی منداڵەوە نزیکن و منداڵ حەز لەم چیرۆکانە دەکەن و لە یادیان ناچێت.

ئەگەر لە کونجی فەلسەفەوە بڕوانینە ئەفسانە. دەتوانین بە جۆرێکی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی دابنێین. هەروەک بە هەوڵدانێکی سەرەتاییی مرۆڤ دەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت.

لە ئەفسانەی یۆنانییەکانی کۆندا[(١٦)] هەر شتە خوای تایبەتیی خۆی هەبوو، وەک خوای جوانی و خوای هونەر و شیعر و باران و گەلێک ڕووداوی

---

(١٦) زیادەی چاپی دووەم:

کۆنترین چەشنی ئەفسانە لە ناو سۆمەرییەکاندا هاتووەتە کایەوە. لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی مێژوو و سامانی سۆمەرییەکان درەنگ دەستی پێ کردووە، لەبەرئەوە زۆر لە فۆلکلۆرناسان تا ئێستا هەر لە یۆنانییەکانەوە دەست پێ دەکەن، لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئەو ڕێگەیە گیراوە، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە لە ئەفسانەی سۆمەرییەوە دەست پێ بکەین، هیوادارین بەدرێژتر لەو باسە بدوێین، بەڵام لێرەدا پشت بەسەرچاوەیەکی گرینگ ئەم چەند دێرە دەنووسین:

«هەرچەندە زۆربەی ئەو لەوحە ئەدەبییە سۆمەری و بابلییانەی تا ئێستا دۆزراونەتەوە کاتی تۆماریان ناگاتە سەرەتای هەزاری دووەمی "پ. ز" بەڵام ئەو ئەدەبییاتانە هەموو لە نیوەی هەزاری سێیەمی "پ. ز" وتراون و ڕسکاون، ئەگەر ئەم مێژووە لەگەڵ کۆنترین ئەدەبیاتی تری مرۆڤایەتیدا بەراورد بکەین دەبینین=

تری سروشت. بەڵام دیمەنێکی ئەفسانەی کۆنی یۆنان، لە ئەفسانەی گەلێک میللەتی تریشدا بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لە ئەفسانەی کوردیدا. ئەویش ئەوەیە کە ئادەمیزاد- یا بڵێین مرۆڤ یا ئینسان، لە ئەنجامدا خۆی قارەمانی سەرکەوتووی ئەفسانەیە. جاروبار لە ئەفسانەی کۆنی یۆناندا کێشە دەکەوێتە نێوان قارەمانی تراجیدیا و نێوان خواکانی یۆنانی خۆیانەوە. هەروەک لە "تراجیدیا"ی پرۆمیتیۆس(١٧) دایە، کەوا ئەفسانەی یۆنانی بە باپیرە گەورەی ئادەمیزادی دەزانێ و لەو تراجیدیایەدا ئەفسانەکە دەڵێ، پرۆمیتۆس پارچەیەک لە ڕۆژی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. خاوەن بیرەکان ئەم وێنەی "ڕۆژ"ە بە دوو جۆر لێک دەدەنەوە. هەندێکیان بەو سێوەی دادەنێن کە ئاینە ئاسمانییەکان دەڵێن، "ئادەم" خواردی و بەو هۆیەوە لە بەهەشت دەرکرا. هەندێک ئەم پارچە ڕۆژە بە وێنەی "زانیاری" دادەنێن.

ئەفسانەکە دەڵێ: "زیۆس"ی خواوەندی گەورەی یۆنان، بۆیە لە پرۆمیتیۆس تووڕە بوو، چونکە ئەو پارچە ڕۆژەی دزیبوو، بەڵام هەندێک دەڵێن، زیۆس خۆی لە هەموو شت زیاتر لە "زانیاری" دەترسا، چونکە مێشکی ئادەمیزادی ڕوون دەکردەوە و وای دەکرد کە لێی یاخی بن، بۆیە زیۆس فەرمانی بە "هیڤایستۆس"ی خوای ئاسنگەرانی یۆنان دا کە پرۆمیتیۆس لە چیاکانی قەفقاسدا بە بەردێکی داچەسپیوەوە ببەستێتەوە و بزمار بەدەست و قاچیشیدا داکوتێ. زیۆس پاش ئەمە هەموو ڕۆژ "هەڵۆ"یەکی دەنارد بەدرێژایی ڕۆژ جگەری پرۆمیتۆسی دەخوارد بەشەو بەجێی دەهێشت، بەڵام جگەر لە خۆیەوە پەیدا دەبووەوە و سەرلەبەیانی هەڵۆ دەستی دەدایەوە کاری خۆی، خواوڕاستان لە ئەنجامدا قارەمانێکی کە لە "ئادەمیزاد" بوو ناوی

---

= کە پێش هەموو بەرهەمێکی بیری مرۆڤایەتی پەیدابوون.» «طه باقر. ملحمة گلگامش، بغداد ١٩٦٢، ص ٤». هەروەها لەو سەرچاوەیەدا نووسراوە: ئەدەبیاتی کەنعانی ١٤٠٠ "پ. ز" و تەورات لە سەدەی ٦- ٥ی "پ. ز"دا نووسراون.

(١٧) پرۆمیتیۆس: مانای چاکبین، یا دووربینە.

"هەرقل" بوو توانی پرۆمـیـتـیـۆس لەم ئازارە ڕزگـار بكات. تیـرێكی نـا بە هەڵۆكـەوە و خـسـتی و پێـوەندیی دەست و پێی ئەو لاشـە ئازاردراوەی كردەوە(١٨).

ئەم جـۆرە وێنەیەی ئەفسـانەی كۆنـی یۆنان لە ئەفسانەی كوردیشـدا زۆر بەدی دەكرێ زۆر جار دەبینین قارەمانی ئەفسـانە، كە لە ئادەمیزادە دەكەوێتە داوی دێو و درنجەوە و هەر ئادەمیزاد و پیاوچاك ڕزگار دەكەن.

ئۆبرەزی- گـەورە لە ئەفسـانەی كـوردیدا، ئۆبرەزی "دێو"ە، بەڵام قـارەمـانی سەركەوتوو لە ئەنجامدا هەر ئادەمیزادە.

ئەفسانەی كوردی وێنەی كێشـەی نێوان دێو و درنج و ئادەمیزاد دەكات بە نیشانەی ئـەو كێشـەیەی لە زۆر كۆنەوە لـە كۆمەڵی ئادەمیزاد و لە نـێوان هێزی چاكە و خراپەدا، یا هێزی خێرخواو و هێزی خراپە و بەدیدا بەرپا بووە.

لەم كـێشـەیەدا هێزی خـێرخـوا كـە بریتـییـە لە ئادەمـیزاد و ئەمـە وێنەی میللەتە، هەموو شـوێنێكی گرتووەتەوە، لە هەموو شـوێنێكدا هەیە و بێ ترس لە ژێر تیشكی ڕۆژدا دەژی و هەر چاكە و خۆشەویستی بنیات ناوە، بەڵام هێزی خـراپە و بەدی، كـەمـە و لە تاریكیـدا دەژی، لە ئەشـكەوت و كـۆڵانی تاریكدا، لە كەلاوەی كۆن و وێرانەدا، لە تیشكی ڕۆژ زۆر دەترسێ و هەر ڕۆژ هەڵهات ئەو ون دەبێت، واتە لەو پارچە ڕۆژی "زانیـاری"یەی ئەفـسـانەی كـۆنی یۆنان دەترسێت.

ڕووخساری ئەم هێزی خـراپەیە لە ئەفسـانەی كوردیدا وەك خۆی نەماوە، بگرە هـەندێ شـتی ئاینی تازەیشی تێكەڵ كـراوە، بۆ نموونـە: لە ئەفسـانەی كـوردیدا دەڵێ: كـەوا گیـانی بەد- دێو و درنج و خێـو- لە مـانگی ڕەمـەزاندا

(١٨) دەربارەی ئەم ئەفسـانەیە لە زۆر سـەرچاوەدا شت دەبینین بۆ نموونە تەماشـای - ل ٢٤٧- ٢٤٩ی "سـەرەتایەكی ئەدەبیـاتناسی"ی گـۆلۆڤـینچـینكۆ - چاپی ڕووسی- مـۆسكۆ ١٩٦٤بكە، یا "الادب وفنونة"ی دوكـتـۆر مـحـەمـەد مـەندوور- قاهیرە ١٩٦٣، ل ١٠٧.

هەموو لەودیو کێوی "قاف"ەوە دەبەسترێنەوە، تاوەکو لەو مانگەدا خەڵکی لە خراپەیان ڕزگار بن و ئاسوودە و بەختیار، دوور لە گیانی بەدیان بژین. کێوی "قاف"یش لێرەدا کە هەر چیای "قەفقاس"ەکەی ئەفسانەی یۆنانە، کە ئەو دەمە ئەوپەڕی زەمین بووە لە زانینی گەلدا.

هەروەها، وێنەی "مار" لە ئەفسانەی کوردیدا وێنەیەکی تری هێزی خراپەیە، زانایانی "میتۆلۆجیا" ئەمە دەبەستن بە باوەڕی کۆنی ئاینەوە. وا دیارە ئەم وێنە خراپەی مار لە ئەفسانەی کوردیدا هەر ئەو وێنە کۆنەیە کە ئەفسانەی کۆنی یۆنان دەربارەی ئەو مارەی دەگێڕێتەوە کە "ئەهریمەن- یا ئیبلیس"ی بردە بەهەشتەوە تا ئادەم هەڵخەڵەتێنێ(١٩).

وێنەی "مار" لە فۆلکلۆری کوردییا و لە چیرۆکی بەناوبانگی "ئەژدەهاک" یا "زوحاک"یشدا هەر ئەو وێنەیەی خراپی و بەدییە، لەوێوە دێتە حیکایەتیشەوە، وەک حیکایەتی مارەکەی شێخ هۆمەر، کە پەندی «چاکە لەگەڵ ناکەس بەچە مەکە»ی لێوە پەیدا بووە و ڕەنگە «شەرعی مار بەدار»یش هەر لەوێوە هاتبێ.

لە ئەفسانەی کوردیدا قارەمانی سەرکەوتوو هەمیشە لە ئادەمیزادە، زۆرتریش لە هەژار و ڕەنجکێشە. ئەم قارەمانە سەری "دێو"ی ئەفسانە دەپلیشێنێتەوە، بەڵام زۆر جاریش ئەوە دەزانێت کە "دێو" هەر ئەو لاشەیە نییە، بگرە "کولەکەی ڕوح"ی هەیە، واتە هێزی بەد بناغەیەکی هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و دەبێ ئەو بناغەیە نەهێڵرێ. بۆیە قارەمانی ئەفسانە هەمیشە هەوڵی ئەوەیەتی کە "کولەکەی ڕوح"ی "دێو"ەکە بشکێنێ و بەو جۆرە لە ناوی بەرێت.

---

(١٩) زیادەی چاپی دووەم:

وێنەی مار هەندێک جار، لە ئەفسانە و چیرۆکی کوردیدا بووە بە وێنەی چاکە، بەگشتی وێنەی مار پێوەندیی بە ئاینی کۆنی کوردییەوە و بە هەندێک تەریقەتی ناو کوردەوە هەیە، هەر ئەم ئاین و تەریقەتانە وایان کردووە کە هەردوو دیو لە وێنەی ماردا هەبێت. نووسەری ئەم باسە لە کتێبێکدا کە دەربارەی "فەلسەفەی ئەحمەدی خانی" نووسیویەتی و ئامادەیە بۆ چاپ بەدرێژی لەم باسە دواوە.

هێزی خراپە- لە ئەفسانەی کوردیدا جاروبار ئادەمیزاد هەڵدەخەڵەتێنێ و ئەو مرۆڤە بە هەموو هێزییەوە هەوڵی ڕزگاربوون دەدات لەو داوەی کە تێی کەوتووە، بەڵام ئەو دێوە کەمتر چاکەی لە دەست دێت.

لە ئەفسانەی کوردیدا و تەنانەت لە حیکایەتیشدا، هێزی خراپە هەر ڕووەو نەمان دەڕوات. بۆیە دەبینین کە هێزی خراپە ئەگەر لە وێنەی "دێو و درنج"یشدا نەبێت، ئەوا لە وێنەی پیرێژنێکی ڕەموزنی ئێسک قورسدا دێتە کایەوە، ئەنجامی پیرێژنی "فەرهاد کوژ"یش هەر مردنە(٢٠).

لە پاڵ ئەم هێزی خراپەیەشدا دەبینین کە وێنەی تر هەیە. وێنەی هێزی چاکە و خێرخواز. کە ئەمیش ئەفسانەی کوردی "پەری"ی ناو لێ دەنێ و پەری چاکە لەگەڵ ئادەمیزاد دەکات. هەر لە ئەفسانەدا جاروبار ئادەمیزادی خراپیش دێتە کایەوە، بەڵام ئەو پیاوخراپە، هەمیشە لە شێوەی زۆردار و پاشای بە جەزرەبەدا خۆی دەنوێنێ.

لە تاقە ئەفسانەیەکی درێژی کوردیدا کە لە "مێژووی ئەدەبی کوردی"دا تۆمار کراوە، دەبینین کچی شای پەرییان ڕوو دەکاتە یەکێک لەم پاشا خراپەکارانە و دەڵێ:

« شارۆخ شا، ئادەمیزاد هەرشتێکیان لەگەڵ بکەی بەخۆڕایی دەڕوا، چونکە شتیان لە بەرچاو نییە و کە کەوتن بەسەر ئیشی خۆیانا ئیتر هیچیان لە بەرچاو نامێنێ»(٢١).

لەم ئەفسانانەدا هێزی بەد دەگمەن لە ئادەمیزادە. بەڵام پیاوچاک زۆر جار لە نزیک ئادەمیزادەوە لە گەنجینەی ماڵدا یا لە کووچەیەکی خانوودا دەژی و

---

(٢٠) زیادەی چاپی دووەم:

هەندێک جار ئەم پیرێژنانە بەهێزی جادوو خۆیان دەکەنەوە بە کچێکی جوانی چواردە ساڵ و خۆیان لە بەرگی ئەو کچەدا پیشان دەدەن، بەڵام زۆری پێ ناچێت ڕووخساری ڕاستەقینەیان دەردەکەوێت.

(٢١) عەلائەدین سجادی. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەغدا، ١٩٥٢. ل، ١٠١.

خاوەن ماڵ ئومێدی چاکەی پێیەتی.

لە ئەفسانەی کوردیدا ئۆبرەزی دێو هەر بۆ بەدخواهییە، ئەگەر لە هەندێ ئەفسانەی کوردیدا دێو ببێتە ئۆبرەز بۆ چاکەکردن، ئەوە تەواو ئەو وێنەیە پاشماوەی کۆنی ئەفسانەی پێش ئیسلامە و کەوتووەتە کوردییەوە. تەنانەت لەم ئەفسانانەشدا هەر ئادەمیزاد دەبێتەوە بە قارەمان. چونکە لەوێدا دێو بە زەبری دانایی "سولەیمانی حەکیم" هاتووەتە ژێر ڕکێفی چاکەکردنەوە. سولەیمان کە ئادەمیزادێکی دانایە، بە ژیری و توانایی و دانایی خۆی سەری پێ شۆڕ کردوون و خستوونییە کەمینی خۆیەوە و کرداری چاکەیان پێ دەکات. ئەگەر ئەو نەبێت ئەوا دەچنەوە سەر کرداری بەدی خۆیان و خراپە لەگەڵ بەرەی ئادەمیزاددا دەکەن.

بەرامبەر بەم وێنەیە، لە ئەفسانەی کوردیدا وێنەیەکی چاکە و خێرخواهیش دەبینین کە "خدری زیندەیە". ئەفسانەی کوردی ئەم پیاوچاکە لە وێنەی ئادەمیزاددا پیشان دەدات.

پیرێکی نەمر کە تا ئاسمان و زەوی مابێت هەر دەمێنێ، واتە هێزی چاکە و خێرخوا هەر دەمێنێ و فەوتانی بۆ نییە، کەچی هێزی خراپە هەر لە نەمانە.

"خدری زیندە" نامرێ، لە هەموو شوێنێک هەر موو هەڵکڕووزێنێت ئامادەیە، بەدەم لێقەوماوانەوە دێت. یاریدەی هەژاران دەدات، ڕێگە نیشانی گومڕایان و سەرلێشواوان دەدات زۆر جار ڕێگەی ڕاست، ڕێگەی چاکەکردن و واز لە زۆرداری هێنان نیشانی میر و پادشایان دەدات.

ئەم وێنەیەی خێرخوایی هەر بەناوی "خزر"ەوە لای گەلێک نەتەوەی ڕۆژهەڵات هەیە و هەندێ لە فۆلکلۆرناسان دەیبەنەوە سەر ئاینەکانی پێش ئیسلام. هەرچەندە زۆر لەوانەش کە تەفسیری قورئانیان کردووە، بەو پیاوچاکەی دادەنێن کە لە سورەتی "کەهف"دا باسی کراوە و، کەوا لەگەڵ حەزرەتی مووسادا یەکیان گرتووە و چیرۆکێکی سەیر لە نێوانیاندا ڕووی داوە، کە بە یەکێک لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز دەزانرێ، ئایەتەکەی کە بە

بوونی خـدری زیندە لێک دەدرێتـەوە ئەوەیە کـە دەفـەرمـوێ «**فـوجـدا عـبـدا من عبادنا آتيناه رحمة من عندنا وعلمناه من لدنا علما**»(٢٢).

لە داستانی "مەمی ئالان"دا، کە سێ براکەی میری "باژاڕی مەغریب"(٢٣) لە تاو ئەوەی کـە هـیـچـان کـوڕێکـیـان نـیـیـە جـێگەیان بـگرێتـەوە، سـەری خـۆیان هەڵدەگـرن و لـە جـەژنـی قـوربانا دیوەخـان جێ دەهـێـڵن و بەرگی دەروێشـی دەپۆشن و دەڕۆن. خـواوڕاسـتـان ئەو پیـاوچـاکەی ئەفـسـانـەی کـوردی دێت بە پیریانەوە"

... هـەر سێ برا ڕوونـیـشـتـی و دلی وان ب وان شـەوتـی و ژخـوەرا گریانە.

رەبی ئالەمێ خۆجەیی خدر لە وان کر بەیانە.

جـارەکی نێری کـو ئەلی بەگ، ئـەمـەر بەگ و ئـەڵمـاز بەگ ژ خـۆرا ڕۆنشتنەوە گریانە.

دلی وی ب وان شەوتی.

سێڤەکی ژ پاشلا خۆ دەرخە ددە دەستی ئەلی بەگی مەزنی برانە.

دبێ: گەلی برا مـەگرین، رەبی ئالەمێ دەلیلی هـەیریانە. ئیڕۆ رۆژا جەژنا قوربانێیە. وە دەڤ ژ قۆناغێن خۆ بەردانە. گەرەک زەلامێ مینا وە ڤەکرانا دەڤی خەزیناو دەفینی گرانە، وە پەڕە برڕاژندانا، گەلی برا لکۆلاناو لکووچانە. ژبۆنا خاتری فەقیر و فوقەرانا.

نەفسا کو برچییە، گەرەک وە تێر بکرا، وە پایا کو تازییە گەرەک وە ب جل بکرا.

هوون هاتنە کەتنە چۆڵ و کەربەلانە.

وە لە خۆ کرییە جلی دەروێشانە.

---

(٢٢) قورئانی پیرۆز، سورەتی کەهف، ئایەتی ٦٧.

(٢٣) لێـرەدا "مــەغـریـب" هەر ولاتی- یۆنان دەگـرێتــەوە. هەرچەند لە بادینانیش گوندێکی وا هەیە.

وە ڕابن بەری خۆ بدەن باژاڕی مەغریبێ و خانێین خۆیی گرانە.
هەڕن باژاڕێ مەغریبێ، ڤەکەن دەڤی خەزێناو دەفینانە.
پەران برژێن لە زوکاکا و لکووچانە.
سەر ژێ بکەن قوربان و دەهیانە.
ژ بۆ خاتری فەقیر و فوقەرانا(٢٤).

ئەوەبوو هەرسێ برا گەڕانەوە "باژاڕی مەغریب" و بە قسەی ئەویان کرد، کوڕێکیان بوو، لەسەر داواکەی خۆی ناویان نەنا تا "خدر"ی پیاوچاک خۆی هاتەوە لایان، ناوی نا "مەمی ئالان" و بەو جۆرە چیرۆکەکە دەست پێ دەکات.

لە ئەفسانەی کوردیدا، ئەگەر ئەم وێنەی چاکییە و ئەو سێوی پاشلە لای خدری زیندەش نەبێت، ئەوا وێنەکە هەر ئادەمیزادە و دەروێشێکی هەژار و بەرگ شڕە و کەشکۆڵ و عەسایەکی هەڵگرتووە و کرداری چاک دەکات.

## چیرۆک، سەرگوزەشتە:

چیرۆک- کە لە ناو کورددا حیکایەت یا "نەقڵ"ی پێ دەڵێن و لە ناو کوردی لوڕدا "مەتەڵۆک"یشی پێ دەوترێ. بەشێکی گەورەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.

چیرۆک، بەرەو پێش چوونێکی مێژوویی ئەفسانەیە و لە ڕووی داڕشتنەوە لەو دەچێت. هەرچەندە لە ڕووی کەرەسە و ناوەڕۆکەوە هەندێ جیاوازییان هەیە.

کەرەسەی ئەفسانە لە خەیاڵی و پڕوپووچەوە وەرگیراوە، بەڵام کەرەسەی چیرۆک لە ژیانەوە وەردەگیرێ. کەرەسەی چیرۆکی کوردی هەر گیانلەبەرە، ئیتر یا ئاژەڵە، یا مەل و باڵندەیە و، بەشی گەورەی کەرەسەکەشی ئادەمیزاد خۆیەتی.

چیرۆکیش وەک ئەفسانە، دەماودەم و پشتاوپشت دەگێڕرێتەوە، هەر

(٢٤) مەمی ئالان، شام ١٩٥٨. ل ٣، ٤.

حیکایەتخوانە "چیرۆکبێژ"ە، وشەی تایبەتیی خۆی هەیە لە دارِشتنیا. هەندێ جار لە رِووی خەیاڵەوە چیرۆکیش دەچێتەوە سەر ئەفسانە، هەرچەندە خەیاڵەکەی چیرۆک زۆر لە ژیان دوور ناکەوێتەوە، با قارەمانەکەی چیرۆک هەندێ کاریش بکات کە لە وزەی مرۆڤدا نەبێ.

تێکرِا کەسانێ کە لە چیرۆکدا نیشان دەدرێن کەس یا گیانلەبەری خەیاڵی نین. با هەندێ کردەوەشیان دوور بێت لەوەی کە لە رِاستیی ژیان خۆیدا هەیە. ئەمەیان خەیاڵی هێنانەدی کرداری گەورە گەورەیە، کە ئاواتی ئادەمیزاد، ئاواتی گەلە، کە بەرەو ژیانی بەختیار برِوات و ژیانی بەختیار بنیات بنێت. جا لەو پلەیەی مێژووی گەلدا کە ئەو چیرۆکانەی تێیدا هاتووەتە کایەوە کە لە ژیانی رِاستەقینەدا توانای هێنانەدیی ئەو شتانە نەبووە، ئەوا ئادەمیزاد بە باڵی خەیاڵ بەرەو ئەو ئاواتە رِۆیشتووە.

چیرۆک بەرهەمی گەورەبوون و لە خەم رِەخسینی مرۆڤایەتییە. دیمەنی کێشەی ئادەمیزاد لەگەڵ سروشتدا و ئادەمیزاد لە ناو خۆیاندا، لە پێناوی ژیاندا پیشان دەدات.

هەندێ چیرۆک باسی رِووداوێکی مێژوو دەگێرِێتەوە کە لەلای میللەت و لە یادیا پەیکەرێکی جێ هێشتووە. ئەم چیرۆکە خەیاڵی ئەفسانەی لەگەڵدا تێکەڵ دەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستاش لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلاندا هەر بەرهەم دێت.

لە رِووی فۆرمی هونەرمەندانەوە، سەرگوزەشتە، زۆر درێژ نابێت و شێوەکەی زۆر ئاڵۆز نییە، هەروەک ئەو کەسانەی لە چیرۆکەکەدا پێشان دەدرێن بە ژمارە زۆر نین. هەندێ جار ئەم سەرگوزەشتانە بە هۆنراوە رِووداوی رِاستەقینەی ژیانی گەل دەخەنە رِوو.

ئەو چیرۆکانەش کە دەربارەی گیانلەبەری ترن، ئەوە یا دەربرِینی خەیاڵ و بیرکردنەوەی گەلن، یا سامبول "نیشانە. رەمز"ن.

ئەگەر نەختێ لەو چیرۆکانە ورد ببینەوە کە نووسراونەتەوە یا بیرێک لەوانە بکەینەوە کە لە کاتی منداڵیدا بیستوومانن، دەتوانین بڵێین هەردوو رِوو

دەگونجیٚ تێیاندا[٢٥].

ئادەمــیــزاد لە چەرخــێکدا چیــرۆکی بەدەم جـانـەوەر و ئاژەڵ و باڵندەوە هەڵبەستووە، کە لێکدانەوەی عیلمیی دوور بووە لە جیهانی گیانلەبەرانی تر، شتێکی دەگمەن نییە کە چیرۆکبێژی کورد سەرگوزەشتەی یەکێک دەگێڕێتەوە بڵێت: زمانی هەموو گیانلەبەرێکی دەزانی، کەواتە تا ئەو کاتە ئادەمیزاد وای زانیوە کە گیانلەبەری تر زمانی تایبەتی خۆی هەیە[٢٦].

نەڕەی شـێـر و زیقـەی چۆلەکـە و زیڕەی پڵنگ و خـوێندنی بولبـول، مـانـای تایبـەتییـان تێدایە و خـۆیان یا ئادەمیـزادیٚ کە زمـانی گیانلەبەرانی تر دەزانیٚ تێیـان دەگات[٢٧]. بەم جـۆرە هـەموو ڕووداوێک کـە لە ژیانی گیـانلەبەرانی تردا دەبینریٚ کراوە بە ڕواڵەت و ڕاستییەکەی بەزمانی کەسێکەوە دەگێڕرێتەوە کە زمانی ئەو گیانلەبەرانە دەزانێت.

ئەمە ڕوویەک– ڕووەکەی تر ئەوەیە کـە ئەم جانەوەر و ئاژەڵ و باڵندەیە تەنیا نیشانە بن و لەودیو پەردەوە و بەناوی ئەمانـەوە ژیانی ڕاستـەقینەی کۆمـەڵ و ئادەمـیزاد بخـرێتـە ڕوو. ئەم جـۆرە چیـرۆکـانە لە ئەدەبیـاتی زۆربەی گـەلاندا هەن، چ لـە ئەدەبیـاتی نووسـراودا و چ لە فـۆلکلۆردا. "کلیلـە و دیمنە" کـە بە مــیـراتێک دەژمـێـرریٚ بۆ هـەمــوو گـەلانی ڕۆژهـەڵات، نموونەی بـەرزی ئەم وێژەیەیە.

شـێـر وێنەی پاشـایە– زۆر کـاتیـش هـەر دڕندەیە و سـروشـتـی جانەوەرانەی خۆی تێک نادات. ڕێوی –وەزیر– یا دەست و پێوەندی فێڵباز و مەراییکەرە و

---

(٢٥) زیادەی چاپی دووەم: زۆر جـار ترس ڕاسـتـە و ڕاست لـە بیر دەربڕیندا وای لە مرۆڤ کردووە کە بیری خۆی بە زمانی جانەوەر و ئاژەڵەوە دەربڕێت.

(٢٦) زیادەی چاپی دووەم: ئەم بیرە تـا ئێستـا ناکۆکە لەگەڵ ڕای هەندیٚ زانادا کـە لایان وایە هەموو زیندەوەرێک زمانی خۆی هەیە.

(٢٧) ئەمە لە ڕاستیدا باوەڕێکی بە تینیشە بەتوانا و دەسەڵاتی ئادەمیزاد.

هەمیشە ڕێگەی خراپە نیشانی گەورەکەی دەدات.

ئەم چیرۆکانە ئەمڕۆش لە ئەدەبیاتی جیهاندا، تەنانەت لە ئەدەبیاتی ریالیزمی "واقیعی"شدا دەبینرێن. ئەم چیرۆکانە لە بەرگی ئەمڕۆیاندا پەرەپێدانێکی وێنەی جانەوەر و ئاژەڵ و باڵندەیەکی ئەدەبی فۆلکلۆری گەلە.

بە کورتی ئەم چیرۆکانە شەقڵی تایبەتیی دەورێکیان پێوەیە کە ئادەمیزاد وردە وردە شارەزای ئەم گیانلەبەرانە بووە و کەوتووەتە ماڵیکردنیان و مەترسی لە زۆربەیان ماوە، نە لە پێکهاتن و پەیدابوون و دروستبوونیان سەری سڕماوە، واتە تیۆری زانین لە کۆڕی فەلسەفەی شارەزابوونی جیهاندا پلەیەکی تر چووەتە پێشەوە.

بۆ چیرۆکی کوردیش، وەک وتمان ئادەمیزاد قارەمانی بنەڕەتییە. گەلی کورد، هەر لە بەرگی ئەم ئادەمیزادەی ناو چیرۆکدا، گیانی ڕاستەقینەی خۆی پێشان دەدات. قارەمانەکە لە ژیاندا مەبەسێکی هەیە، لە پێناوی ئەم مەبەسەدا کۆڵدان نازانێت. ڕێگەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەگرێتە بەر. حەوت کاڵای ئاسن لە پێیدا وردوخاش دەبێت، تا دەگاتە مەبەس[٢٨].

مەبەسیش لە زۆر کاتدا ژیانی بەختیارە. پاروە نانێکە کە بە ڕەنج و ئازار پەیدا کرابێت نەک بە دانیشتنی سای سێبەر.

هەر بەشە لە ئەدەبی گەل، ڕووخسارێکی سروشتی گەل پێشان دەدات. چیرۆکی کوردیش گۆڵنەدان و وەفاداری و بە ئەمەگی و ژیریی نەتەوەکەمان دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە[٢٩]: چیرۆکی بە گەرد و فەرگەرد[٣٠] چیرۆکی بەختیار

(٢٨) زیادەی چاپی دووەم: هەروەها زۆر جار قارەمانی چیرۆک بە ڕێگەی هات و نەهاتدا بەرەو مەبەس دەڕوات.

(٢٩) بەداخەوە، لەم بەشەی ئەدەبی گەل، وەک ئەوانی تر زۆر کەمی لێ کۆکراونەتەوە. وە ئێمە لێرەدا ویستمان پشت هەر بەچاپکراوەکان ببەستین.

(٣٠) مێژووی ئەدەبی کوردی ل ٥٨٩.

و بەدبەخت[٣١] هەردووکیان سەرگوزەشتەی هەوڵدانن لە پێناوی پاروە ناندا.

خەیاڵی ڕۆمانتیکی قارەمانی چیرۆک بە ڕێگەی نەهاتا دەبەن، پاش ئەوەی لە ژیانی کلۆڵی و بێ دەرەتانی وەڕس دەبن. کوناوکون و شارە و شار بۆ پارووی نان- بۆ ژیانێکی بەدەرەتان خۆیان فڕێ دەدەنە ئاو و ئاگرەوە.

ئەم خەیاڵە لە سەرەتاوە تا ئەنجام- کۆڵەکەی چیرۆکەکانە، بۆیە بەڕێککەوت قارەمانی چیرۆک دەکەوێ بەسەر کووپە زێڕدا و دەکەوێتە بەختیارییەوە[٣٢].

هەرچەندە ئەنجام ئەمەیە، بەڵام ئەم چیرۆکانە هەر لە کۆڕی ڕەنجکێشانەوە هەڵدەقوڵێن و لەو ئەتمسفێرەدا[٣٣] دەژین و دەگەنە ئەو ئەنجامەی پەندی پێشینانی بەناوبانگی کوردان «دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە» دەریان دەبڕێ.

ئەم چیرۆکانە ئەوە دەردەخەن کە پیاو بە ئیش و هەوڵدان نەبێت ناگات بە ئامانج، گیانی سست نەبوون و ورە بەرنەدان لە پیاودا بەهێز دەکەن.

لەم چیرۆکانەدا هەمیشە دڵپاکی و خێرخوایی و چاکە و ژیری و وردبینی بەسەر ناپاکی و پیسی و هەڵەشەییدا سەردەکەوێت: ... پیاوەکە کە ئەمەیان لێ دەبیستێ و چاوی بەو دیمەنە دەکەوێ، پەنجەی خۆی دەگەزێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «لێک نەدانەوە و دوای کڵاوی بابردوو کەوتن، کارەساتی لەوە گەورەتریش بەسەر مرۆڤدا دەهێنێ. چاک وایە ژیری بەکار بهێنم و بەهەر ڕەنگێ بێ شیوەنەکەیان پێ بەربدەم و بیان بەمەوە ماڵێ[٣٤].

چیرۆکی کوردی تەواو بە ژیانی گەلەوە لکاوە، لە ژیاندا هەوڵدان، لە

---

(٣١) توفيق وهبي. قواعد اللغة الكردية. ج ١. بەغدا ١٩٥٦. ل ٤٥.

(٣٢) هەر ئەوێ ل ٤٩.

(٣٣) جو، مناخ، ئاووهەوا.

(٣٤) نووری عەلی ئەمین: چیرۆکی "کاکۆڵ زێڕین و دان مرواری". بەغدا، ١٩٦٥. ل ٢٤، ٢٥.

هەوڵدانا کۆڵنەدان، لە کاردا بەردەوامی و ساردی نەزانین، لە ئەڤین و دڵداریدا وەفاداری، لە مەبەسدا سووربوون لەسەر گەیشتنە ئامانج. ئەمانە سروشتی مێژوویی نەتەوەی ئێمەن و بەسادەییەکەی خۆیان ڕێگەیان بەرەو ئەو بەرهەمە ڕەنگینەی گەل گرتووەتەبەر کە چیرۆکی پێ دەڵێن. خوێنەرەوەی کورد و بێگانە لە هەموو چیرۆکێکی کوردیدا دەتوانێ ئەم ڕەگەزە بەدی بکات و لە یەکیان جیا بکاتەوە و بیانکاتە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و کۆمەڵایەتی. ئەم چیرۆکە کوردییانە هەر بەرهەمی خەیاڵ نین، تەنانەت هەر خەیاڵێکیش نین کە لە ژیانەوە وەرگیرابن، وەک لە زۆر بەرهەمی ئەدەبی نووسراودا دەبینرێن. بگرە زۆر جار چیرۆک ڕووداوی مێژوویی دەگێڕێتەوە، یا ژیانی ڕاستەقینەی کەسێک یا قارەمانێک یا فەرمانڕەوایەک دەگێڕێتەوە کە لە مێژوودا ناسراوبێت. وە پێویستیش نییە، بەڵکو ناشێ کە کتومت سەرگوزەشتەکە چۆن ڕووی داوە هەروەها بگێڕرێتەوە. بەڵکو خەیاڵی چیرۆکبێژ و سەرگوزەشتە گێڕەرەوەکە و ئەو کەسانەی دوای ئەو "پشتاوپشت" دەیگێڕنەوە، شتی تازەی دەخەنە سەر و خەیاڵی تێکەڵ دەکەن. بە کورتی دیمەنێکی خەیاڵ و لێ فراوانکردنی میللەتیشی تێدایە. بۆیە دەبینین ڕووداوێکی مێژوویی، یا سەرگوزەشتەی کەسێک، زۆر زل دەکرێت، گەلێک کردەوەی بە ئەقڵدا نەچوو دەدرێتە پاڵ قارەمانی چیرۆکەکە.

سەرگوزەشتەی قارەمانێتیی کوردی. زۆر لە چیرۆک زیاتر شەقڵی تایبەتیی نەتەوەی کوردی پێوەیە. نموونەی بەرزی نووسینەوە و پوختەکردنەوەی ئەم سەرگوزەشتانە "دوانزە سوارەی مەریوان"(٣٥) "مەحمو ئاغای شیوەکەل و"(٣٦) "شەریف هەمەوەند"ی(٣٧) پیرەمێردن، کە وێنەی

(٣٥) پیرەمێرد. دوازدە سوارەی مەریوان. سلێمانی، ١٩٣٥.

(٣٦) پیرەمێرد. پیەسی تمثیلێکی ڕاستی تاریخی. سلێمانی، ١٩٤٢.

(٣٧) ئەم چیرۆکەیان تا ئێستا چاپ نەکراوە، وەک بیستوومە لە کاتی خۆیدا لەسەر شانۆ، لە سلێمانی. بەچاودێری پیرەمێرد خۆی و یارمەتیی بێکەس پێشان دراوە، لە کاتی خۆیدا قەدەغە کراوە. نازانم دەستنووسی ئەم بەرهەمە لە کوێ هەیە.

فۆلکلۆر و ناو خەڵکی ئەم سەرگوزەشتانەی هێناوە و خامەی هونەری خۆیی بۆ خستوونەتە کار.

ئەم چەند وشەیەی پیرەمێرد- کە لە ساڵی ١٩٣٥دا کردبوونی بەسەرەتای "دوانزە سوارەی مەریوان" باشترین قسەن بۆ ئەوسا و ئێستای چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی. پیرەمێرد نووسیویە:

«مناڵ بووم، هەرچەندە بەیتی دوانزە سوارەیان بۆ دەکردم، بەو منداڵییە خۆم بە پاڵەوانێک دەزانی.

کە داراغا دەیگوت:

کورگەل فیدای هەڵمەتی شێرانەتان بم، ڕۆژێکە و ئەمڕۆ ڕووی خاکەکەتان سپی کەن. منیش بە خەیاڵ خۆم ئەدایی، ئێجگار کە دەیانخوێندەوە.

جوامێر ئاغای ڕەنگینە پڵنگی چنگ بە خوێنە من ئەوەندەی تر شەیدای دەبووم، ئینجا زۆر ئاواتەخواز بووم، کە بۆم هەڵکەوێ ئەم دوانزە سوارەیە بنووسمەوە، بەڵام هیچ بەڵگە و بناغەیەکم دەست نەکەوت، منیش ڕاست و ڕەوان، باوکم چۆن لە باپیرمی بیستووە و منیش چۆن لە باوکم بیستووە وا نووسیمەوە، وە ئەمەش ڕاستییەکەیەتی.

ئۆف شاعیرەکانی پێشین...»(٣٨).

---

(٣٨) پیرەمێرد. دوازدە سوارەی مەریوان. سلێمانی، ١٩٣٥ "سەرەتا".

# داستان

## سەرەتایەکی تیۆری:

داستـان، یاخـۆ "پۆیەم" یا "ئیـپۆس"، لە ئەدەبی جیـهـاندا و لە مـێژووی درێژی بەرەو پێشچـوونی ئەم ئەدەبەدا، جێگەیەکی تایبەتیی هەیە. داسـتان لە ئەدەبی فـۆلکلۆری گەلانـدا و لە ئەدەبی نووسراوەیاندا، لە زۆر دیمەن و ڕووخسـاردا و لە ناوەڕۆکیشدا -زۆر بەناو یەکدا چوو- ون و لە یەکتر دەچن. ئەم ڕاستییە لە ئەدەبی فۆلکلۆر و نووسراوی کوردیشدا هەر وەک ئەوی گەلانی ترە.

"ئیــپــۆس" بە جــۆرە ئەدەبێکی هـونەرمــەندانە دەڵێن، کــە کــەرەســەی ڕاستەوڕاستی- شتێکی مەوزوعی "ئۆبجەکتیڤ"ە، ڕاستیی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکەوە دەهێنێتە دەرەوە.

ئیـپـۆس، بەرهـەمێکی چیـرۆکئـامێزە، لە فۆرمـی وێنەدا، باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندیی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێشچوونی مێژوویی دەردەخا.

لە بەرهـەمی داسـتـانا، هەر ڕووداو و باری ژیانی ئادەمـیزاد بە تـەنیـا نییـە، بگرە ئـاواتی ئادەمـیـزادیش دەخرێـتە بەرچاو. جیـاوازیی بنەڕەتیی ئیـپـۆس لەگەڵ لیریکدا ئەوەیە کە کەرەسەی لیریک جیهـانی ناو دەروونی ئادەمیـزادە، ئەو هەستانەیە کە لە ئەنجامی جموجووڵی ژیاندا دروست دەبێ و دەردەپەڕێ، ئەویش وەک هۆنراوەی داسـتـان، مـەبەسی ئەوەیە لە وێنەیەکدا نەخشـەیەکی فراوانی ژیان بخاتە بەرچاو.

ئیـپـۆس، لە ڕێڕەوی گەشـەسـەندنیدا مـێژوویەکی درێژ و دەوڵەمـەندی هـەیە. زۆر بەتین بەسـتـراوە بە گەشـەسـەندنی گەلەوە. بۆیە دەبێ لەوە بگەین کـەوا ئیـپـۆس کـە لە خـۆیدا ڕووداوێکی مـێژووییـە، لای هـەمـوو مـیللەتان چوونیـەک

پەرە ناسێنێت. گەشەسەندنە فراوانەکەی داستانی یۆنانی کۆن شتێکی دیارە. ئەمڕۆش داستان لە ئەدەبی ئەوروپادا جێگە و دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە.

ڕۆژهەلات هەمیشە خاوەنی لیریکی ڕەنگین بووە. بەڵام لە زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتدا تا ئێستا لە مەیدانی ئەدەبی نووسراودا[٣٩] دان بە داستاندا نەنراوە. وا سەرلەنوێ لە ئەدەبی نووسراودا داستان دێتەوە کایەوە. ئەمەش خاسیەتێکی تایبەتیی داستان خۆیەتی. ئەوەتا وردە وردە دەچێتە بەرگی پۆڤیستەوە. وەک گۆرکی دەڵێت، داستان دوو ڕێگە دەگرێت: دیالۆگ و وەسفکردن. ئەمە داستان لە دراما جیا دەکاتەوە، چونکە دراما تەنیا "وشەی پوختەکراو" بەکار دەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، "دیالۆگ"یش و وەسفیش هۆیەکن لە داستانا، بۆ ئەوەی دیمەنی چیرۆک بدەن بە داستان. لەبەر ئەمەش کە دیالۆگی دراما کە دێتە داستانەوە تەنیا بە فۆرم دەبێت و لە ڕێگەیەک بەولاوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، شتێکی تر نییە.

گێڕانەوە لە ئێپۆسدا- بەر لە هەموو شت- ڕاگەیاندنی سەرگوزەشتەیەکی ڕووداو یا شتی ڕاستەقینەی ئەوتۆیە کە بە جۆری ژیانەوە بەستراوە، هەڵوێست و پێوەندیی نێوان کەسانی چیرۆکەکە هەمووی دەبێتە "سووژێت".

بیلینسکی دەڵێ: سووژێتی داستان بەوە خۆی لە سووژێتی و دراما جیا کردووەتەوە، کەوا لە داستانا ڕووداو لە هەموو شت زیاتر دەسەڵاتی هەیە، لە درامادا ئادەمیزاد.

لە ئیپۆسدا بوون و ژیان قارەمانە، لە درامادا خۆیەتیی مرۆڤ. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە لە توانادا هەیە و دەشبێ داستان و دراما ئاڵوگۆڕێک لە نێوانیاندا ببێت و سوود لە گەشەسەندنی سووژێتی یەکتر ببینن.

دواشت- یەکێ لەو خاسیەتانەی سنوور بۆ داستان دادەنێ

(٣٩) مەبەس لە ئەدەبی نووسراو ئەدەبی پاش فۆلکلۆرە، کە خاوەنی دیارە و نووسراوەتەوە.

ئۆبجەکتیڤێتیی داستان خۆیەتی، ئەمە بە تەواوی ئیپۆس لە لیریک و تا ڕادەیەک لە دراماش جیا دەکاتەوە.

«ئیپۆس" کە بە یۆنانی مانای "وشە" و "چیرۆک"ە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا بەمانای داستان، مەسنەوی، بەیت، چیرۆک... هتد، بەکار دێت. بەڵام هێشتا بەتەواوی سنوور بۆ مانای ئەم وشانە دانەنراوە.. لە ئەدەبیاتناسی گەلێک دەوری جیاجیای مێژوودا وشەی ئیپۆس بە مانای پۆیەم و چیرۆکی مێژوویی و مەسنەوی و ئیپۆپیا بەکار هێنراوە(٤٠).

بیر ڕووناکی مەزنی یۆنان ئەریستۆ لە کتێبی "هۆنراو- پۆیەتیکا"دا وەسفێکی پڕ بەپڕی ئیپۆسی کردووە و هەوڵی داوە ئیپۆپیا بەکار هێنراوە(٤١).

هیگڵ کە تەماشای ئیپۆسی ڕۆژهەڵاتی کردووە. وتوویەتی ئەوەی لەو ئیپۆسەدا لە بەرچاوە ئۆبرەزی ڕەمزی و ڕووداوی ئەفسانەگەرییەکی وایە کە قارەمانی و ئازایەتیی مرۆڤ پێشان دەدەن(٤٢).

باسەکانی ناو داستانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵانی دواییدا نووسراون، دەچنە ناو گیانی ئەم سەردەمەوە و بە ناو ناکۆکیی نێوان بیری خۆیان ئەو بنکەی ژیانەدا تێ دەپەڕن کە هەیە، شاعیر دەگاتە ئەوەی کە ئەو کەرەسەی فۆلکلۆر یا مێژووەی لە نووسیندا بەکار دێت، ڕێگەی ئەوەی لێ ناگرێ کە کەموکووڕیی ژیانی ئەمرۆ بخاتە بەرچاو، نەخشەی ئەو دەورە بکێشێ کە تێیدا دەژی(٤٣).

---

(٤٠) شەفیعوڤا زومروود، ژانری پۆیەم لە هۆنراوەی ئێستای کوریدا، "ئەفتۆریفیرات بە ڕووسی" باکۆ ١٩٦٧. ل ٧.

(٤١) ئەریستۆ، "پۆیەتیکا"، چاپی ڕووسیی مۆسکۆ ١٩٥٧.

(٤٢) هیگڵ، "لێکچەرەکانی ئیستاتیک" چاپی ڕووسیی مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل ٢٥٧.

(٤٣) شەفیعوڤا زومروود، ژانری پۆیەم لە هۆنراوەی ئێستای کوردیدا، "ئەفتۆریفیرات بە ڕووسی" باکۆ ١٩٦٧، ل ٧.

## داستانی هۆنراوە

بەرهەمێکی هۆنراوەی چیرۆک سروشتە. ئەم بەرهەمە پێی دەوترێ "پۆیەمی ئیپۆس" و دەبێ لە "پۆیەم- ملحمة" ڕۆمانتیکی جیا بکرێتەوە. بنەڕەتی ئەم بابەتە سروشتە چیرۆکایەتییەکەیەتی. بەڵام ئەرکی "لیریک" دەربڕینی هەست و نەست و باری دەروونە و لەگەڵ ڕووداو و سەرەنجامی قارەماندا دەژی. هەندێ جار "پۆیەمی میللی" لە پۆیەمی داستان جیا دەکرێتەوە، چونکە ئەمیان ناوی خاوەنی دیار نییە و پێی دەوترێ "ئیپۆپیا" نەک "ئیپۆس"، کە ئەوەیان خاوەنی ناسراوە. ئەم ناوە بۆیە دانەنراوە کە ئیپۆسیا بکات بە ژانرێکی تازەی ئەدەبی و لە ئیپۆسی جیا بکاتەوە.بگرە تەنیا بۆ ئەوەیە کە داستانی میللی لەو داستانە جیا بکرێتەوە کە خاوەنی دیارە.

پۆیەم- مێژوویەکی درێژی هەیە. سەرەتاکەی لە دەورانێکی زۆر کۆنەوە، هەر لە کۆمەڵی خێڵەکییەوە دەست پێ دەکات. وە لە دەوری کۆیلەیەتیدا گەشەی سەند و لە دەوری دەرەبەگیشدا هەر لە پەرەسەندندا بوو.

پۆیەمی داستان لەم هەموو دەورانەدا، لە کۆڕی ئەدەبیاتدا وەک ژانرێکی بەدیمەن جێگەی خۆی هەبووە.

لەم دواییەدا پۆیەم بەتەواوی بوو بە ژانرێکی تازە، گەورەترین وێنەی ڕۆمانە، لەم ڕێگەیەوە پۆیەم جێگەی دیمەنەکەی خۆی لە کیس نەدا. هەر لەم کاتەدا پۆیەمی ڕۆمانتیکی لیریک زۆر گەشەی سەند و پەرەسەندنی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە بووە هۆی بەرزبوونەوەی پۆیەمی داستان، بەڵام لەسەر بناغەیەکی تازە، وەک لای "هاینە" و "نیکراسۆڤ" دەبینرێ.

دەورەکانی مێژووی پۆیەمی بەدیمەن، لەیەک جیان. بۆیە دەبێ لەسەر بناغەیەکی پتەوی مێژوویی بۆ لێکۆڵینەوەی پۆیەم بچین. هەموو جار سنوور بۆ دیمەنی جەوهەری، خاسیەتی نموونەییەک دابنێین کە پێوەندیی بەم ژانراوە هەبێت و بەسترابێت بە پێوەندیی کۆمەڵایەتییەوە.

هەرچەند هەوڵی ئەوە درابێت کە سروشتی پۆیەم لە زروفی کۆمەڵایەتی جیا

بکرێتەوە، ئەم هەوڵدانە سەری نەگرتووە.

پۆیەمی یۆنانیی کۆن- وەک ئەوانەی هۆمیرۆس، لە بنەڕەتدا لە پۆیەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وەک ئەوی "دانتی" جیایە. سەدەی تازەش مۆری تایبەتیی خۆیی ناوە بە پۆیەمەوە بۆ ئەوەی سروشتی پۆیەم باش بهێنینە بەرچاو، پێویستە با بە شێوەیەکی تێکڕاییش بێت، دوای مێژووی گەشەسەندنی بکەوین و خاسیەتی جیاوازی هەموو دەورێکی دەستنیشان بکەین.

دەبێ پۆیەم فۆرمێکی ئاڵۆزی هەبێت و لە گۆرانیی داستانی لیریکەوە سەری هەڵدابێ.

بە پێچەوانەی هونەری کۆنەوە، پۆیەم لە پلەی یەکەمیدا وێنەیەکی بەرهەمی گەلە. لە بناغەدا، پۆیەمی گەل گۆرانییەکی میللیی هێناوەتە بەرهەم، کە گۆرانیبێژی میللی لەگەڵ گۆرانیی تازەی خۆیدا یەکی خستووە. بەم جۆرە پۆیەمی میللی، ئەوی بۆ ڕووداوێکی گەورە تەرخان کرابێت، وەک ئاوێنەیەکی تایبەتیی گۆرانییش تەماشا دەکرێت.

پۆیەم لە دەورانی ڕژێمی خێڵەکیدا، لە کاتێکدا کە لە ژیانی کۆمەڵایەتییا چاکەی کۆمەڵە خەڵک قازانج و بەرژەوەندیی تاقە کەسی ون دەکرد و گیانی کۆمەڵایەتی لە هۆشی خەڵکیدا جێگیر بوو، لەو کاتەدا سەری دەرهانی.

ئەم ئاوێنەیە، هەر ئاسایی وێنەی ئەو ڕووداوە گرینگانە پێشان دەدات کە خەڵکیان دەهێنایە جونبوش. یا وێنەی ئەو کەسانەی تێدا بوو کە سوودیان بۆ گەل هەبوو، وە بە کرداری گەورە جێگەی بەرزیان بۆ خۆیان گرتووە. بەم جۆرە لە یۆنان "ئیلیادە" لە فەڕەنسە "بەیتی ڕۆلاند". لای ئەڵەمان "بەیتی نیبێلونگ"، لای فارس "شانامە" لە هیندستان "مەهابەهارتە" و "رامەیانە" و لە ئیسپانیا "بەیتی سەید" و لە ناو ڕووسدا "وشەیەک دەربارەی ئیگۆرۆڤ" و لە فینلەندە "کەڵەڤالا" هاتە بەرهەم. کە پەیدابوونی پۆیەم دەبەستین بەفاکتەوە، یا بە کەسانی مێژووەوە، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە پۆیەم تۆمارکردنێکی

مـێـژوو نیـیـە. بگرە بەرهـەمـێکی سـەر زمـانە، پشـتـاوپشت دەوترێتـەوە و دەمـێنێـتـەوە. گـۆرانیـبـێـژی، هـەر پشـتـە هەندێکی لێ دەگـۆڕن و هـەنـدێکی دەخــەنەســەر، ئـیـتــر چ لە ڕووداوا بێت یا لـە کــەسـانـدا. بەم جـۆرە هـەمــوو پۆیەمـێکی مـیللی بـە هـەر سـەدە و تیـرەیەکـدا تێـپـەڕ بووبێت، چەند ڕووداو و کـەسـی لەگـەڵ خــۆیدا هـەڵگرتووە. وە ئـەوی هێــشــتــووەتـەوە کـە لە کــاتی دروسـتـبـوونی پۆیەمــەکـەدا هەبووە. بۆیە لەم جـۆرە پـۆیەمـەدا دیمەنـی تاقـە کـەسێک یا ڕووداوێک بە تەنیـا نابینـرێ، بگرە گـەلێک کـەس و ڕووداو تێکەڵ بەیەک بوون.

نموونەی کلاسیکیی پۆیەمی داستان "ئیلیادە" و "ئۆدیسا"ی هۆمیرۆسە. لە ڕووی کاتەوە، ئەم پـۆیەمانە هەرە کۆنترین بەرهـەمی ئەم ژانرە ئەدەبییەن. ئەم پۆیەمـانە بەرهـەمی سـەدەی نـۆیەم و هـەشـتـەمی (پـێش. ز)ن. واتە ئەو کـاتەی تازە لە یۆنـاندا جیـاوازی کـۆمـەڵایەتی و چینایەتی پەیدا بووبوو، کـە هێشـتـا ڕژێمی یۆنان لە خێڵەکێتییەوە نزیک بوو. ئـا لەو زەوییەدا "ئیلیـادە و ئۆدیسـا" هـاتنە بەرهـەم. هـەر لـە ڕێگـەی بـە قـــوولّی ڕوانینـە ئەو کـــۆمـــەڵ و ژیـانی کۆمەڵایـەتییەوە کە "ئیپۆپیا"ی تێدا بوو، دەتوانین لەو ڕووخسـارە مێژووییـیەوە بگەینە ناو دەروونی قارەمانی داستان و لەو شتە بگەین کە دووبارە نابێتەوە.

ئیـپـۆپیا: لە ئەدەبی جیـهـاندا، ئـەمـە بە داسـتـانی هۆنراوەی مـێـژوو دەڵێن. ئەمە بەرزتـرین فۆرمـی هۆنراوەی داسـتـانـە. وە زۆر لە زووەوە دان بەوەدا نـراوە کە "ئیپۆپیا" تاجی سەری هونەری کلاسیکییە.

ئیپۆپیـا- لە ڕووی "گرێ"وە زۆر ئاڵۆزە. ئەو ڕووداوە گەورانەی مـێژوو، کە لە "ئیـپـۆپیـا"دا دەردەکـەون، لە ڕووداوی مـێـژوویی سـەربەخـۆوە هـاتوون و ئاڵۆز بوون، بەڵام ئـاڵۆزبوونەکـە ناگـاتە ئەوەی کـە "گـرێ"ی داسـتـانەکـە بپـچـڕێ و هۆنراوەکە ببێتە بەشێکی سەربەخۆ و یەکێتیی هونەرمەندانەی تێدا نەمێنێت.

هـونەری هـۆمـــیــرۆس لـەوەدایە کــە تـوانیـــویـەتـی دەست بـە ڕووداوێکی درامــاتیـکیـیــەوە بگرێت و شــتــەکـانی تر بەوەوە ببـەسـتـێ. بۆ نموونـە- لە "ئیـلیـــادە"دا بە درێژی و تەواوی دەست ناداتـە خـــســـتنـە ڕووی دە ســـاڵەی

ئابڵــــۆقـــەدان و گـــرتنی شـــاری "ترا"ی ئاســـیـــای ناوەڕاست لەلایەن یۆنـانیـــیــەکــانەوە- بەڵکو تووڕەییی ئاخـیلۆس گـــەورەترین تاوە- لە ناو پۆیەمەکەدا.

تاو "لحظة" یا "لووتکەی گرێ"ی ناوەندیی هەڵبژاردووە و زۆر لەسـەرەخۆ و ئاسانی داستانەکەی بەستووە بە بەهانەی گەورەی هێرشەکەی یۆنانەوە، بەوەوە کـــە پارس "هێــلانە"ی جـــوان دەدزێ و بە کـــوشـــتنی "پاترۆکلۆ" و "هیکتۆر"ەوە.

خاسیەتێکی "ئێپۆپیا" لە هێواشکردنەوەی ڕووداودایە. دەبینین کەوا زۆر جار لە "ئیپۆپیا"دا کاتی وا هەیە کارەساتەکە لە جێی خۆیدا دەگیرسێتەوە، بەڵام ڕاگرتنی ڕووداو و زروفێک لە چیرۆکدا پێک دێنێ کە باری سەرنج و ئۆبجەکتیڤێتیی بەهێز بکات.

لە ئیپۆپیادا ڕێڕەوی ڕووداو و چیرۆک و پەرەسەندنیان، بێ ئەوەی نووسەر خۆی بچێتە کۆڕەوە، ڕێ دەگرێتەبەر. تەنانەت یەکسەر بایەخدان بەم یا ئەو ڕووداو ناخـــرێتـــە فـــۆڕمـــێکی ئاشکراوە، بگرە لە ڕێگەی کـەســـانی ترەوە دەردەخرێ. وەک نێستۆر و خواکانی یۆنان لە "ئیلیادە"دا.

ئیپۆپیا سروشتێکی مەزنی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە قسەیەکی هێواشی ڕێکوپێکی، لەســـەرخـــۆدا و لە ڕیزە ناوێکی لەگـــەڵ یەکـدا گـــونجـــاو و لە بەراوردێکدا دەردەکەوێ.

ڕۆشنی و پوختەیی زمان و هەستکردنی تەواو، ئەوساش و ئێستاش لەم بەرهەمەدا هەر بینراوە و دەبینرێ. هۆمیرۆس زۆر بەڕۆشنی باری هەموو ئەو کار و ڕووداوانە دەخاتە ڕوو کە بەسەر یەک بەیەکی قارەمانەکانیا دێن. ئەمە زۆر بەوردی و بەشـــێـــوەیەکی ئاســـایی لەگــەڵ وەســـفی ناو دەروون و ئەو کەرەسانەدا یەک دەگرێت کە دەوری ئادەمیزادیان داوە.

هۆمـــیـــرۆس زۆر ژیرانە هێـــز و ڕووناکی ڕۆژ دەخـــاتە ڕوو، جـــاروبار لە تاریکیی شەوی جیا دەکاتەوە، زۆر بە وردی توانیویەتی وێنەی تیشکی ڕۆژ و

گەرداو و ئاگر و بریقەی شیر و ڕم نەخشە بکێشێ.

هەروەها پۆیەمی "مەهابەهارتا" و "رامایانا"ی هیندیش بریتین لە یادگارێکی کۆنی بەرهەمی داستان. پۆیەمی "مەهابەهارتا" لە سەدەی پێنجەمی "پێش. ز"دا نووسراوە، "رامایانا" چەند سەدەیەک پاش ئەوە. ئیپۆپیای هیندی لە دەورێکی تردا هاتووەتە کایەوە، هەندێ شتی تازەی هێنایە ناوەوە. هەندێ شتی جیا کە بە شوێنی خۆیەوە بەندە و هەندێ شەقڵی ئاشکرای تاقە کەسی تێدایە. ئەم نموونەیەی ئیپۆسی هیندی- کە شتێکی گەورەیە لە کەلچەری جیهاندا، باری سەرنج، لە دەروونی ئەو نەتەوە گەورەیەدا، لە پلەیەکی مێژووا دەردەخا. پاش ئەمانە، گەورەترین دیمەن پۆیەمی "ئینییدا"ی "ڤێرجێل"ە. ئەم پۆیەمە لە سەدەی زێڕینی ئەدەبیاتی لاتینیدا، واتە لە سالآنی ٢٩ تا ١٩ی سەدەی یەکەمی "پێش. ز"دا هاتووەتە کایەوە. "ئینییدا" وەک پۆیەمەکانی هۆمیرۆس، ڕووداوی گەورەی میللی دەخاتە ڕوو. ئەم ڕووخسارە لە داستانی هۆمیرۆسییەوە نزیک دەخاتەوە، بەلآم ئەم لە جەوهەردا لەو نموونە کلاسیکییە جیایە. چونکە ئەم مەبەسی ئەوە نییە وەک هۆمیرۆس میللەت بە بەرز بگرێ، بەڵکو مەبەسی گەورەکردنی "ئاگستۆسە". ئەوەش هەر لە خۆیەوە نەهاتووە کە قارەمانی گەورەی "ئینییدا" بە پیری گەورەی ئیمپراتۆرەکان دەزانرێ.

لێرەدا ئەم پەیڕەوە ڕەگەزێکی میتۆلۆجی یا بڵێین ئەفسانەیی هەیە و مەرجی مەراسیمی ئاینی بەجێهێنانی بۆ دروست بووە.

قارەمانانی "ئینییدا" هیچ مەبەستێکیان لا نییە و گیانیان ئازاد نییە و بە جۆرێکی نێگیتیڤی و ڕەشبین دەڕواننە دواڕۆژ. ئەمە هێز و ڕۆشنییان لە ناو دەدات.

ئەو زمانە داستانەکەی "ڤێرجیل"ی پێ نووسراوە، سروشتی بەرز و جوانی هونەرمەندانەی وشەکاریی تێدایە. لەگەڵ ئەمانەشدا "ئینییدا" هەر بەرهەمێکی ڕەنگینی میللی دادەنرێ، چونکە بە نەخشە و تابلۆی ڕۆشن، وێنەی سەدەی خۆی و پێوەندیی ناو خەڵکی ئەو سەردەمە دەردەخات. بۆیە بە

یادگارێکی بە نرخی ئەدەبیش دادەنرێ.

هۆی جیاوازی سروشتی ئینییدا لەگەڵ داستانەکەی هۆمیرۆسدا ئەوەیە کە پێشکەوتن لەو داستانەدا بەلای شتی تاقە کەسی "شخصی"دا دەچێت و لە زروفی کۆمەڵایەتی دادەبڕدرێ و ناچێتە ناو ئەو گۆڕانە بەتینەوە کە لە دەوری ساوایەتیی مرۆڤایەتیدا بەسەر بیری مرۆڤدا هاتووە. لەم سەدانەی دواییشدا هەوڵی داستان دانان دراوە، بەڵام سەری نەگرتووە و هەر دەبوو واش بێت. چونکە داستانی یۆنانی سەردەمی ساوایەتیی مرۆڤایەتیی نەخشەکێشاو بەسەرچوو.

مێژوو لەم دواییەدا هەندێ مەسەلەی هێنایە گۆڕەوە کە پێویستییان بە فۆرمەکەی داستان هەبوو، بۆیە داستانی وا هاتە بەرهەم کە داستانەکانی هۆمیرۆسیان کردبووە نموونە وەک "داستانە کلاسیکییەکان". بەڵام ئەمانە هەر بە تەواوی جۆرە داستانێکی تر بوون. هەرچەندە لەم دواییەدا جۆرەها داستانی جیا جیا پەیدا بوو، بەڵام ئەم تازانە بە جۆری داستانە کۆنەکانی یۆنان پەسند نەکراون. چونکە ئەو شێوە میللییە  و ئەو قووڵی و ڕاستیی ڕووداوەی تێدا نییە. ئەم دیمەن و ڕووخسارانەی داستانی میللی لەم دەورەدا شێوەی مێژوویی داڕشتنی خۆی لە چوارچێوەی ڕۆمانی دیمەن داستانیدا دیوەتەوە.

بۆیە "شەڕ و ئاشتی"ی تەلستۆی لەگەڵ داستانەکانی هۆمیرۆسدا بەراورد دەکرێت. ئێستا نموونەی ئەو داستانە کلاسیکییە بە تەواوی لە ڕۆمانی ئەدەبی ڕیالیزمی تازەدا بەرهەم دێت.

یۆنانی کۆن و ڕۆژهەڵاتیش گەلێک بەرهەمی داستانیان بووە کە هەندێکی سروشتی فەلسەفیی هەیە، هەندێکیان بە وردی ژێری "حیکمەت"ی دەربڕیوە و هەندێ جۆریان وردە وردە دەچنەوە سەر ئەفسانە(٤٤).

ئەم باسە تیۆرییەی سەرەوە هەرچەندە زۆرتر بەسەر ئەدەبی نووسراودا

---

(٤٤) بۆ ئەم باسەش- تەماشای "گۆلۆڤینچینکۆ" ل ٢٤٣- ٢٤٤ کراوە.

دێتـه دی، بـەڵام لەوەدا کـە کـۆنن و بەسـتـراون بەسـروشـتی گـەلەوە، زۆر لە فۆلکلۆر جیا ناکرێنەوە. هەروەها نـاتوانین بڵێین لە کوردیدا– شتی وەک بەشە نووسـراوەکـەی یۆنان و ڕۆمـانمان هـەیە– هـەروەک زۆربـەی گـەلانی سـەر زەمـینیش لەو بابەتەیان نییـە، بـەڵام لە فـۆلکلۆری کـوردیدا گـەلێک پۆیەم و ئیپـۆپیا هەیە کـە شـەقڵـە گـشـتـییـەکانی داسـتانی جـیـهانی و داسـتـانی فـۆلکلـۆریان تێـدا بەدی دەکـرێ و شــەقڵـی تایبـەتی فـۆلکلۆر و بەرهـەمی ناو کـوردەواریشـیـان تێـدا دیارە. هەروەک "سـەرچاوەی شـیـعـری کـوردی" هـەر بەرهەمی میللییـە، ئەم سـەرچاوەیە هـۆی ئازایەتی و مـەردایەتی دەرژێنێتـە داستانی قارەمانێتییەوە.

## داستانی کوردی و جۆرەکانی

سـەرەتای ڕێڕەوی گـەشـەسـەندنی ژانری پۆیـەم– لە بەرهـەمی خـەڵکدا، لە یادگارە نووسراوەکانی زوودا، پاشماوە دەوڵەمەندەکەی بەرهـەمی سەر زمانی ناو میللەت، ئەو هەمـوو داسـتـانەی لە سنگی خـەڵکدا پارێزراوە، هەروەها ئەو ئەسـەرانەی نووسـراونەتەوە، ئەمـانە هـەمـوو بناغـەیەکی زێڕین بۆ گـەنجینەی ئەدەبیاتی کوردی.

سـەرچاوەی باسـەکـانی، وەک لای هـەمـوو گەلانی تر، وا لە بەرهـەمی سـەر زمـانی مـیللەت، لە "فـۆلکلـۆر"دا، بەتایبـەتی لە داسـتـانی خـەیاڵیی کـۆن و لە ئەفسانەدا.

داسـتـانـی کوردی، هـەرچەندە لـە دیمەن و سیمـای گشـتـییدا لەو داسـتـانانە دەچێت کـە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی نووسـراوی گەلانی تردا هـەیە، بەڵام ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵایـەتی و ڕێبازی تایبـەتیی بەرەوپێشـچوونـی ئەدەبی کوردی خـۆی (بە فـۆلکلۆر و نووسـراوییـەوە) هـەندێ شـەقڵ و دابـەشکردنی لە جـۆر و ناو دیمەنی داستانی کوردیدا دروست کردووە کە تایبەت بە خۆیەتی.

لە سەر بناغەی ئەم ئەنجامە دەتوانین داستانی کوردی بکەین بە دوو بەشی بنەڕەتییەوە:

١- داستانی قارەمانێتی.

٢- داستانی دڵداری و ئەڤین.

داستانی قارەمانێتی دەکرێ بە چەند بەشێکەوە، یەکەمیان ئەو داستانەیە کە وێنە و دیمەنێکی خەیاڵی تێدایە با کۆڵەکەی باسەکەش ئازایی و قارەمانێتی بێت. ئەم داستانانە زۆرتر لە حیکایەتەکانی شانامەی فیردەوسی دەچن، کە لە کۆڕی داستانی قارەمانێتی و لە کۆڕی ئەدەبی فارسیدا ناوبانگی لە سنوور بەدەرە.

بەڵام ئایا ئەم داستانانەی فۆلکلۆری کوردی هەر تەواو ئەوەی شانامەیە یا شتێکی ترە؟

ئەگەر لە ناوی ئەم داستانانە بگەڕێین، ئەوا ناوی وەک داستانی "ڕۆستەم"، "ڕۆستەم بەگ"، "ڕۆستەم و زۆراب" دەبینین[٤٥].

وا دیارە تا ئێستا تێکستی فۆلکلۆری ئەم جۆرە داستانانە لە کوردیدا چاپ نەکراوە، وە چەند هۆنراوەیەک کە بەم ناوانەوە چاپ کراون، وەرگێڕانی فارسیی شانامەن.

بەڵام ئەگەر داستانی ڕۆستەم و قارەمانانی تری حیکایەت لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بێت، بۆچ دەبێ بەشی کوردیشی پێوە نەبێت؟ ڕەنگە زۆر لە خوێنەران ئەوەیان لە بیر بێت کە لە سالانی کۆندا. بەتایبەتی شەوانی ڕەمەزان، لە "قاوەخانە" گەورەکانی شارانی کوردەواریدا حیکایەتخوان، چیرۆکی ڕۆستەمی زاڵ و زۆراب و قارەمانانی تری بۆ خەڵک دەخوێندەوە و لە دەورێکی کۆنتردا خەڵکەکە هەموو هۆش و گۆشیان دەدایە کارەسات و ڕووداوی حیکایەتەکە. بەڵکو بە جۆرێک لەگەڵیدا تێکەڵ دەبوون کە هەر کەسە قارەمانێکی لەو حیکایەتە بۆ خۆی هەڵدەبژارد و لە زنجیرەی ئەو حیکایەتەدا کە هەموو شەوانی رەمەزانی دەخایاند، هەمیشە هیوای سەرکەوتنی

---

(٤٥) عوبەیدوڵای ئەیووبییان، چریکەی مەم و زین. کوردی: فارسی. تەورێز ١٣٣٩. ل ١٠.

قارەمانەکەی خۆیی بوو. تەنانەت لە کاتی حیکایەت خوێنەوەدا دەستەی هەر قارەمانە لە کونجێکی قاوەخانەکەدا لای یەکەوە دادەنیشتن و وەک ئاگەداری شەڕی ڕاستەقینەی نێوان ئەو قارەمانانە بن، بە دەست و بەدەم پشتی قارەمانی خۆیان دەگرت و لەگەڵ ژێرکەوتنیا ماتەم دای دەگرتن(٤٦).

ئەو حیکایەتانە لە ڕووی داڕشتن و فۆڕمەوە هەر وەک ئەو بەیتی کوردییە وابوون کە ئێستا لە کایەدان. واتە حیکایەتخوان بە قسە- یا بڵێین بە نووسینی پەخشان- ڕووداوی ناو چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە و لە هەندێ شوێندا بە ئاوازەوە دەنگی لێ هەڵدەبڕی و دواندنەکەی بە شیعر و گۆرانییەوە دەگێڕایەوە.

هەندێ کەس ئەوەیان لە بیرە کە ئەو حیکایەتانە فارسی بوون و هەندێ کەس- تاک تاک- بەیتی کوردیی ئەو داستانانەیان لە بیر ماوە. لای هەندێک وایە کە ئەمە وەرگێڕانێکی کتوپڕی و لە جێگەی خۆیدای "شانۆنامە" بوون، یا هەر وەرگێڕانێکی نووسراوی شانامە هەبووە.

دووەم- جۆری داستانی قارەمانێتیی کوردی ئەوەیە کە تەنیا پەردەی قارەمانیەتی و ئازایەتییەک دەگێڕێتەوە. زۆر جار داستانەکە دروست کراوە، بەڵام شتی بە ئەقڵدا نەهاتوو و لە باوەڕ و توانای ئادەمیزاد بەدەری وەک داستانەکانی شانامەی تێدا نییە. زۆر جاریش قارەمانی داستان کەسانی ڕاستەقینەن، بەڵام جیاوازیی ئەم جۆرە داستانە لەگەڵ داستانی مێژووییدا ئەوەیە، کە ئازایەتی لەم جۆرە داستانەدا بە مەسەلەیەکەوە نەبەستراوە، واتە هەرکەسێک لە کۆڕی ژیاندا بە قارەمان ناوی دەرکردبێ و ئازایەتییەکی نواندبێ ئەوا ڕووداوی ئەو ئازایەتییەی لە ناو کوردەواریدا داستانە و خەڵک دەگێڕنەوە. ئەمە لە ناوەڕۆکدا هەستی خەڵک بەرامبەر بە ئازایەتی پێشان دەدات ئەوە دەردەخا کە گەلی ئێمە پیاوی ئازای زۆر خۆش دەوێت.

ڕەنگە ئازایەتیی ناو ئەم داستانانە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بەدەر نەبێ.

---

(٤٦) وا دەزانم ئەم باسە سەرەتایەکی باشە بۆ باسی شانۆی کوردی.

بەڵام ئەوەیە کە لە ناو دێری داستانەکە خۆیدا دەبێ بە زەحمەت بۆی بگەڕێیت. لەم کۆڕەدا دەتوانین ناوی دەیان داستان بنووسین وەک: بەیتی شەریف هەمەوەند، بەشاری چەتۆ و ئەمی گۆزێ، عەزیز و تەکش و... هتد.

لەم داستانانەدا تەواو وێنەی قارەمان و بەجەرگیی پێشان دەدرێت. "سوارۆ" خۆی قارەمانی داستانی "سوارۆ"یە، لە داستانەکەدا تەواو وێنەی نەبەردیی ئەو پێشان دەدرێت:

سوار مەزنی، بە منی مەزنی
سەرت لە پۆڵای چنگت لە ئاسنی
هەر قەڵاتەکی دەچییێ ئەتۆی لە بنی
هەر حاکمێکی زەڕەندەیە ئەتۆی لە کنی
شا لەسەر تەختی ئەولایە لەبەر سامی تۆ ناسەکنی
سوار ئەمن ئەوی ڕۆژێم پێ جوان بووی
دەستت دەدا شیرێکی فەنەر(٤٧).

داستانی قارەمانیی کورد، کەرەسەیەکی دەوڵەمەندە بۆ وردبوونەوە لە گەلێک ڕووی ژیان و ئێستا و ڕابردووی کورد. لێرەشدا زۆر بەڕۆشنی کەرەسەی خووڕەوشت و سروشتی کوردان دەبینین. ئەم داستانانە هۆیەکن بۆ جێگیرکردنی مێژوو و تەخت و بەخت و ڕابردوو:

لەوی دەورم دەنۆڕی
لەوی زەمانم دەنۆڕی
لە دەوری "قوبادخان"م دەنۆڕی
لە دەوری شاهی ئەنەوشیروانم دەنۆڕی
هەتا ئەوی زەمانی
هەتا دەوری قوبادخانی

---

(٤٧) محەمەد تۆفیق وردی، فۆلکلۆری کوردی ، ب ١، بەغدا ١٩٦٨. ل ١٩.

هەتا دەوری شاهی ئەنەوشیروانی

هەتا دەوری جومجومە سوڵتانی

یەکێکم نەدیت وەکو سولەیمان بەگی میری هەریری

لە دیوانی پیسەڕۆمیان هەڵبستێ بە گرانی

ئەورۆکە سەری من دێشێ

دڵی لەشکری ئاریانی قەت هێدی نابێ

لەبەر گریان و لەبەر ئەوان هوردە گلەییان

ئەگەر ڕۆژم لێ هەڵهاتبا لە هەموو قەدەم و حەوشاران

دەداتن لەسەری هەریر و هەریر بەگیان(٤٨)

وەک دەبینین داستانی قارەمانێتیی کوردی وردە وردە لە خەیاڵەوە بەرەو شتی ڕاستەقینەمان دەبات. لە ئازایەتی و قارەمانێتییەکی سادە و تەنیاوە بۆ قارەمانێتیی مەبەستدار لاپەڕەی مێژوو. لێرەدا بەشی سێیەمی داستانی قارەمانێتیی کوردی دێتە پێشەوە. کە هەرچەندە لەسەر گەنجینەی فۆلکلۆر دەژمێردرێ، بەڵام لە زۆریانا دیمەنی تەواوی "ئیپۆسیا" هەیە. وێنەی تەواوی ڕووداو لە ڕووی مێژووەوە دەگێڕێتەوە. تابلۆیەکی مێژووی ئەو سەردەمە دەخاتە پێش چاو.

داستانی "شەریف هەمەوەند"، هەر وەک وێنەیەکی قارەمانی و پەردەیەکی ڕەنگینی کارەساتیش دەگێڕێتەوە و شەڕێکیش دەخاتە ڕوو کە برا برای تێدا دەکوشت، هەروەها لاپەڕەیەکیشە لە مێژووی کورد:

قەڵغانی زەردەماین چۆن دێنێ

هەوری لەسەری با دەیشەکێنێ

شەریف مەکوژن لاوی گەرمێنێ

قەڵغانی زەردە ماینی شێیە

---

(٤٨) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٧–٢٨.

دەنگی تەپڵـیـان دێ لە مـیـرەدێیـە
شـەریفی مـەکوژن دۆسـتی چاو لێیە
دەوری سلێـمـانیم پڕ شـیـو و پردە
جارچی جاڕیان دا لـەشکرمان گردە
دەڵێن سلێـمانی حـاکمـەکەی کوردە(٤٩)

ئاشکرایە کـە ئەم بـەیتـە شـەڕی شـەریف هـەمـەوەند دەگـێـڕێتـەوە لەگـەڵ بابانەکاندا، چونکە شەریف داوای میراتی میرێتیی دەکرد:

یاخـوا سـەربازان پەنجـەیان بشکێ
گـولێکیـان دابوو لە گـۆی مـەمکێ
لە جـێی ئەو گـوللەی زووخـاو دەتکێ
قـەڵغـانی زەردە مـاینی باڵەبان
دەنگی تەپڵیان دێ لە گردی سەیوان
هـاوار وە گـەڕێ تاڵان وە گـەڕێ
پاش شـەریفی کـەس با نەکا شـەڕێ(٥٠)

ئەم وێنەی قارەمانە، ئازا، کۆڵنەدەرە، مەردە، لە هەموو بەیتە کوردییەکاندا هەیە. هەر بەیتـە نەخـشـەی چەند گـۆشـە و سـووچی قـارەمـانی داسـتـان دەکێشێت. هەروەک لە پاڵ ئەوەشدا دیمەنی چەپەڵی "قارەمانی نێگێتیڤ"یش نیشان دەدات.

لە بـەیتی خـانزاد و لەشکریدا، چیـڕۆکـخـوان پاش ئـەوەی تـەواو سـەرگوزەشتەی خانزاد و لەشکری دەگێڕێتەوە، ئەوسا دیمەنە ترسناکەکەی ئەو کارەساتە و ئەنجامی ناپاکیی لـەشکری و لەناوچوونی تەختی خانزاد و میر سلێمان بەگ دەخاتە ڕوو.

---

(٤٩) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٨–٩.

(٥٠) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٨.

(«قـورتێ مـام لەشکری»، بـان بێ بزاوان، «زەویی چل پشـکێ»، لە باشووری فاتمێ لە زەوییەکە بە کوچک و کەڵەک، لە بارەکی تۆز و گەردیان وەردەدا.

هـاوار تـە لە مـن، لە پـاشی ئـەو ئاغـا سـولەیمـان بەگی کـوو بە فنجانەکی ژەهری دەست لە دنیایی بەردەدا)[51].

پاشان چیرۆکخوان دێتە سەر تابلۆی سەرەنجامەکە و دەڵێ:

سـەری من دێشـێ، دڵی لەشکری ئـاریانم چەندێ بەژانە، دەچوومـە ئەو هۆدە و دیوەخانەی سولەیمان بەگی سەراسەر لێی ڕاخرانە.

دەچوومـە هۆدەی خـولامـان شـیری "بەلـۆیی" بەداری وەدەکـرانە. ڕمی "نەسـیـری" سـەر سـینگۆڵان درێژکـرانـە، دەچوومـە تـەویلە و تەویلەخانە.

چەند بۆرەی خاڵ خاڵ کەویتی قاپڕەش
شێی ئارەبستانێ ناوەناو تێک ئێخرانە[52].

پاش ئەمـە لە ڕووی لاپەڕەی مـێـژوو و وڵاتی مـیـرەوە پەردەیەکـمـان پـێـشـان دەدات و دەڵێت:

قۆڵێکم هەڵدەدا لە بۆ "قـەمچووغە"ی مـوبارەک قۆڵی دیکەیان لە بۆ شەنەغە و گەزوەشانە.

قـۆڵی دیکەم هەڵدەدا لە بـۆ زێی زەهـاوی هـی دیکەیان لە بۆ سـەقز و بانە.

قۆڵی دیکەم هەڵدەدا لە بۆ سلێمانی مەملەکەتی کوردستانە
قۆڵی دیکەم هەڵدەدا لە بۆ شنۆیێی مەملەکەتی جانە
حەیف و سەد مەخابنێ دنیایی

---

(٥١) محەمەد تۆفیق وردی، خانزاد و لەشکری. بەغدا، ١٩٦٠، ل ٢٢.

(٥٢) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٣.

له پاشی ئەو ئاغا سولەیمان بەگی
تاژی و تووله ئەگەڕێن بەبێ خودانە[٥٣]

وێنەی قارەمان لە داستانی کوردیدا زیندووە، لە جێگەی خۆیدا نەمەییوە، بگرە لە بزووتنەوە و بەرەو پێشچوون و پەرەسەندن و گەیشتنە پڕیدایە.

هەر لە داستانەکەی "سوارۆ"دا ئەم جۆرە وێنەیە دیارە و ئەو چەند دێرەی سەروو دیمەنی ئەوەن.

ئەم داستانانە بە وێنەی تاقە قارەمانێکەوە ناوەستن، بگرە تابلۆیەکی تەواوی مەیدانی جەنگیش دەخەنە ڕوو، ئەوە دەردەخەن کە قارەمان لە سوپاکەی دانەبڕاوە بگرە ژیان و سەرکەوتنی هەر بەگەلەوە بەستراوە:

لەشکرێک هەڵستاوە لەشکری "شام"، "شیرازان"
پێشی دەشتە سەر عەسکەران دوایی ڕادەوەستا،
لەسەر چۆمی "کافوور" و ئارازان...
دەپەڕییەوە بە حوکمی کەڵەک و گەمیان
کیژ دەڵێ دەستی منو دامێن بێ زینان بەرنە کن
سەڕاجان شیران بەرنە کن شیرگەران...
تفەنگان بەرنە سەر چەخماخسازان[٥٤].

ئەم دیمەنە لە داستانی "عەزیز و تەکش"یشدا بە جوانی بەدی دەکرێ، لەشکری "مەنمی" لەو داستانەدا گەورە و بێ سنوورە و هەرگیز لەبن نایەت:

سوارەل مەنمی سەف بوون وەجەم
سەرعەزیز دەرکەن لەشکر عەجەم
عەزیزوە لاکەل، تەکش وە هەفتیر
هاوەختە بیو حەسەن خولەشویر

---

(٥٣) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٤.

(٥٤) فۆلکلۆری کوردی، ب ١، ل ٢١.

ماینەکەی تەکش لەوەستان نایی

لەشکری مەنمی هیچ دوایی نایی(٥٥)

ئەم داستانانە لە وێنەیەکدا تەواو قارەمان دەبەستن بە خاکی نیشتمانەوە.

لە داستانێکی یۆنانیدا قارەمانەکە "ئانتی" کوڕی زەمینە، کەس زەفەری پێ نەدەبرد، چونکە پێی تەواو بە زەمینا داکوتابوو، گەرمی و گوڕ و ئازایەتیی لە زەمینەوە وەردەگرت، تا پاڵەوانێک "هیرگۆلیس" پەیی بەم نهێنییە برد و هات یەکسەر پێی قارەمانەکەی لە زەمین بڕی. بەو جۆرە دای بە زەویدا و زەفەری پێ برد(*).

داستانی کوردی ئەم ڕاستییەی لە شێوەی جوان و ساکاردا داڕشتووە. خۆشەویستی نیشتمان و جوانیی سروشتی وڵاتیش لە پاڵ قارەمان بە نیشتمانەوە بەستندا دەردەخات.

قارەمان بریندار دەبێت. چارەسەکەری تەنیا سروشتی خاکەکەی خۆیەتی:

**کیژ دەڵێ: دەستی منوو بە دامێن بێ**

**لە بۆم بڵێن بەوان حەکیمان**

**شتاقە دەستانی نەکەنێ**

**ئەبخۆم مەڵحەمێکی لە بۆ دەگرمەوە**

**لە حێلی، لە دار چینی، لە قەنەفڵی، لە وردە گوڵی،**

**لە تۆزی شەدێ، لە ژەنگی گوارێ،**

**لە ئارەقی دەبەر گەردەنی!!..**

**دەی هاوێمە سەر برینی دەوی برینداری**

**نەبادا لە منی سەرشینی بێنێتە تەشەنی(٥٦)**

***

---

(٥٥) مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ١٤١.

(*) فەرهەنگی ئەدەبی. ل ٨٤.

(٥٦) فۆلکلۆری کوردی، ب ١، ل ٢١– ٢٢.

گەورەترین ئیپۆسی کوردی، بەتایبەتی ئەوەی کەرەسەی مێژوویین و فۆلکلۆری تەواو دەربارەی مابێت ئەوە بەیتی "قەڵای دمدم"ە، کە لە ناو خەڵکدا بە "دمدم"یش و بە بەیتی "خانی دەست زێڕین"یش ناوبانگی هەیە.

ئەم ئیپۆسە خەباتی سالآنی ١٦٠٨- ١٦١٠ی کوردان دەگێڕێتەوە بە سەرکردایەتیی ئەمیرخانی یەک دەست، ڕووبەڕووی شا عەباسی یەکەم. مێژووناسانی کورد لە ڕووی گێڕانەوەی ڕووداوی مێژووەوە زۆریان لەبارەی ئەم لاپەڕە ڕەنگینەوە گێڕاوەتەوە. بەڵکو فۆلکلۆری کوردی دیمەنێکی هونەرمەندانەی ئەو ئازایی و نەبەردییە دەگێڕێتەوە.

ئۆسکارمان، لە ساڵی ١٩٠٦دا تێکستێکی کرمانجیی خواروو "سۆرانی"ی ئەم داستانەی چاپ کردووە[٥٧] هەروەک "ژابا" و "پریم" و "سۆتسین"یش بەشێوەی کرمانجی ژووروو چاپیان کردووە.

دوکتۆر ئۆردیخانی جاسمی جەلیل ئەم تێکستانەی لەگەڵ چەند دەستنووسێکی تردا پێکەوە چاپ کردووە و کردوویە بە ڕووسی[٥٨] هەروەک نۆتی مۆسیقای ئاوازی بەیتەکەی دمدم لەلایەن جەمیلە جاسمی جەلیلەوە نووسراوەتەوە[٥٩].

دوکتۆر ئۆردیخان جەلیل پاش ئەوەی لە ٦٢ لاپەڕەدا، بە ڕووسی لەم داستانەی کۆڵیوەتەوە دێتە سەرئەنجام و دەڵێ:

داستانی قارەمانێتیی کوردی "خانی پەل زێڕین"- کە بەرهەمی فراوانترین کۆمەڵانی خەڵکە، بە پەیکەری خەباتی مەردانەی کوردان دەژمێردرێ بەرامبەر بە کۆیلەیەتیی شاکانی ئێران. لەم ئیپۆسەدا کەرەسەی ڕاستەقینەی تەواومان

---

(57) IV, Bd III, T.L.
Die Mundart der Mukri-Kurden, Berlin, 1906 Abteilung O. Mann, Kurdische- Persische Forschungen.

(٥٨) جلیلوف. ئو. ج. ئیپۆسی قارەمانانەی "خانی دەست زێرینی"ی کوردی بە ڕووسی. مۆسکۆ ١٩٦٧.

(٥٩) جەمیلەی جەلیل. کلامێد جەمائەتا کوردا، یەرێڤان، ١٩٦٤. ل ١٤١.

بۆ لێکۆڵینەوەی باری سەرنجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلی کورد، لە کۆتاییی سەدەی شازدەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا دەست دەکەوێت. ئەم داستانە وەک ئاوێنەیەکی ئایدیا "بیرورا" و هونەر ڕوو دەکاتە سنووری ئەو ڕووداوانەی لە قەڵای دمدمدا بەسەر دەچن. گەل سرووودی ئەو جەنگانە دەڵێ. خەبات بۆ ئازادبوون هەموو کوردستانی گرتبووەوە. ئەمە یەکێکە لەو دیمەنانەی لە بنەڕەتەوە ئیپۆسی "خانی پەل زێڕین" لە گۆرانیی مێژوویی جیا دەکاتەوە. ئەم داستانە هەموو خاسیەت و دیمەنی تایبەتیی ئیپۆسی قارەمانێتیی هەیە، ئاوێنەی خەباتی گەلە لە پێناوی پێکەوەنانی فەرمانڕەوایی مەرکەزیدا، بۆیە بایەخێکی تەواوی لە لێکۆڵینەوەی پێوەندیی نێوان فۆلکلۆر و واقیعدا و نێوان مێژوو و ڕووداودا هەیە.

ئیپۆسی "خانی پەل زێڕین" نەخشەی خەباتی گەل بەرامبەر بە دەرەبەگی زۆردار دەکێشێ، سەرقارەمانی بەناوی گەلی زەحمەتکێشەوە دەدوێ. هەموو کلۆلان بانگ دەکات تا ڕووبەڕووی دەستداران ڕاپەڕن، کەلوپەلیان کۆ بکەنەوە و ڕوو بکەنە قەڵای دمدم، دوور لە دەسەڵاتی زۆرداران، لە دوژمنی دەرەوە و ناوەخۆ گەل بەدوای ڕێبازێکدا ئەگەڕێ کە لە باری سەختی ڕزگاری بکات، بەڵام لە ڕێگەی نەرمی و ڕەحمی دەسەڵاتدارانەوە نا، بگرە بە خەباتی چەکدار ڕووبەڕوویان. ئەمە یەکێکە لە بیرەکانی ئیپۆسەکە، کە بناغەشێتی.

چیرۆکی خانی پەل زێڕین زۆر بە پەرۆشەوە لە یادی گەلدا ماوەتەوە پارێزراوە، پشتاوپشت و لەم دەم بۆ ئەو دەم یەکتر بە سپێرراوە. پتر لەمە، لەم سێ سەدەیەی بوونییدا، داستانەکە دیمەنی گۆرانی هونەریی خۆی تەواو دیوەو بووە بە ڕەگەز و ئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵ.

لەگەڵ ئەمەشدا، وەک لە ناوەڕۆکدا دیارە، "خانی پەل زێڕین" چیرۆکێکی مێژوویی پلەی دەرەبەگایەتییە. هەر لە خۆیشیەوە نییە کە ئەم بەرهەمە ڕووداوی ڕاستەقینە پێشان دەدا. ئەمە هەر لێرەدا نییە، بگرە لە گەلێک چیرۆکی قارەمانێتیی گەلانی ئاسیای ناوەڕاست و پشت قەفقاسدا هەیە، کە

به پلەی پێوەندیی دەرەبەگیدا تێپەڕ بوون[٦٠].

بێگومان، بەیتی قەڵای دمدم گەلێک وێنەی ڕاستەقینەی خەباتی گەل و گەلێک وێنەی قارەمانی ڕاستەقینەی تێدایە و لە ناو دێر بەدێری داستانەکەدا دەنگی گەل ڕووبەڕووی دوژمنانی، بە زمان ئەم یا ئەو قارەمانەوە هاوار دەکات. دوا وەڵامی ئەمیرخانی پەل زێڕین کە سەرکردەی کوردان بووە، هاواری مەردانەیەتی بەرامبەر بە شا عەباس:

خەلقی مە نایێ ڕایێ
هێڤیا(*) دژمنە لە مەیدانێ
مینا(**) شێرا ئەو شەڕ دکە
هەرتم،(***) دژمنا لەت دکە
مە نە خۆفێ ئەسکەرێ تە
مە نە خۆفێ خانی تەورێزێ
کەڵێ ڕاناکاو ژ هەمبێزێ
مە نە ترس خانێ چین مەچینێ
قڕ ناکە خەڵقێ مە
مە نە خۆفێ خانی تەیمووریا
بەلا ناکە خەلقێ مە لە چیا
تاجێ تە قبووڵ ناکەم
کوردستانی بێ ناڤ[٦١] ناکەم[٦٢]

---

(٦٠) دوکتۆر ئۆردیخان جەلیل، ئەو سەرچاوەیە. ل ٦٣- ٦٤.

(*) بەهیوای.

(**) مینا، وەک.

(***) هەرتم، هەمیشە.

(٦١) بێ ناڤ، بەدناو.

(٦٢) کوردوێڤ. ق. ک. چیرۆک و گۆرانیی داستانی کوردی، مۆسکۆ ١٩٦٢، ل ١٢٣-١٢٤ (بەڕووسی).

داستانی قارەمانیی کوردی زوڵم و زۆر تاوانبار دەکات، دوو ڕشتەی خەباتی کوردان دەگێڕێتەوە، خەبات بەرامبەر زۆردارانی خۆماڵی و خەبات لەگەڵ بێگانەی دوژمنا، لە داستانی "گۆزێ و بەشاری چەتۆ"دا دەبینین "گۆزێ"، کە قارەمانی داستانەکەیە. کوڕی گەلە، بەشاری دەرەبەگ بە یارمەتیی بێگانە نەبێت ناتوانێ سەر بە قارەمانی ئەو داستانە شۆڕ بکات.(٦٣)

هەرچەندە ئەم داستانە و گەلێکی تر قارەمانەکانی لە ڕیزی خەڵکەوە هاتوونەتە دەرەوە، بەڵام زۆر داستانی مێژوویی کوردیش هەیە کە قارەمانەکەی یا میرە یا ئاغایە. ئەمەش وا ناگەیەنێ کە داستانی کوردی ئەدەبی میران و ئاغایانە. بگرە ئەمانە ئاوێنەیەکی مێژووی نەتەوەن، وەک دەزانین لە سەدەکانی ڕابردوودا ڕۆم و عەجەم لەم خاکەدا هاتوبردەیان بووە، میرەکانی وڵات پێش خەڵکەکە کەوتوون و وەک بەندێک بەرامبەریان وەستاون. بۆیە لاپەڕەی ئەم جوامێرییەتییە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەدەبی کلاسیکیماندا ماوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەر لەم داستانە کوردییانەدا ڕۆڵی خەڵکی لە بیر نەکراوە، خەڵک سووتەمەنیی هەموو کارەساتێکن، بۆیە لەم داستانانەدا لە پاڵ وێنەی قارەماندا، وێنەی هەموو سوپاش تەواو نەخشە کێشراوە و لە بەرچاوە.

---

(٦٣) الواقعية في الادب الكردي، ص ٤٢.

## داستانی دڵداری و ئەڤین

ئەم جۆرە داستانە، بۆیە لە ڕیزی ئیپۆس و داستانا باس دەکرێت؛ چونکە زۆرتریان، بەتایبەتی لە کوردیدا، تەنیا ڕووداوێکی سادەی ئەڤین و دڵداری ناگێڕنەوە، بگرە لە پاڵ ئەوەشدا کەرەسەیەکی تێدایە کە لە داستانی قارەمانییێتیدا بەدی دەکرێت.

داستانی دڵداری لە هەموو جیهاندا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا سۆزێکی تایبەتی و هەستێکی قووڵ و ڕاستگۆییەکی ڕووداو و هونەرمەندیی تێدایە، کە دەیخاتە ڕیزی گەنجینەی ئەدەبی لیریکەوە.

داستانی دڵداریی کوردی لە پاڵ سۆز و هەست و خۆشەویستی و وەفاداری و ڕاستگۆییدا جۆرێک لە ئازایەتی و فیداکاری دەردەخەن. ئەم خاسیەتە وایان لێ دەکات لە ڕووی ڕووداوەکان خۆیان و نزیکییان لە ڕاستی و قەوماوی ڕاستەقینەوە، بەڵکو لە کەسان و ڕووداوی ڕاستەقینەی مێژووەوە دەیانباتە ڕیزی داستانی مێژووییەوە، وە ئەم داستانانە، هەر وەک هەموو داستانی دڵداریی جیهان و بەتایبەتی ئەوی ڕۆژهەلات، هەندێ ڕووخساری کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و خووشی دەخەنە پێش چاو و کەرەسەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیش دەدەن بەدەستەوە.

### داستانی دڵداریی خۆماڵی و هاوبەش و بێگانە:

وەک دەبینین داستانی دڵداریمان، بەڵکو گەلێک چیرۆکی فۆلکلۆرمان و تەنانەت هەندێ وێنەی ناو گۆرانی و پەندی پێشینانمان لەگەڵ گەلانی تری ڕۆژهەڵاتدا هاوبەشە. قادر فەتاحی قازی لە سەرەتا فارسییەکەی «میهر و وەفا»دا نووسیویە:

«لە هەردوو زماندا، لە فارسی و لە کوردیدا، داستانی وا هەیە کە لە ناو و ناوەڕۆکدا یەکێتییەکیان لە نێواندا هەیە وەک لەیل و مەجنوون و خەسرەو و شیرین کە لە کوردیش و لە فارسیشدا هەن. لەم بارەیەوە شتێک لە مێژووی ئەدەبیاتی "هێرمان ئاتە"وە وەردەگرین، بەشکو ڕەگ و سەرچاوەی ڕاستەقینە

و جۆری پەیدابوون و مێژوویەکی بچووکی هەندێ لەم داستانەمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسیی "هێرمان ئاتە"دا کە دوکتۆر ڕەزا زادە شەفەق کردوویەتی بە فارسی لە لاپەڕە (٧٢)دا دەڵێ:

زیاد لەمە دەبێ ناوی لەیل و مەجنوونێکی تر ببەین کە بە شێوەی "گۆران"ی کوردی ناوچەی ڕۆژهەلات نووسراوە و بە هۆنراوەی سادە (یا عامیانە)ی دە هیجایی وتراوە. وە وەک لە پەراوێزدا نووسراوە ئەم نوسخەیە لە مۆزەخانەی بەریتانیادا بە نیشانەی Add 7829 دانراوە.

هەر لە (ل ٨٤)ی ئەو کتێبەدا دەڵێ: لەیل و مەجنوونێک بە شێوەی گۆران لە چەشنی خەسرەو و شیرین هۆنراوەتەوە. هەر بەپێی پەراوێزەکە، ئەمیش ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیادا بە نیشانەی Add 2828 دانراوە.

لە پاڵ خەسرەو و شیرین دا، "فەرهاد و شیرین"یش بە کوردی هەیە. هەر لە کتێبی ناوبراودا دەربارەی داستانی بەهرام و گوڵەندام لە (ل ٨٧)دا نووسراوە: بەهرام و گوڵەندام لە دانانی "ئەمینە و پێش ساڵی ١١٤٧ی کۆچی- ١٧٣٤ی ز" نووسراوە دەستنووسەکەی لە مۆزەخانەی بەریتانیادایە – ١٤٣٣، ٥٣" کە چیرۆکی دڵداریی "کوڕی کیشوەر شا و گوڵەندام"ە. نوسخەیەک لەم داستانە بەشێوەی گۆران هەیە. جیاوازیش لە نێوانیاندا ئەوەیە، کە لەمەی دووەمدا گوڵەندام شازادەی چینە، لە یەکەمدا پەرییە. ئەوی شایانی باسە ئەوەیە کە ئەم "ئەمین"ەی کراوە بە دانەری بەهرام و گوڵەندام، دیار نییە کێیە و لە لیستەی ئەو ناوانەدا کە لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا هەیە ناوی وا نەبراوە. بەڵام دوکتۆر "ذبیح الله صفا لە (ل ٧٩)ی گنج سخندا شمس الدین محمد کاتبی ترشیزی (م ٨٣٩ کۆچی= ١٤٣٥ز) بە دانەری بەهرام و گوڵەندام دادەنێ.

لە مێژووی ئەدەبیاتی ئاتەدا (ل ١١٧) دەربارەی میهر و وەفا دەڵێ "هەر ئەو ئەبومحەمەدی ڕەشیدەی هاوعەسری مەسعوود سەعد سلمان بووە، هۆی

هۆنراوەیەکی حەماسیی ڕۆمانتیکی بە ناوی میهر و وەفاوە هەیە"(٦٤).

لە کتێبی ڕۆژهەڵاتناساندا و لە هەندێ لە مێژوونووسانی ئەدەبیاتی فارسی، جاروبار ئەم جۆرە ناوانە دێن و دەکرێن بە دانەری "بەیت"ی کوردی و فارسیی بەناوبانگ. بەڵام پاش وردبوونەوە دەتوانین بڵێین بەشی زۆری ئەم داستانانە- ئەوانە بن کە دەدرێنە پاڵ عەلی بەردەشانی، دانەرێکی ئاشکرا و ناسراویان نییە و ئەم ناوانەش کە دەکرێن بە خاوەنی ئەم بەیت یا ئەو، هیچ سەر و شوێنێکی دیاریان نییە. بۆیە لە مەیدانی تۆمارکردنی مێژوویی ئەدەبیاتماندا هەموو ئەم داستانانە لە ڕیزی بەرهەمی خەڵکدا تۆمار دەکەین و لە خانەی سامانی فۆلکلۆرماندا دایان دەنێین.

بەڵام لێرەدا دەبێ باسی ئەو داستانانە بکەین کە بە چەند زمانێک هەن. ئایا کامەیان بە موڵکی نەتەوەی کورد دادەنرێ. ئەوەی لە ڕەگەزەوە تان و پۆ و ڕووداوی هەر کوردییە؟ دیارە کە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر- هەرچی بە کوردی نووسرا یا وترا، ئەوە موڵکی تەواوی نەتەوەی کوردە. بەڵام شتێکیش هەیە کە پێی بڵێین هاوبەش. ئەمە لە ڕووی فۆلکلۆرەوە، چونکە خۆی بەرهەمێکی گەلە و زۆر لە گەلان لە مێژوویاندا، بە پلەی (لەیەک چوو)دا ڕۆیشتوون، بۆیە دەبینین، تەنانەت لە سنووری هەموو جیهانیشدا، زۆر شتی فۆلکلۆری گەلان هەیە کە لەیەک دەچن. چونکە سەرچاوەکەیان دەروونی گەل و ویژدان و لێکدانەوە و جۆری ڕوانینە کارەسات و خۆشی و ترشیی ژیانییەتی.

بۆ داستانی دڵداری، ناتوانین بڵێین، داستانی دڵداریی کوردی هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ داستانی ڕۆژهەڵاتدا نییە. بگرە "شا" داستانەکانی فۆلکلۆری کوردی، یا لە ناوی قارەمانیدا، یا لە ڕووداویدا، هاوبەشییەکیان لەگەڵ هاوێنەکانی خۆیاندا لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلانی تری ڕۆژهەڵاتدا هەیە.

لەو سەرچاوەیەی سەرەوەدا باسی شیرین و فەرهاد کرا کە لەلای

---

(٦٤) منظومەء کردی "مهر و وفا" "متن کردی و ترجمء فارسی"، ضبط وترجمە و توضیح از قادر فتاحی قاضی، تبریز ١٣٤٥، ص ٤-٥.

فـارسـیش هـەیـە و لای کـوردیش، بگرە لەلای تـورک و ئازربایـجـان و هـەندێ نەتـەوەی تری ڕۆژهـەڵاتـیش هـەیـە. لای ئێـمـە لە فـۆلکلۆرەوە چووەتە قـاڵبی ئەدەبی نـووسـراوەوە(٦٥)، لای گـەلانی تـریش هـەر بـووە بە ئەدەبی نووسـراو، وەک دەبینین گەلێک لە شاعیرانی گەورەی ڕۆژهەڵات وەک نیزامیی گەنجەوی و ئەمـیـر خـوسرەوی دەلهـەوی، داسـتـانی شـیـرین و فـەرهـاد، یا شـیـرین و خوسرەویان نووسیوە، تەنانەت شاعیری هاودەمـی تورک "نازم حیکمـەت"یش چیرۆکێکی شیرین و فەرهادی هۆنیوەتەوە.

ڕەنگە ئەم داستانەیان هەر لە ڕووی بەسـەرهاتەوە بکەین بە کوردی. چونکە تا ئێـسـتـا کـێوی "بێـسـتـوون" لە خـاکی کـورددا مـاوە و ئەو وەسـتـایی و بەردتاشییەش کە دەڵێن کرداری ڕەنگینی فەرهادە هەر ماوە.

هـەروەهـا لەیل و مـەجنوون، یا وەک لە نـاو کـورددا بە لـەیل و مـەجـروون ناوبانگی دەرکردووە. ئەم داسـتـانە بەپێـچەوانەی شـیـرین و فـەرهـادەوەیە. ئەمـیـان سـەرەتاکەی لای ئێـمـەوە دەسـتی پێ نەکردووە. بەڵکو وەک لە ناوی قارەمانەکانییەوە دیارە، بناغەکەی هەر ئەو چیرۆکی فۆلکلۆری عەرەبەیە، کە لە ناو عەرەبدا دەربارەی خۆشەویستیی "لەیلا" و "قەیسی کوڕی مولەوەح"ەوە دەگێـڕێتـەوە و لە پاشـان و تەنانـەت لە سـەدەی بیسـتـەمـدا بووەتە ئەدەبی نووسراوە و لە ناو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتیشدا، چ بە فۆلکلۆری و چ بە ئەدەبی نووسراوە، هەر بڵاوە. وەک دەبینین دیسان نیزامی گەنجەوی بەفارسی "لەیل و مـەجنوون"ی نووسـیـوە، هـەروەک "فـضـولی"ی شـاعـیـری گـەورەی "تورک- ئازەری" ئەم داستانەی خستووەتە قاڵبی هۆنراوەوە.

"لەیل و مەجروون" لە ناو کورددا چەند سـەدەیەک هـەر فۆلکلۆری گەل بوو، تا لەم دواییەدا ئەویش چووە ڕیزی ئەدەبی نووسراوەوە(٦٦).

---

(٦٥) بەناوبانگترین وێنەی نووسراوەی ئەم داستانە بەکوردی، هۆنراوەکەی خانای قوبادییە.

(٦٦) لەیل و مەجنوون. وەرگێڕ و دانەر، عەبدولجەبار ئاغای کانی، چاپی سێیەم، هەولێر ١٩٦٩.

بەداخەوە، شێوە فۆلکلۆرییەکەی "لەیل و مەجروون" لە بەردەستا نییە و تەنانەت نەش نووسراوەتەوە، بەڵام چ بە بیستن بێت و چ بەڵگەی ئەدەبە نووسراوەکەی کوردی و فارسی و ئازەری بێت، ئەوە دیارە هەر گەلێک لەوانەی ئەم داستانەی لە عەرەبەوە وەرگرتبێ، داستانەکەی بردووەتە ناو خۆیەوە و شەقڵی تایبەتیی خۆی لێ داوە و لە ناوی قارەمان و هەندێ شتی بنەڕەتیی ڕووداوەکان بەولاوە چ مافێکی فۆلکلۆری عەرەبیی بەسەرەوە نەماوە.

هەست و عاتیفە و وێنە لەم داستانەدا بووە بە کوردی. ناوی دەشت و چۆڵ لە فۆلکلۆری عەرەبەوە وەرگیراوە، بەڵام هەست و وێنەی ناو داستانەکە وێنەی کەژ و چیایە. ئەم دیمەنەی لە "لەیل و مەجنوون"دا بەدی دەکرێ، لە کردنە فارسی و تورکییەکەی شیرین و فەرهاددا نابینرێ، چونکە وێنەی سروشت لە وڵاتی ئەم سێ گەلەدا هەر لە یەک دەچێت و گۆڕینێکی ئەوتۆی بەسەرا نایەت.

ئەم دوو داستانە گەورەترین داستانی کوردین، کە هاوبەشییان لەگەڵ داستانی گەلانی تردا هەبێت. لە پاڵ ئەمانەشدا وردە داستانی تری هاوبەشمان هەیە. بۆ نموونە: لە فۆلکلۆر و ئەدەبی نووسراوی ئەم سەردەمەی ئەرمەنیدا گەلێک ناوی قارەمان و ناوەڕۆکی داستانی کوردی وەرگیراوە. وەک "خەج و سیامەند، حەسۆ و زلّخ... هتد". دیسان هاوبەشیی سروشت و مێژوو وای کردووە کە داستانە ئەرمەنییەکانیش لە زۆر دیمەنا لە کوردییەکە بچن، بەڵام وەرگێڕانە ئەرمەنییەکە شەقڵی تایبەتیی کوردیی لە کیس نەداوە.

**داستانی زەمبیلفرۆش:**

ئەم داستانە لە ناو کورددا زۆر بڵاوە و ڕۆژهەڵاتناسانیش زۆر بایەخیان داوەتێ و بەچاپکردن و کۆ کردنەوەیەوە خەریک بوون(٦٧).

(٦٧) گەلێک لە ڕۆژهەڵاتناسان زەمبیلفرۆشیان کۆکردووەتەوە و چاپیان کردووە، لە مانە "ژابا و لیرخ و ماکاش" دەژمێررێن، هەروەک لە ناو کوردی سۆڤێتدا- دوکتۆر حاجی جوندی و شاعیر جاسمی جەلیل کۆیان کردووەتەوە، بەم زووانەش لە مۆسکۆ چاپکراو و وەرگێڕانی ڕووسیی هەموو نوسخەکان دەردەچێ.=

ئەم داســتــانــە زۆر دیمەنی ژیانـی کـوردەواری دەخــاتـە ڕوو، وە دەتوانـین بە هـەڵقـەیەکی دابـنێین، کـە داسـتـانـی قـارەمـانـی ببـەسـتـێ بە داسـتـانـی دڵداری و ئەڤینەوە.

ئەم داستـانـە بڕیار و خـواست و لەسـەرکـار سوورەیی ئافـرەتی کورد پێشـان دەدات.

لەم داســتــانـەدا وێنەی لەخــۆبـوردن و ئازایەتـی دەبینین، هـەروەک لە ڕووی کـۆمــەڵایەتیــیــەوە شــەقـڵـی تـایبــەتی ڕەنجکێـشــان وا بە داســتــانـەکــەوە. "زەمــبــیلفــرۆش" بە ڕەنجی شــان نــان پەیدا دەکــات و بە بەرزی دەڕوانێــتــە

---

= بەڵام لەم دوایـیـیـەدا (هـەولێـر– ١٩٦٧) گـیـوی مـوکـریانی چاپێکی "سـۆرانی کرمـانجی"ی زەمبیلفرۆشی دەرکردووە. ئەوەی تا ئێستـا بیستوومـان ئەوەبوو کە زەمبیلفرۆش داستانێکی فۆلکلۆر بووە. بەڵام موکریانی سۆرانییەکەی دەداتە پاڵ مـەلا ئەحـمــەدی مـەلا مـەولوودی شنۆیی و لـە زمـان سـەیدا شـێخ بەشـیـری شـێخ محـەمەد تاهیرەوە کرمانجییەکەش دەداتە پاڵ مـرادخانی بایەزیدی کـە لە سـاڵی "١١٩٠ی" کۆچی. دا وتوویەتی. لە ڕاسـتـیدا دەگونجێ کە هـەردوو قسـە ڕاست بن، دەبێ، کە زەمـبـیلفرۆش لە سـەرەتادا هـەر داسـتـانێکی فـۆلکلـۆری ناو خـەڵک بووبێت و ئەم دوو شـاعـیـرە هاتبن دایـان ڕشـتـبـێـتـە قــاڵبی هۆنراو و ئەدەبی نووسـراوەوە. لە ڕووی وشـە و وێنەوە هـەردوو چاپکراوەکەی هـەولێـر سـادەیی و سـاکاریی ئەرگیناڵە فۆلکلۆرییەکەیان تێک نەداوە. بەڵام لە ڕووی داڕشتنەوە، لە وەزنـی پەنجەی کوردییەوە و لە تەرزی داستانەوە بردوویانەتە قاڵبی عەرووزەوە.

هـەروەها لەم چاپەدا زەمبیلفرۆش بە قارەمانێکی ڕاستەقینەی ناسراو دادەنێ و دەڵێ: ناوی مـیـر سـەعـیـدی کـوڕی حـەسـەن پاشـای دیاربەکـری بووە و خـۆی خستووەتە بەرگی زەمبیلفرۆشێکەوە.

١– بڕوانە "چیرۆکی زەمبیلفرۆش، هـەولێر، ١٩٦٧".

٢– شـاعیرانـی کوردی سۆڤێتی. "بە ڕووسـی". یەرێڤان، ١٩٥٦.

٣– قـصـص شـعرية كردية فولكلورية، ترجمـة محـمـد توفيق وردي، بغداد ١٩٦٥، ص٩– ١٦.

ڕەنجکێشـان و ئەمەکداری. هەر وەک سـەرتاپای داستانەکە پەسندیی ڕەوشت و خوو و پـاکیی پیـاوی هەژارە، تەنانەت داسـتانگێڕەوە بەهەشـتیش بە مـوڵکی ئەوان دەزانێ.

ئەم داسـتانە – لە نوسخـەکانی فـۆلکلۆردا– تـابلۆیەکی ڕەنگینـی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردە. پێوەندیی نـاو دەستە و کۆمـەڵانی خەڵک پێشـان دەدات، لایەک لـە ژیانی ئـافـرەت و لە ژیـانی ناو کـۆشک و تـەلاری سـەردەمی کـۆنی دەرەبەگایەتی پێشـان دەدات. لە ڕووی ژانریشـەوە هەنگاوێکە بەرەو داسـتانی ڕاستەقینەی ئەڤین.

**خەج و سیامەند:**

هەمـوو داسـتانەکانی دڵداریی کوردی، لەگەڵ باسـی ئازایی و کۆڵنەدانـدا، وێنەی وەفـاداری و قـسـە و پەیمـان بـردنـە گـۆڕەوەن. لە هەمـوو داسـتـانێکی دڵداریی کوردییـا سـۆزی ئەڤین و دڵدارییـەکـەی ڕۆژهـەڵات بەدی دەکرێت، لە ناو ئەمانیشـدا، دیسان دیمەنی کێشـەیەک هەر دیارە. کێشـەی نێوان چاکە و خراپە، نێوان پاکی و ناپاکی، وەفاداری و سـەرڕاستی لەگەڵ بێ پەیمانیدا.

لێرەشـدا دیسانەوە گیـانی میللەت دەردەکەوێت و کێشـەکە لە لایەکی ترەوە دەبەسـترێتـەوە بەو کێشـەیەوە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بۆیە زۆر جار دەبینین قـارەمـانـی داسـتـانی دڵداری پیـاوی ڕەنجبـەر و زەحمـەتکێشـە و لە هەمـوو خـاسیـەتێکی ئەم کـەسـانەدا لـە ڕەوشت و کردار و سـەرئەنجامـیـدا، وێنەی مەردایەتی و ئازایەتی و وەفاداری و خۆبەختکردن دیارە.

چەند داستـانی کوردی هەیە کە چیرۆکی حەزکردنی کوڕە جووتیـارمان لە کچە ئاغا بۆ دەگێڕێتـەوە. ئایا دەتوانین باسـی دڵدارییەکە "کەلا" بخەین و ئەمە بکەینـە نموونەیەک بۆ ئاواتە هـەمیشـەییـەکەی ئادەمـیزاد. ئاواتـی بە ژیانی باشـتر و خۆشـتر گەیشـتن؟ زۆر جاریش هەیە کە هەر ئەو کچە ئاغایە کەس و ئامـۆزا و خـزمی کـوڕە جـووتیـارە، وەک لە داسـتـانی خـەج و سـیـامـەندا

دەیبینین[٦٨]. ئەو داستانەی کە هەر بەتەواوی داستانی کوردە و بەشێکە لە گەنجینەی نەتەوایەتیی ئێمە و لە ناو کورددا زۆر بڵاوە[٦٩].

عوبەیدوڵای ئەیوبیان لە پێشەکییە فارسییەکەی چاپەکەی خەج و سیامەندا نووسیویە" "مێژووی ژیانی خەج و سیامەند دیار نییە. ئەم بێ مێژووییە بە قسەی یەکێ لە مامۆستایان شتێکی تایبەتیی خەڵکی چیایە، بەیتی خەج و سیامەند وێنەی گیانبەخشینە، داستانێکی ڕاستەقینەیە کە لە سەرگوزەشتەی سۆزمەندی سیامەندی قارەمان و ئارەزووی سادە، بەڵام گیانبەخش و لە عەشق و وەفاداری و گیانبەخشینی "خەج"ی فیداکار وەرگیراوە"[٧٠].

بەپێی ئەو پێشەکییە خەج و سیامەند خەڵکی دێهاتی سەر سەوز و بەرزی "کێلە سیپان"ی ناوچەی مهبادن[٧١]. بەڵام جۆرە گێڕانەوە کرمانجییەکەی "سیپان" دەباتە لای دەریای وان[٧٢].

لەم داستانەوە دەتوانین " لە بیری ڕووناک و دەروونی زیندووی میللی و هونەری خەڵکی کوردستان بگەین، ئەم داستانی عەشق و ئەڤینە کە لە وێنەی خۆی کەم هەیە، چونکە بە شێوە هونەرێکی سەرنجڕاکێشەر نووسراوە،

---

(٦٨) چریکەی خەج و سیامەند، عەبەیدوڵا ئەیووبییان، تەورێز، ١٩٥٦، ل ٢٠.

(٦٩) خەج و سیامەند هەروەک بە دوو دیالێکتە گەورەکەی کوردی هەیە، لە زۆر ناوچەی جیاوازی کوردستانا بە جۆرێ قسەکردنی ناوچەکە ئەم داستانە بڵاوە، ئەوی تا ئێستا چاپ کراوە، ئەوەیە کە لە یەرێڤان دوکتۆر حاجی جوندی لە ١٤٨ لاپەڕەدا لەگەڵ ناوەڕۆکەکانی تری کتێبی "نڤیسارکاری کرمانجا سۆڤێتی-١٩٥٧"دا بە ناوی کورتەی "سیابەند و خەجێ زەرێ"وە چاپی کردووە، هەروەها ئەو چاپەی عەبدوڵای ئەیووبییانە کە باس کرا هەروەکو م. ت. وردی لە ناوچەی شەقڵاوە جۆرێکی ئەم داستانەی نووسیوەتەوە.

(٧٠) عوبەیدوڵا ئەیووبییان، پێشەکیی خەج و سیامەند تەورێز ١٩٥٦، ل ١٠.

(٧١) ئەو سەرچاوەیە، ل ١٠.

(٧٢) وەک لەو بەیتی خەج و سیامەندەدا دیارە کە عیسا بەرواری بەگۆرانی دەیڵێت.

جۆری بیرکردنەوەی کورِ و کچ لە دڵداری و عەشق و خۆشەویستیدا پێشان دەدات و لە سنووری خۆیدا یەکێکە لە بەرهەمە بە دیمەنەکانی دەروون و دیمەنی مەعنەویی ناو کوردان"[٧٣].

لەم داستانەشدا وەک هەموو داستانی دڵداریی قەد و لووتکەی چیای کوردستان، وەک چیرۆکی بن دار و دەوەن و ناو وەرد و کۆڕی دروێنە و کۆڵکێشان، "خەج و سیامەند" دڵیان بەیەکدا دەچێت و پەیمانی دڵداری و وەفاداری دەبەستن. کەسوکاری خەج ڕازی نابن کچی خۆیان بدەن بە سیامەندی هەژار با ئامۆزای خۆیشی بێت، بۆیە خەج بڕیاری ئەوە دەدا لەگەڵ سیامەندا سەری خۆی هەڵگرێ.

سوارەی عەشرەت دوایان دەکەون، سیامەند شەڕێکی ئازایانە دەکات، تا دوایی تیرێک جگەری ئەسمێ و لەسەر لووتکەی چیای بەردینەوە گلۆر دەبێتەوە و "خەج"یش دوا بەدوای ئەو خۆی فڕێ دەداتە خوارێ و لە پاڵ دڵدارەکەیدا دەمرێ.

سیامەند لە سەرەمەرگا ڕوو دەکاتە خەج و دەڵێ:

«سیامەند گاز دەکا: وەی لە من "خەج"ێ، وەی لە من... توخوا "خەج"ێ، بەو سەرو ڕووی سوورەوە، بەسە مەکە- هەی ڕۆ- ڕۆ و گریانێ.

میهر و جەمبەری خۆشەویستیت لە دڵما تاکو مەرانی. ئاورێکی بەرداومەوە لە هەناوی، نە بە گۆڕەژنی شیبای نیوەشەوێ دەکوژێتەوە، نە بە پڕیژکاپڕیژکی دەبارانێ.

بۆچڕووکێکم لە تەنی هەڵدەستی لە گوێێن هەوری ڕەش دەگەڕێتەوە کەلێنی ئاسمانێ»[٧٤].

لەم داستانەدا هەروەک نائومێدی و کارەسات پێشان دەدرێ، هەروا تا

(٧٣) ع. ئەیووبییان، هەر ئەوێ. ل١٠- ١١.

(٧٤) ئەو سەرچاوەیە، ل ٤٠.

سەرەمەرگ دەست لە خۆشەویستی و وەفاداریی هەڵنەگرتنیش دیارە.

سیامەند لە سەرەمەگا بە خەج دەڵێ:

«ئاخ... ئاخ... ئەمن چ بکەم: نەم ماوە مەودای دەسکردنەوەی، جەنگەی دەخۆرئانانێ.

ئاخ دەستم ناگرێتەوە شینگی گەرومای چرگەی خەنجەری دەبانێ.

لە بۆت بگرمەوە سەرو خواری وڵاتی کرمانجاتێ و شەش دانگی دەکۆنە مەیدانێ»[٧٥].

خەج کە ئەم دڵسۆزییەی سیامەند دەبینێ، سەرەنجامی خۆی دەبەستێ بەوەوە و لە ناو جەرگەی نائومێدییا بڕیاری خۆی دەدا و دەبێتە وێنەی وەفا و ئازایەتی، براکانی لێی نزیک دەبنەوە، بیکوژن، سزای لەگەڵ سیامەندا هەڵاتن، بەڵام ئەو بانگ دەکات:

«جا بەخوا! ئەوانەی دێن، چ هۆمیر و گزپرن، چ کومێل و راسپێرن.

چ مێگەلن، چ نێرن، لێم خۆشن یا زویرن.

ناتوانن سیامەندە گیان، تا پشوویەکم مابێ لە تۆم ببوێرن»[٧٦].

سیامەند لە لووتکەی چیاوە کەوتە خوارێ، پێش ئەوەی براکانی خەج بگەن، خەجیش خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و پێش ئەوەی بمرێ شینێک بۆ سیامەند دەکات، کە لە ڕادەی شینەکەی زیندایە بۆ مەم و تەواو لە پارچەیەک دەچێ کە شاعیری گەورەی ڕووس لێرمانتۆڤ لە داستانی "دایێمون- دێو"دا نووسیوییە کە ڕەنگە هەر گیانی ڕۆژهەڵات و گەشتی قەفقاس ئەو ئیلهامەی دابێتێ.

---

(٧٥) هەر ئەوێ، ل ٤٢.

(٧٦) هەر ئەوێ، ل ٤٨.

خەج دەڵێ:

جا ژیان بۆ چییە؟ گیان بۆ چییە؟
چۆن بڵێین ئەوەتانێ ماوە، خەجی سیامەندییە.
بەخودای، خودای پاکی، بە یەزدانی ڕووناکی.
سوێند بەجوانی و چاکی، بە "تۆ" ڕۆڵەی ئاو و خاکی.
بە خۆشەویستی و جوانی، بە مەرگ و بە ژیانی.
بە ڕۆژی ئاسمانی، بە ئاوە ڕوونەکەی کانی.
بە پیری کامەرانی، لاوۆ هەر تۆم خودانی.
بەچاکی کەسکەوانی، بە سوورە گەنم و نانی.
لە لە مرنی یا لە مانی، بزانی یا نەزانی.
بەڕاستی و ڕەوانی، سیامەند گیانی گیانی.
لاوۆ هەر تۆم خودانی،
لاوۆ هەر تۆم خودانی.
تا ماوم بەتەماتم. ئەزیش بەدووتدا هاتم»(٧٧)

ئەم کۆتاییە تراجیدییەی مەرگی خەج و سیامەند کوشتنی ئاوات نییە لە دڵا، سەرشۆڕکردن نییە بۆ زۆرداری، وێنەی بەدی کارەسات بینین نییە لە کۆڕی ژیاندا، بگرە هاوارێکە بۆ هەوڵدان بەرامبەر هەموو ڕێگە و شوێنەی کارەسات دەهێننە کایەوە.

خەج بەر لە مردن باسێ لە مەرگی خۆی دەکات و دەڵێت:

**«ڕاسپێر بێ، منیش لە "زار گەلێ" لە تەنیشت گۆڕی سیامەندە**
**خۆشەویستەکەم، ناکامی، جوانەمەرگی بنێژن.**
**ئەم چیرۆکە تاڵ و شیرینە، بەسەرهاتی دوو جەهێڵی ناکامە**
**بگێڕنەوە بۆ مناڵان بۆ کوڕ و کچانی دەکرمانجا تێی ببێژن.**

(٧٧) ل٥٣– ٥٤.

**ئەو دای و بابانەی کچیان بێ دڵ دەکەن، بە زۆری بە مێردیان دەدەن، تاڵی ئەو هینگە "ڕاو- ڕاوە" نالەبارەی بچێژن.**

**ئەو کچانەی ڕوو دەکەنە گۆڕی دڵدێرێ، پێگای ئەرک و ئەمەکی تاڵی و ئەو هینگە "ڕاو- ڕاوە" نالەبارەی بچێژن.**

**دە بڵێن، خۆشتر بژێتەوە و ڕاوەستاوبێ دابی بەرزی خوازبێنی و کچ بە مێردانی کرمانجێ بە دڵی کوڕ و کچانا "شوێنی دای و بابانە" گەلێ- گەلی هێژا و لەمێژن[٧٨].**

چ لەو داستانەدا و چ لە هەموو ئیپۆس و ئیپۆپیاکانی تری کوردییەوە، ئەنجامێکمان دەست دەکەوێت. ئەویش ئەوەیە کە قارەمانی ئەمانیش وەک چیرۆک، هەر ئادەمیزاد خۆیەتی، ئەمە لە لایەکەوە ئەوەمان پێشان دەدات کە داستان بەرهەمی پاش ئەفسانەیە لە مێژووی ئەدەبی کورددا و لەلایەکی ترەوە ئەو بایەخ و نرخە گەورەیە دەردەخا کە لە ناو گەلدا دەدرێ بە ئادەمیزاد. بە ژیانی، بە هەستی دەروونی، بە هەڵسوکەوتی.

لێرەدا، لە توانادا بوو بە درێژی باسی گەلێک داستانی تری کوردی بکرێت. وەک "شیرین و فەرهاد" و "مێر و وەفا" و "لاس و خەزاڵ" و... هتد. بەڵام سروشتی ئەم باسە کە تێکرا دەربارەی فۆلکلۆری کوردییە، ئەو باسانەی هەڵگرت بۆ لێکۆڵینەوەی تری لەمەودوا.

---

(٧٨) ل ٥٢- ٥٣.

* زانای ناسراوی کورد محەمەد جەمیل بەن دیی ڕۆژبەیانی لە کاتی لێدوانی ئەم باسەدا چەند بەیتێکی بۆ خوێندمەوە کە هەر شانامەیە بە کوردی، بەڵکو بەراوردی شانامەی فارسی و کوردیی لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەند بەیتەدا دەکرد. بەڵام بەداخەوە، ئەوە هەرچەند بەیت و دێر، هۆنراوەیەک بوو کە بیری تیژی منداڵی لە دەروونی ئەو زانایەدا هێشتوونێتییەوە. تەنانەت ئەوەیە کە بەبەڵگە دادەنرێ بۆ ئەوەی کە شتێکی وەکو شانامە بە کوردی نووسراوە و تا ئیستا نەگەیشتووەتە چاپخانە.

# گۆرانی

## سەرەتایەکی تیۆری:

گۆرانی کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە. هەر وەک بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکە. ئەم هونەرە لە زۆر کۆنەوە پەیدا بووە، هەر لەو کاتەوە کە هێشتا هوشیاریی گەل لە ڕادەیەکی نزمدا بووە.

هەندێ زانایان لەسەر ئەوەن کە گۆرانیی شوان، کۆنترین جۆری گۆرانییە، چونکە شوانێتی بەلای ئەوانەوە لە کشتوکاڵ کۆنترە، هەرچەندە زانای ئەوتۆش هەیە کە شوانی و مەڕ و ماڵات ماڵیکردن بە بەشێک دادەنێ لە کشتوکاڵ. بەڵام وا دەزانم، ئەگەر گۆرانی لە ئیشکردنەوە پەیدا بووبێت- وەک لەمەودوا باسی دەکەین- ئەوا دەبێ ئادەمیزاد هەر لە کاتی میوە چنینەوەی دەوری سەرەتاییی ژیانەوە گۆرانیی هەبووبێ.

لە زانستی فۆلکلۆرناسیدا دوو ڕای جیاواز دەربارەی سەرەتای گۆرانی هەیە، کە هەر ڕایە خاوەنەکەی دەباتە سەر ڕێچکە گەورەکەی باوەڕی فەلسەفی، ئەو دوو ڕایەش ئەوەیە کە بەلای کۆمەڵێک فۆلکلۆرناسەوە گۆرانیی ئیشکردن کۆنترین جۆری گۆرانییە. بەلای هەندێکی ترەوە گۆرانیی ئاینی کۆنترین جۆرییەتی[١].

(١) هەرچەندە کە لە مەیدانی فەلسەفەدا هیچ جۆرە بێ تەرەفی و مامناوەندییەک ناگونجێ و بێ ئەوەی لەو ڕێچکەیەی فەلسەفەش لابدەین کە باوەڕمان پێی هەیە: نابێ لێکدانەوەی مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیاتی هیچ نەتەوەیەک بە وشکی لێک بدەینەوە. یا نابێ تەجروبەی گەلانی تر لە مەیدانی لێکۆڵینەوەدا بەتەرازوویەکی بێ غەش بزانین بۆ تەجروبە و ژیانی خۆمان. دەبێ بۆ=

له جیهانی ئەدەبیاتناسیدا شەقڵێک کە فۆلکلۆر لە ئەدەبی وتراو یا نووسراو جیا بکاتەوە، ئەوەیە کە فۆلکلۆر دیمەنی "کۆمەڵەبوون"، چ لە دانانیدا و چ لە وێنەکانیدا دەردەبڕێ.

گۆرانییە- زۆر جار بەکۆمەڵ دەوترێ. وتنە- بۆ کۆمەڵێک خەڵک دەوترێ. گێڕانەوەیە- ئەویش کۆمەڵێک خەڵک پشتاوپشت بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

ئەگەر "بەکۆمەڵی"، شەقڵێکی تایبەتیی فۆلکلۆر بێت- ئەوا ئەم بە کۆمەڵییە لە گۆڕانی ئیشکردندا زۆر باش دیارە، بەتایبەتی لە فۆلکلۆری کورددا- تا ئێستا جۆرە گۆرانییەکی کە مابێت و لە کاتی ئیشکردندا باوبێت ئەوە گۆرانیی دروێنەکردنە، دروێنەی بەکۆمەڵ. بەرامبەر بەمەش هەر لە مەیدانی ئیشکردندا گۆڕانیی واشمان زۆرە کە تاقە کەس دەیڵێت، بەڵکو گۆرانیی شوان، تاقە کەس دەیڵێت. بەڵام چ بۆ ئەمیش و چ بۆ هەندێ گۆرانیی تری تاقە کەسیی تری ئیشکردن، دەتوانین بڵێین: شوان گۆرانییەکەی هەر بۆ خۆی نییە، بگرە هەست و دەروونی دەوروپشتی، تەنانەت دوانەکەی لەگەڵ ئاژەڵدا دەچێتە ناو تێکستی گۆرانییەکەوە. ڕەنگە ئەو بەرەیەش کە لەسەر ئەو باوەڕەن کەوا گۆرانیی ئاینی لە گۆرانیی ئیشکردن کۆنترە، بڵێن: زۆر گۆرانیی ئاینیش شەقڵی بە کۆمەڵ وتنی پێوەیە و هەر زادە و بەرهەمی کونج و بورجی خواپەرستی نییە.

ئەمەیان شتێکی زۆر تایبەتییە و دەبێ بۆی بچینەوە سەر تەرزی خواپەرستی لە هەموو ئاینێکدا و بگرە لە هەر مەزهەب و تەریقەتێکیشدا. هەروەک دەبێ گۆرانییە ئاینییەکە تەواو لەگەڵ جۆری مەبەست و خواپەرستییەکەدا بەراورد بکرێ.

---

= لێکۆڵینەوەی مێژوو و ژیانی کۆمەلایەتی و ئەدەبیاتی خۆمان، تەجروبە و جۆری لێکدانەوەی خەڵکی بگرینە بەرچاو و لەو تەجروبەیە و لە بەرهەم و زادەی بیر و تێبینی و ژیانی خۆمان جۆرە تەرازوویەکی تازە بهێنینە کایەوە. کە نە تەواو لەوەی گەلانی تر بچێت و نە لەویش دوور بێت.

گۆرانیی ئیشکردن، وشە و ئاواز و دەنگ و پارچەی، زۆرتر لەگەڵ بزووتنەوەی بەش و ئەندامەکانی لەشدا یەک دەگریّ. لە کاتی ئەو ئیشەدا کە گۆرانییەکەی پێوە دەوتریّ و لە کاتی هەندیّ ئیشی گراندا، دەنگ و هاوارەکانی ئیشکردن یاریدەی لەش دەدەن و باری سووک دەکەن.

ڕەنگە ئەوی گۆرانیی ئاینی بەکۆنتر دەزانیّ بڵێت: زۆر جار گۆرانیی ئاینی، هەر دەنگ بەرزکردنەوە نییە، بەڵکو لەش جووڵاندنەوەشە، ئێستاش بچیتە هەر تەکیە و خانەقایەکی کوردستان، ئەم ڕاستییەت بۆ دەردەکەویّ، بەڵام گۆرانی یا هۆرەی دەروێش "ئەوی ئێستا نەک کۆن"، بزووتنەوەکەی تەواو یارمەتیی وشەی گۆرانییەکە دەدا، بە پێچەوانەی گۆرانیی ئیشکردنەوە، واتە- لێرەدا جووڵاندنەوەی لەش، زادەی وشە و بیرە، لەوێدا، وشە و بیر زادەی ئیشکردن و لەش جووڵاندنەوەیە.

گۆرانیی ئیشکردن لە سەرەتادا وشە و مۆسیقای لە یەک جیا نەبوون. هەندیّ جار فەرمان و داواکردنی دەردەخست، پاشان کەوتنە دەرخستنی بیر و هەستی ئاڵۆزتر و گرانتر، کە پێوەندییان بەم یا ئەو جۆری کارەوە و بە زروفی کۆمەڵایەتیی خەڵکەوە هەبێت.

گۆرانییەک کە پێوەندیی بە ئیشەوە هەبێت، تەنانەت لە ڕۆژانی ئەمڕۆشدا، بەپێی جۆری کۆمەڵ دەگۆڕیّ و سروشتی ئەو کۆمەڵەی کە هەیە، لە هەندیّ وڵاتدا هێشتا هەر گۆرانیی شوان و دروێنە و کۆڵکێشانە. ئاوێنەی ئارەق ڕشتن و دەرد و ئازارە. لە هەندیّ وڵاتا گۆرانیی کرێکارە، بەسەر ئیشی ئازادا بەسەر شاری نویّ دروستکردندا. بەڵام زۆری ئەم گۆرانییانە، ئەمڕۆ، لە کۆڕی فۆلکلۆر دەچنە دەرەوە، چونکە دانەری هۆنراو و ئاوازی دیارن.

پاش گۆرانی ئیشکردن، ئەو گۆرانییانە دێن کە پێوەندییان بە ڕەوشت و عادەتەوە هەیە، یا بە بۆنە و موناسەبەتەوە دەوترێن، گۆرانیش هەیە کە لە زەمانێکی کۆنەوە پەیدا بووە، ئەمانە پێوەندییان لەگەڵ یاریکردن و هەڵپەڕکێدا هەیە و بەو بۆنەیەوە دەوتریّ کە گۆرانییەکەی لێوە پەیدا بووە.

بۆیە لێرەدا لیریک و دراما و بەکۆمەڵ گۆرانی وتن، هەرسێکی یەک دەگرێ.

بەپێی جیاوازیی "بۆنە" و پەیڕەو، هەر لە زۆر کۆنەوە، بە تایبەتی لە جەژنەکانی کۆنەوە، کۆمەڵە گۆرانییەک لەلای هەموو گەلان هاتووەتە کایەوە، هەندێکی گۆرانیی جەژنی منداڵبوونە، کە لای خۆمان گۆرانیی ئێشکگرتنی پێ دەڵێن، یا گۆرانیی بەهارە، کە لەلای زۆر لە گەلان لە ڕۆژی نەورۆزا، لە سەرەتای بەهارا دەوترێ، یا گۆرانیی شایی و ژنهێنان.

جۆرێکی تری گۆرانی ئەوەیە کە ڕەوشت و عادەت و ڕووداوی ژیانی گەل لە هەموو ڕوویەکەوە دەخەنە بەرچاو. پێوەندیی ناو خێزان، باری کۆمەڵایەتیی دەستە جیاجیاکانی گەل، دۆستایەتی و خۆشەویستی، ئەمانە هەموو گۆرانیی ڕووداوی پێ دەڵێن. وە بەپێی ئەم تێم "اصطلاح"ە، گۆرانیی ئێشکردن لە گۆرانیی ناو خێزان و ڕەوشت و عادەت و یاری و دڵداری و شایی و لاواننەوە و لایلایە و گەلێک جۆری تر، جیا دەکرێتەوە. لە ڕووی فۆرمەوە ئەم گۆرانی و ئاوازانە گەلێک شێوە و جۆریان هەیە و لای هەر میللەتە ئەم جۆرانە جیان. ئەوەی کە تیۆریی ئەدەبی جیهان باسی دەکات و لەم بارەیەوە پێوەندیی بە فۆلکلۆری کوردییەوە هەیە، پێش هەموو شت، گۆرانییە.

گۆرانی هۆنراوەی بچووک و کورتە و لە ڕووی ژانراوە بەشێکە لە لیریک، وە زۆرتر، بەتایبەتی لای گەلانی پێشکەوتوو، بەبێ مۆسیقا یا پیانۆ ناوترێ.

بیلینیسکی گۆرانی بە "لیریکی پوختە" ناو دەبات(٢)، لە ڕاستیشدا، لە هۆنراوەی ئاسایی لیریکدا، زۆر جار وێنەی تایبەتی و فۆرمی دیالۆگ دەبینین. ئەم فۆرمانە بۆیە کەوتوونەتە ناو گۆرانییەوە، چونکە ئەم هۆنراوەی لیریکە لە خۆیدا بۆ گۆرانی دروست بووە.

پەندێکی ڕووسی هەیە دەڵێ «گۆرانی هاوتای جوانییە» یا دەڵێ «لە گۆرانیدا وشە نە لادەدرێ، نە فڕێ دەدرێ». سروشتی گۆرانی، قووڵی و ڕاستییە، لە کانی دڵەوە هەڵقوڵانە، هەست جووڵانە، ساکاری و شت

---

(٢) "سەرەتایەکی ئەدەبیاتناسی". ل٢٦٤.

دەرخستنە. نەک تەنیا لە فۆلکلۆردا، تەنانەت لەو گۆرانییانەشدا کە شاعیران دەیاننووسن، ئەگەر سادەیی و هەست دەربڕین هەبێت. دەبینین کە زوو بڵاو دەبنەوە. چونکە سادەییەکە و ئەو هەستەی کە دەربڕراوە، لە دەروونی خەڵکدان.

هەموو نەتەوەیەک گۆرانیی خۆی هەیە و گەل لە ڕاستییدا خۆی خوڵقێنەری، بلیمەتی، بەشی زۆری گۆرانییە. گۆرانی لە شێوەی جیاوازدا لای زۆر گەلانی جیهان بڵاوە. گۆرانی ئاوێنەی گیانی میللەت و گەنج و بیر و ئامانجییەتی. هەمیشە بە قووڵی و هەست و عاتیفە و لیریک، خۆی لە بەشی تری بەرهەمی ئەدەبی جیا دەکاتەوە و تەنیا ئاوێنەی هەستی تایبەتیی دانەرەکەی نییە، بگرە هەستی فراوانترین کۆمەڵی خەڵک دەردەبڕێ.

لە ڕووی سووژێت "موضوع، باس"ەوە چەند ڕەگەزێکی تایبەتی دەبێتە خاسیەتی گۆرانیی ناو خەڵک و بەرهەمی خەڵک. بەڵام سووژێت لەم گۆرانییانەدا هەمیشە سادەیە و ئاڵۆز نییە و باسی عاتیفە و هەستە و بە زمانێکی سادەش نووسراوە، بەڵام زۆر ناسکە و ئێجگار جوان و پڕ وێنەیە و دەبێتە نموونەی جوانی. گۆرانی، لە ناو ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆردا جێگەیەکی گرینگی هەیە. هاوشانی ئادەمیزادە و لە بێشکەوە تا ژێر خاک، هاوڕێی ژیانییەتی. هاوبەشی ئێشکردنی ئادەمیزادە، شیرینکەری جەژن و شاییە، وەک تنۆکی شادی، لە کاتی حەسانەوەدا، زاخاوی مێشک دەداتەوە، گۆرانی هاودەمی ئافرەتان و شایی ناو خێزان و جوانیی بەیان و خۆرئاوا و ئێوارانە.

خاسیەتی گۆرانیی ناو میللەت، لە ڕووی باسەوە ئەوەیە کە لە شتی جیاجیا دەدوێ و پڕە لە هەست و نەست و خواستی قووڵ و دەوڵەمەند، لەو گۆرانییانەدا هەڵچوونی ئازایانە و سۆزی دڵ دەبیسترێ، بەڵام لە هەموو جار و حاڵێکدا بنەڕەتی جەوهەریی ئەم گۆرانییانە دەربڕینی هێز و توانا و خۆشیی ژیانە.

لە سەدەی پێشوودا، ئوسپێنسکی نووسیوییە: «ماتەم، خواست، سۆز،

سەرما، برسێتی، فرمێسک، بەدی، تەم، ئەمانە دێن و دەچن، بەڵام ئەوەتا ئەو بەرهەمە ڕەنگینە، نەمرە، ئەو دەنگە نەگۆڕراوانە، هەر لە جێی خۆیانن، ئەمانە ناگۆڕێن، وەک دەنگی بولبول، گۆرانیی خەڵکیش تەنیا لەو هێزانەی ژیان دەدوێن کە ناکوژێنەوە، کۆتاییيان نایەت، هەر ئەوە دەخەنەوە یاد کە دەبێ بە خۆشی و شادی بژیت، ئەو دەنگەی کە گۆرانی بۆ نییە، هەمیشە هەر دەنگ دەداتەوە و پیر نابێت»[٣].

بیلینسکی و گۆگۆل گۆرانییان بە مێژووی گەل ناوبردووە، ناویان ناوە "زەنگی دەوران" و وێنەی زیندوو و دیار و ڕەنگینی ڕاستی[٤].

مێژووی گۆرانیی خەڵکی، لە زۆر کۆنەوە دەست پێ دەکات. ئەو مێژووە چیرۆکی ساڵانی زۆر دووری بۆ پاراستووین و لەو گۆرانییانەدا یادی ڕووداو و باسی شەڕەکانی زوو دەبینین. ئەو گۆرانییانەی دەربارەی شەڕەکانی کۆنن، زۆرتر ڕاستە و ڕاست پێوەندییان بە ڕووداوی مێژووییيەوە هەیە. بەڵام لەگەڵ بەرەوپێش هاتنی مێژوودا دەبینین، کە کەرەسەی گۆرانی دەگۆڕێ. لە ئەوروپادا هەر لەگەڵ پەیدابوون و پەرەسەندنی پیشەسازیدا، دەبینین لە پاڵ یا لە جێگەی ئەو گۆرانیی شوان و دروێنەیەی جاراندا، گۆرانیی کرێکار و ناو کارگە پەیدا بوو.

لە سەرەتادا ئەم گۆرانییانە هێشتا هەر ڕەگەز و وێنەی لادێ و ناو جووتیاری هەر تێدا بوو، چونکە ئەو کرێکارانەی لە سەرەتای پیشەسازییەوە ڕوویان کردبووە کارگە و شار، لە دێهاتەوە هاتبوون، بەڵام ورده ورده ڕووخساری ئەم گۆرانییانە گۆڕا.

وەک وتمان، گۆرانی شێوەیەکی کۆنی فۆلکلۆرە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی نووسین و خوێندەواریدا، لە ناو زۆر میللەتدا، ورده ورده گۆرانیی نووسراو

---

(٣) گ. ئۆسپێنسکی. گۆرانیی میللەت. کۆواری "ڕووسکیی یە ڤیدمەستی- دیمەنی ڕووسی»، ١٨٨٩، ژمارە ١١٠.

(٤) سەرەتایەکی ئەدەبیاتناسی. ل ٢٦٥.

پەیدا دەبێت، کە دانەرەکەی دیارە. ئەم گۆرانییانەش لە زۆر خاسیەتدا، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە لە گۆرانیی خەڵک زۆر جیانین. تەنیا ئەوەیە کە چاپەمەنی ناوی خاوەنەکانیان دەهێڵێتەوە، بەڵام لەم دەورەشدا گۆرانیی ناو خەڵک و فۆلکلۆری هەر دەمێنێتەوە، وە وا دیارە تا زەمانێکی زۆر دووریش هەر دەمێنێ و ڕەنگە نەمانی بۆ نەبێت. گۆرانی لەگەڵ ئیشکردنی ئادەمیزاددا پەیدابوو، ڕەنگە تا ئیش بمێنێ هەر بزرنگێتەوە.

لە ئەوروپادا، لە سەدەی نۆزدەمدا دەستەیەک لە شاعیرە باشەکان، لەسەر بنەڕەتی گۆرانیی خەڵکی دەستیان دایە گۆرانی نووسین. ئەمانە زۆرباش شارەزای فۆلکلۆر و ئەو گۆرانییانە بوون کە بەسەر زمانی خەڵکییەوە بوون.

بناغەدانەر و سەرئامادەی ئەم ژانرە ئەدەبییە، لە سەدەی پێشوودا، "پوشکین"ی شاعیری ڕووسە. کە هەندێ شیعری وای نووسیوە کە لە ژیان و شیعری خەڵکەوە نزیکە[٥].

هەندێ لەم شیعرانە، هەر لە خۆیانەوە، وردە وردە لە ناو خەڵکدا بوون بە گۆرانی، هەروەک کارێکی گەورەیان کردە سەر گۆرانیی خەڵک خۆی. زۆر لە هۆنراوەکانی پوشکین خۆی، چوونە ڕیز و لیستەی گۆرانیی خەڵکەوە. هەروەها لە سەدەی پێشوودا، لێرمانتۆڤ و گەلێک شاعیری تر، بە شیعرەکانیان، کاریان کردووەتە سەر گۆرانیی خەڵک. بەتایبەتی ئەوی لە بابەت ژیان و ڕووداو و ئیش و کێشەی کۆمەڵایەتییەوە نووسیویانە، لەسەرخۆ

---

(٥) زیادەی چاپی دووەم:

هەروەها وشەی "شیعر" خۆی لە هەموو زمانە سامییەکاندا لە مانایەکەوە هاتووە کە بۆ گۆرانی بەکار هاتووە وەک "شیرو"ی ئەکەدی و "شیر"ی عیبری و "شۆر"ی ئارامی کە گۆرانی و سروود دەگەیەنن، هەروەک ئیستیلاحی "شیرهشریم"ی عیبری هەیە کە ئەو "نشید الانشاد" دەگەیەنێت کە تەورات دەیداتە پاڵ سولەیمان، بڕوانە «طه باقر، ملحمة گلگامش، بغداد ١٩٦٢، ص٧» ئەمەش یەکێتیی شیعر و گۆرانی دەسەلمێنێت.

چوونەتە ناو گۆرانییەکانی[٦] میللەتەوە[٧].

لە گۆرانیی کوردیدا زۆر شەقڵی گۆرانیی ئاینی و ئیشکردن هەیە، کە دیارن و یەکن، بەتایبەتی بەکۆمەڵ وتنی ئەو گۆرانییانە و پێوەندییان لەگەڵ جوولانەوەدا. ساغکردنەوەی ئەوەی کە گۆرانیی ئاینی لە کوردیدا کۆنترە یا گۆرانیی ئیشکردن، با باوەڕێکی بەتینیشمان لە ڕووی فەلسەفەوە بەیەکێکیان هەبێت، هەوڵ و تەقەلا و کۆششی عیلمیی هەر دەوێ.

زانای ناسراوی کورد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی دەربارەی ناوی گۆرانیی کوردی، ڕایەکی هەیە کە دەڵێ:

«... ڕەنگە ناوی هەندێ لە گۆرانییەکانی کوردی زۆر کۆن بن، بۆ وێنە، "قەتار" ڕەنگە لە وشەی "گاتا"وە گۆڕابێ، وە لە کاتی خۆیا هەر گاتای پێ وترابێ. هەروا "هۆرە"، ڕەنگە گۆرانییەکی تایبەتی بووبێت بۆ ستایشی "ئاهورامازدا". هەروەها "کەڵهوڕی" ڕەنگە "کەڵە ئاهوڕایی" واتە گۆرانییە هەڵبژاردەکانی باسی ئاهوڕا بووبێت. جگە لەوە گۆرانیی "خورشیدی" تا ئێستا گەواهە کە لە کاتی هەڵاتنی خۆردا وتراوە، بەناوی نیازەوە، چونکە دەبینین بەرامبەر بەوە، گۆرانیی "خاوکەر"مان هەیە بۆ خەوهێنان وتراوە»[٨]

ئەم ڕا وردە، لێکۆڵینەوە و لێدواندنێکی قووڵی دەوێ، زۆر بەجێیە کە "قەتار" لە گاتای زەردەشتەوە یا لە ئاڤێستاوە هاتبێ، بەڵام دوور نییە "قەتار" هەر لە وشەی "قەتار"ی عەرەبییەوە هاتبێ، کە بە مانای کاروان بەکار دەهێنرێ. بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە زۆر جار لە مەقامی قەتاردا گۆرانیبێژ دەڵێ

---

(٦) زیادەی چاپی دووەم: لە پاڵ ئەم دەستنیشانکردنەی جەوهەری گۆرانیدا دەتوانین ئەمەش بڵێین کە گۆرانی پەلێکە لە هونەر، هەرچەندە هونەریش لەگەڵ ئیشدا پەیدا بووە، بەڵام دەمێکە لێی جیابووەتەوە، بەم جۆرە ئێستا هونەر هەر خزمەتی بەرهەم ناکات، بگرە خزمەتی سیاسەت و ئاین و گەلێک کاروباری ڕۆژانەش دەکات و ئەمرۆ هونەر بۆ چینەکانی بەرەوژووریش تامێکی تایبەتیی تێدایە.

(٧) بۆ ئەم مەبەسەش تەماشای "سەرەتایەکی ئەدەبیاتناسی" کراوە.

(٨) محەمەد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، نامەیەکی تایبەتی بۆ نووسەر، ١٩٦٨/٦/١٨ تاران.

«قەتاریّ بێنن غەمانم بارکەن»، یا بەم مەقامەوە جۆرە هۆنراوەیەک دەوتریّ، کە مانای ڕاستەقینە یا مەجازیی گەشت و ڕۆیشتن و کاروانی تێدا بێت. وەک ئەم دوو فەردەی:

ئازیز دیارەن، وادەی لوامـــــەن
ئەلوەدای ئاخـر، ئەوە نامـامـەن
دەولەتەکـەی وەسڵ پا نە زەواڵەن
جا ڕێو تەر دیدەن باڵات مـحاڵەن[٩]

هۆرەش زۆر بەجێیە کە یەکێ بێت لە گۆرانییە تایبەتییەکانی "ئاهورامازدا".. یا هیچ نەبێ سەرچاوەکەی یەکێک بێت لە گۆرانییە ئاینییەکان. چونکە دەبینی ئێستاش "هۆرە"، هەر تەنیا هۆرەی دەروێش لە ناو کورددا لەمانە هەموو بەناوبانگترە، وە دوور نییە "هۆرە و ئاهورا و هاوار" لە ڕووی وشە یا زمانەوە، لە یەک سەرچاوەوە هاتبن، وە ئەم وشە و مانایە تەواو لە وشەیەکی زمانێکی تری هیندۆ ئەوروپییەوە نزیکە کە ئەویش وشەی "هورا"ی ڕووسییە کە بە مانای هاوار یا بڵێین- بانگ یا هتاف- بەکار دێت و نزیکی ئەو مانا کوردییانەیە.

ڕۆژبەیانی، مەقامی خورشیدی- بە مەقامی کاتی ڕۆژهەڵات دادەنێ، بەڵام مەقامزانی بەناوبانگ عەلی مەردان[١٠] ئەم مەقامە بە گۆرانیی کاتی خۆرنشین دەزانێ، هەرچۆنێک بێت هەر بەستراوە بە خۆرەوە، جا ڕۆژهەڵات بێت یا خۆرنشین.

ئەگەر لەسەر لێکدانەوەکەی ڕۆژبەیانی بڕۆین و گۆرانیی کوردی هەمووی بەرینەوە سەر سەرچاوەیەکی ئاینی، ئەوا ئەم مەقامی "خورشیدی"یەش دەبەینەوە سەر سەردەمێکی زۆر کۆن، دەیبەینەوە سەر ئەو کاتەی کە ڕۆژ جێگە و مانایەکی تایبەتیی لە باوەڕی کورددا هەبووە. بەڵام دەتوانین هەڵهاتن

---

(٩) دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەغدا، ١٩٦١، ل٥.
(١٠) بۆ ئەم مەبەسە بەدرێژی لەگەڵ ئەم مامۆستایەی مەقامی کوردیدا دواوم.

و ئاوابوونی ڕۆژیش بەئیشکردنەوە ببەستین. هەروەک دەتوانین "هۆرە"ش بکەین بە هاواری کاتی ئیشکردن. مەقامی "خاوکەر"یش دیسان دەبرێتەوە سەر هەردوو سەرچاوەکەی گۆرانی.

## فۆرم و ناوەڕۆکی گۆرانیی کوردی

لە ڕووی ئەدەبیاتەوە "مۆسیقا نا" دەتوانین گۆرانیی فۆلکلۆر بە جۆرە شتێکی جیا لە بەیت و داستان دابنێین.

گۆرانی بریتییە لە تاقە دێڕێک- یا بەیتێک هۆنراوە- واتە هەر بەیتە هۆنراوە لە گۆرانییەکدا، تابلۆیەکی جیاوازە و مانایەکی تەواوی خۆی هەیە و بە بەیتی دووەمی گۆرانییەکەوە نەبەستراوە- وەک دەڵێ:

دەترسم بمرم تۆ نەبینمەوە
بەجوانەمەرگی سەر بنێمەوە(١١)

هەروەها هەندێ جار گۆرانی یا تاقەی هۆنراوە لە گۆرانیدا بریتییە لە سێ نیودێری، وەک دەڵێ:

چەند خۆشە بەزمی ئێواران
گاڵتە و سوحبەت لەگەڵ یاران
لە ناو باخچەکەی هەناران(١٢)

هەندێ جار گۆرانی بە دوو بەیت تەواو دەبێ. ئیتر یا لە شێوەی چوارخشتەکیدا، واتە بەیتی یەکەم و دووەم و چوارەم قافیەیان لە یەک دەچێت و دێری سێیەمی سەربەستە، وەک دەڵێ:

هەنار هەنار هەنارە
دەرد و دەرمانم یارە
ئەم جەژنەم بەبێ تۆ کرد

---

(١١) دکتور محمد مکری: گورانی و ترانەهای کردی. تهران، ١٣٢٩، ص١١٤.
(١٢) موکری. ل ١٣٥.

تاڵە وەک ژەهری مـــارە[١٣]

یاخۆ چوار خشتەکی نییە، لە ڕووی قافییەوە دوو بەیتی جیاوازە، بەڵام بەبێ یەکتر مانایان تەواو نابێت– وەک دەڵێ:

نامـــە ئەنووسم بە خـــوێنی دڵم
ئەیدەم بە شەمـاڵ بیبـا بۆ گـوڵم
نایدەم بە شـەمــاڵ پێـچـوپەنایە
بۆ خـۆم بۆی دەبەم داخم لە دڵایە[١٤]

ئەم باسانەی تا ئێستا لەسەر فۆلکلۆری کوردی نووسراون، گۆرانیی بۆنە "مناسبات" و ئیشکردنیان باش لەیەک جیاکردووەتەوە وەک: گۆرانیی شوان، گـۆرانیی جـووتیـار "بە هەمـوو چەشنییـەوە" کە لە خـۆیدا– بە وشـە و زمـانی گـۆرانیـیـەوە کـەرەسـەیەکی باشـە بـۆ سـاغکردنەوەی سـەرەتای دەست بە کـشـتـوکـاڵکردن لە کـوردسـتـاندا. هەروەها گـۆرانیی شـایی و هەڵپـەڕکێ و کشکگرتنی منداڵ هەیە. گۆرانیی دیلانێ و یاریکردنی منداڵیش دەچێتە سەر ئەمیان. هەروەک گەلێ چەشنی تریش هەیە، هەندێکیان دەچنەوە سەر گۆرانیی ئیشکردن، نەک "بۆنە"، وەک گۆرانی ئافرەتان لە کاتی ئیشدا "کۆڵکێشان و مـانگادۆشـین و مـەشکەژەنن"، کە ئـەمیش کـەرەسـەیەکی باشـە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوەی کـە ئافـرەتی کـورد کـەی دەسـتی داوەتـە ئیـشکردن، یا لە کـۆمـەڵی کوردەواریدا کەی دەوری دەسەڵاتداری و سەرەک خێڵیی ئافرەت بووە[١٥].

گۆرانیی کوردی هـەرچەندە سادەیە و وشەکانی تەواو لە قسەی سادەی ناو خـەڵکەوە وەرگیراوە. بەڵام لە ڕووی جوانی کاری و ڕازاندنـەوە و بەلاغـەتەوە، پڕە لە "تەشبیە"ی جوان جوان کە لە ئەدەبی کلاسیکیی سەدەی نۆزدەیەممانـدا

---

(١٣) (١٤) دەستنووس.

(١٥) بۆ ئەوەی زیاتر لە دابەشکردنی گۆرانیی بۆنەکانی کوردان بگەین تەماشای کتێبی "سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە" و ژمارەکانی کۆواری شەفەق و بڵێسە و ڕۆژی نوێ بکە.

ڕێکخراوتری دەبینین. وێنەی بالا بە "شمشال و چنار و لاولاو" تەشبیە دەکرێ، دان بە مرواری، قژ بە تاریکیی شەو، برۆ و برژانگ بە تیر و کەوان.

گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی وێنەیەکی سروشتی ولاتەکەشمانمان پێشان دەدات. خورەی ئاو، چڕی دارستان، بارانی بەهار. کانی و ئاو و ڕووبار و سەرچاوە، کێوە بەرزەکان و ناوی ئەم کێو و ئەو کێو. گوڵی کێوی: بەرەزا، دار بەڕوو، ڕەشەڕێحانە، گوڵی هەنار، دارەبەن و جۆر جۆر دیمەنی تری سروشتی ولات لە گۆرانیی کوردیدا دەچریکێن و سەر هەڵدەدەن و خۆیان دەنوێنن:

ئەمبەرم شاخە، ئەوبەرم شاخە

کراست بۆ ئەکەم لە گوڵی ئەو باخە(١٦)

گۆرانی کوردی گەنجینەیەکی شوێنەوار و شوێن هەواری عەشق و عاشقانە. زیندووکەرەوە و ناو هێڵەرەوەی گوند و شار و شوێنانی ولاتە لە هەموو گۆرانییەکدا ناوی چەند جێگە و شوێنێک جێگیر دەکرێت. هەر لە "بێستوون"ی مەنزڵگەی فەرهادەوە تا زرێباری لە گۆمدا نقووم بوو، تا کانی سانان لە مەڵبەندی ئەردەلان و مەریوانەوە تا قەلاچوالانی قەلای سەختی بابان. ئەمانە هەموو لە گۆرانیی کوردی یا شریت و وێنەیەک دەخەنە بەرچاو و دیمەنێکی ڕابردوو دەگێڕنەوە، هەر شارە، یا گوندە، لە هەر گۆرانییە دا نیشانەی شتێکە. با سەیرێکی ئەم دوو بەیتە بکەین، کە دیمەنێکی ڕابردوو، سەربەخۆیی، شارستانیەتیی کۆن دەگێڕێتەوە:

ساڵێ بەو ئەیام زرێبار شار بوو

سێ سەد دەروازە و چوار سەد منار بوو

زرێبار چڕی لە کانی سانان

کوا خان ئەحمەوخان، باشی کولخانان(١٧)

لە شوێنی تردا دەبینین، شارەزوور بێت، یا سەقز، یا بانە، یا عەبابەیلێ و

---

(١٦) دەستنووس.

پێنجوێن بێت، ئەوە بەندێکی دڵداری دەگێڕنەوە.

دەشـتـی مـەریوان کـاکی بە کـاکی
دوور لە باڵاکـەت وێران بێ خـاکی[18]

لە شوێنێکی تردا ئەو مەڵبەندی خۆشەویستی و ئەڤینە دەبێتەوە نیشتمانە خۆشەویستەکە و لە قووڵایی دڵێکی سافی بێگەردەوە خۆشەویستیی بەرامبەر دەردەبڕِێ:

خـۆشـە سلێـمـانی خـاکی دڵگیـرە
ئەوی لێی دوور بێ حەوت ساڵ یەخسیرە[19]

یاخۆ دەڵێ:

تۆ لە سلێمانی بە کراسی حەوت ڕەنگ
منیش لە تاران غـەریب و دڵتـەنگ[20]

جوانترین و بەسۆزترین وێنەی خۆشەویستیی نیشتمان لەو گۆرانییە کوردییانەدا کە باسی غەریبی دەکات، نزیکەی هەزار و چوار سەد ساڵە هەموو موسڵمانێک فەرموودەی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە کە خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە، بەڵام هەر بە وشەی سادە و ساکاری کوردی ئەو مانایە لە گۆرانیی کوردییا دەبینین، کە زۆر بە قووڵی دەڵێ:

هەر کەس کە بیوشەت غەریبی خاسە
ئەویش لە جوملەی خودا نەشوناسە[21]

واتە: خۆشەویستیی نیشتمان و باوەڕ و خواپەرستی، هەمووی لە لای ئەو کوردە خواپەرستە سادەیە، چەند وشەیەکن لە قووڵایی دڵ و هەست و

---

(١٧) موکری. ل٩٩.
(١٨) دەستنووس.
(١٩) موکری. ل٩٩.
(٢٠) موکری . ل١٣.
(٢١) موکری. ل٤٦.

مێشکدا بەرامبەر بە یەک دەوەستن.

گۆرانیی غەریبی و دووری نیشتمان گەلێک تابلۆ و وێنەی قووڵی تێدایە، تەواو دیمەنی فراوانی هەستی ئادەمیزاد و مرۆڤایەتی دێنێتەوە بەرچاو، وەک لەم دێرەدا دەبینین کە دەڵێ:

ئەترسم بمرم لەم دوور وڵاتە
دڵ پڕ لە خۆزگە و ئاخ و ئاواتە(٢٢)

واتە ئادەمیزاد، هەستی، خواست و ئاواتی دەروونی، هیوای ڕووناکی دواڕۆژی، هەموو لە غەریبیدا دەمرێ.

غەریبی شاران هەر بۆ من خاسە
کراسم غەمە، بەرگم پالاسە(٢٣)

نیشتمانپەروەر لە غەریبیدا هیچ جوانی و خۆشییەک بەدی ناکات، نە لە دەروونا و نە لە ڕووخساردا.

غەریبی شاران بە چیا دیارە
ڕەنگییان زەردە و لێویان بەبارە(٢٤)

گۆرانیی کوردی لە پاڵ ئەم دیمەنانەدا کەرەسەیەکی جوان و باشە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد، پێوەندیی ناو خێزان، بەرەوپێشچوون و گۆڕانی ڕەوشت و خوو، کچ بە شوودان. لێکۆڵینەوەی ئەمانە بەپێی ساغکردنەوەی کات و شوێنی گۆرانییەکە و بەپێی زاراوە و چەشنی زمانەکەی دەبێ:

خوای بانی سەر زۆردار بکەی کۆر
دۆستم ناشی بی بردنی وە زۆر(٢٥)

---

(٢٢) دەستنووس.

(٢٣) دەستنووس.

(٢٤) دەستنووس.

(٢٥) موکری. ل٣.

یاخۆ دەڵێ:

ئەگـــــەر نەبووایە بە لۆمـــــەی وڵات
کـەپرێکم دەبەست شـەو و ڕۆژ لەلات(٢٦)

هەروەک گـۆرانی کوردی کـەرەسـەش دەدات بەدەسـتـەوە بۆ سـاغکردنەوەی لێکۆڵینەوەی هەندێ شت کـە خـۆیان لە خـۆیاندا فـۆلکلـۆر و دیمەنی ژیانی کۆمەڵایەتیش لە پلەیەکی ژیاندا دەردەخەن. بۆ نموونە دەتوانین بەدوای باسی "گۆزە" و "ڕێگەی کانی" و "گلێنە" و "چیغ" و "کاسە و کەوچک"دا بگەڕێین لەم گۆرانییانەدا. هەروەها گۆرانی کوردی وەک هەندێ لە داستـان و بەیتەکان دیمەنی جلوبەرگی "سەردەم"ی خۆی نەخشە دەکێشێ. باسی "شەدە" و "کڵاو" و "پشتێن و دەسماڵ و ڕانکوچۆغە و ستارخانی و مرادخانی و شاڵوشەپک" لە گۆرانیی کوردیدا ئێستا دیمەنێک دەهێنێتەوە بەرچاو کە هێشتا هەر ماوە و لە بەرچاومـــاندایە، بەڵام ڕۆژێک دەبێ لە ڕێگەی فـــۆلکلۆرەوە بەدوایاندا بگەڕێن و نەخشەیان بۆ بکێشن.

گۆرانیی کوردی خۆی وێنە و ئاوێنەی هەست و عاتیفەیە؛ چونکە شێوەی دەربڕینی ئەم هەســتــەش سـادە و بێ پێچ و پەنا و ڕاســتـەوخـۆیە، بۆیە لە گۆرانیی دڵداری و عەشق و ئەڤینی کوردییا ڕاستگۆیی و وێنەی ڕاستی بەدی دەکـــەین، بگرە وێنەیەکی قـــووڵی لە دەروونـی ســـووتاو و بەســـۆز و پاک و دڵسۆزەوە هەڵقوڵاو دەبینین، ئەگەر بمانەوێ بە قووڵی لەم باسە بدوێین، تاقە دێڕێکی فۆلکلۆری کوردی هەیە، کە لە قـووڵیی عاتیـفـە و ڕاستگۆیی وێنەدا ساکـارە، بەڵام زۆر ڕەنگین وەک تابلۆیەکی لەشـدار دێتە پێش چاو و دەبێـتە بەڵگەی قسە:

بنووسـن لەسـەر کـێلی مـەزارم
شەهیدی عەشقم مەدەن ئازارم(٢٧)

---

(٢٦) موکری. ل١.

(٢٧) موکری. ل٩.

ڕەنگە ئەمە لووتکەی هەست و عاتیفە و خۆ بەختکردن بێت لە پێناوی خۆشەویستیدا، بەڵام لەم وێنەیە لە گۆرانیی کوردیدا زۆرە:

خۆزگەم لەم دنیا تۆیان بایە پێم
چش! با لەو دنیا دۆزەخ بووایە جێم(٢٨)

ئەمەشیان شایانی لێکدانەوە و خستنە بەرچاوی هەموو سەر، یا بە ئیستلاحی تازەی ئەدەب، شایانی خستنە بەرچاوی پانی و درێژی و بەرزیی، تابلۆکەیە. بەڵام هەر لەم بارەیەوە وێنەی تریشمان وا لە بەرچاوە. لە دیمەنی خۆبەختکردندا ئەم دێرە نموونەیە:

شەرت بێ لە داخت تەرکی دنیا کەم
عەسا هەڵگرم، کەشکۆڵ پەیدا کەم(٢٩)

لێرەشدا، تەرکی دنیاکردن و عەسا هەڵگرتن و کەشکۆڵ پەیداکردن، هەر یەکە دیمەن و وێنەیەکن، هەر یەکە وێنەی چیرۆکێکن، بەسادەیی بڵێین چیرۆکێکی لەیل و مەجنوون و ئەسڵی و کەرەم و شیرین و فەرهاد و شەم و وەلی دێوانە خستنە بەرچاوان. ئەم دێرەی تریش وێنەیەکی دڵسۆزی پێشاندانە:

ئەگەر گەرەکتە دڵەکەم دەربێرم
لە جێی جل و گوڵ بۆتی بنێرم(٣٠)

لە لووتکەی ئەم وێنە و تابلۆیانەی دڵسۆزیدا و لە دیمەنی ڕاستگۆیی عاتیفەدا ئەم دێرەش هەیە:

شەرت بێ گوڵی کەس نەکەم بە بۆوە
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە(٣١)

---

(٢٨) دەستنووس.

(٢٩) دەستنووس.

(٣٠) موکری. ل٨٥.

(٣١) دەستنووس

لە دێرێکی تری گۆرانییدا، هەر تەنیا سۆز و عاتیفە و ئاوات و دڵسۆزی دیار نییە، بگرە وێنەیەکی لەشدار و تابلۆیەک دەبینین کە جووڵانەوە و نەوەستان و دینامیکێتییەکی زیندووی تێدایە و لە پاڵ هەموو ئەوانەشدا خەیاڵێکی فراوان. ئاواتێکی تێدایە کە لەوە دەچێ نەیەتە دی، بەڵام کۆششی مەردانەی ئادەمیزاد دەگاتە هەموو شت، دێرەکەش ئەمەیە:

خوایە هەڵکەنی ئەو کێوە لەبن
بەڵکو دەرکەوێ نووری دیدەی من(٣٢)

ئەو سۆز و ڕاستگۆیی و وەفادارییەی لە گۆرانیی کوردییا بەدی دەکرێ، هەر بەو چەشنە لەو شین و لاواندنەوەیەدا بەدی دەکرێ کە لە سەر دەمی خەڵکن و بەرهەمی ئەوانن و بەشی فۆلکلۆری کوردین:

کە من دیم خەسرەو خوێن بە بەرگەوە
ئیتر نیم وەتەنگ سزای مەرگەوە(٣٣)

بەڕاستی ئەم دێرەش لە خۆیدا تابلۆیەکە کە دەڵێی پەڕی دەستی نەخشەکێشێک خستوویەتییە سەر کاغەز و بەڕەنگی سوور و چەند ڕەنگی تر، وێنەی مەرگ و کۆچ و گۆڕی تاریک و سزای مەرگ و وەفاداریی زیندووانی خستووەتە بەرچاو. هەر لەم بارەیەوە با سەیرێکی ئەم دێرەش بکەین:

ئەوەندەم داخ خوارد داخ دڵی بردم
چوومە شەرای مەرگ عەجەب نەمردم(٣٤)

ئەگەر شین و لاواندنەوە تابلۆی خەم و ناخۆشی بخەنە بەرچاو، ئەوا "لایلایە"ی کوردی جاروبار تابلۆی خەم و ئازاری باو و باپیر پێشان دەدەن و لە دواییشدا ئاوات و ئازایی و وێنەی هیمەت دانە بەرە.

ئەگەر خەم و ئازار و وێنەی بەشی زۆری ئەم جۆرانەی گۆرانی بێت، ئەوا

---

(٣٢) دەستنووس.

(٣٣) دەستنووس.

(٣٤) دەستنووس.

هەر لەوێدا دیمەنی ئیشکردن و ڕەنجدان و زەحمەتکێشانیش دیارە، هێزی بازوو ئارەقی ناوچەوان و نانی حەڵاڵ لە ناو دێری ئەم گۆرانییانەدا بریسکەیان دێت، بەڵام ئەمانە بێ وێنەی سەختیی ژیان و ئێش و ئازار و ئەو زام و برینانە نابن کە لە سەدان ساڵی کێشەدا لە پێناوی ژیاندا، لە کۆڕی ئارەق ڕشتندا، لە مەیدانی کۆستکەوتن و جگەرسووتاندا دەمێنێتەوە، ئەمانە جێگەیان بە جۆرێک بۆ خۆیان کردووەتەوە کە لە قووڵاییی دڵەوە دێنە سەر زمان و دەبن بە گۆرانی:

خەم تۆ برامی، خەم تۆ برامی
خەم کاروانسەرای شەو مەنزڵگامی(٣٥)

یان دەڵێ:

خەم بوو بە نانم، خەم بوو بە بەرگم
خەم بوو بە خەنجەر درا لە جەرگم(٣٦)

لە لووتکەی بەلاغەتی ئەم جۆرە بیرەدا، لە وێنەیەکی سادە، بەڵام قووڵدا، ئەم دێرەش دەبینین:

ئەو کێوەی دیارە تەمی لە بنە
ئەوە تەم نییە هەناسەی منە(٣٧)

گۆرانیی "لیریک"ی کوردی، هەمووی پارچە و دیمەن و وێنەی ڕەنگین و نەخشە و تابلۆی تازە و ڕەنگاوڕەنگ و تەڕ و پاراوە. هەر دێرە بەجۆرێک هەست و عاتیفە دەردەبڕێ، جۆرە ئاواتێک، جۆرێک لە دەرخستنی لەسەر پەیمان سووری و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی. ئەگەر لە جیهانی ئەمڕۆی ڕەخنەی ئەدەبدا، لێکدانەوە و شیکردنەوەی قەسیدە و پارچە هۆنراوە باسێکی تایبەتی بێت، ڕەنگە هەر دێرێ لەمانە، با ساکار و سادەش بێت، لە خۆیدا تاقەیەکی

---

(٣٥) موکری. ل٤٩.

(٣٦) دەستنووس.

(٣٧) گۆرانی و ترانەهای کوردی، د. محەمەد موکری.

هۆنراو بێت، ئەگەر قەسیدەیەکی تازە کۆمەڵە تابلۆیەک بێت ئەوا لە هەر دێرێکی گۆرانیی کوردیدا تابلۆیەکی تایبەتی دەبینین و ئەمەش دەوڵەمەندی و قووڵی و بایەخی گەورەی ئەم بەشەی ئەدەبی فۆلکلۆرمان و گەنجینەی نەتەوەییمان دەردەخات.

# پەندی پێشینان و قسەی نەستەق

ئەگەر ئەو بەشانەی فۆلکلۆری کوردی کە تا ئێستا باسمان کردوون نەختێک خرابنە پشتگوێ و کەمتەرخەمی لە کۆکردنەوەیانا بووبێت، یا ماوە و توانای کۆکردنەوەیان نەبووبێ، ئەوا پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی لەوان بەختەوەرتر بوون و بەشێکی زۆریان کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە و چاپ کراون. کۆنترین کۆمەڵەی کۆکراوە، ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٣٣ دا ئیسماعیل حەقی شاوەیس بەناوی "قسەی پێشینان"ەوە کۆی کردووەتەوە[١]، لەوێدا ٦٠٣ پەندی پێشینانی نووسیوەتەوە و لەسەر بناغەی پەندی "سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی، ئیقتیسادی، کۆمیک -گاڵتە" دابەش کراوە.

شاوەیس سەرەتایەکی بچووکی بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە و لە کۆتاییشدا بە دوو لاپەڕە، لە تەنگوچەڵەمەی کوردی نووسین دواوە، لەو پێشەکییەدا و لەو دوو لاپەڕەیەشدا گەلێک بیری ورد بەدی دەکەین کە بۆ ئەو ڕۆژە تەواو تازە بوون و ڕۆڵێکی بیرڕووناکیی پێشڕەویان داوە بە خاوەنەکەی. هەر وەک ڕووکردنە پەندی پێشینان و قسەی خەڵک، ئا لەو ساڵانەدا بەڵگەی باوەڕێکی بەتین بە نەتەوەی کورد و بە خەڵکی زەحمەتکێش. دوابەدوای ئەو، مەعرووف جیاووک لە ساڵی ١٩٣٨دا بە ناوی "هەزار بێژ و پەند"ەوە[٢] هەزار پەندی پێشینانی کوردیی لەسەر پەیڕەوی تیپی هیجا کۆ کردووەتەوە و لە چاپی داون. لە کۆواری گەلاوێژیشدا گەلێک پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی چاپ کراون.

---

(١) قسەی پێشینان، ئیسماعیل حەقی شاوەیس. بەغدا، ١٩٣٣.

(٢) هەزار بێژ و پەند، دامزراوو کۆکردنەوەی مەعروف جیاووک، بەغدا ١٩٣٨.

بەڵام لەمانە هەموو فراونتر و کۆکتر و هەمەڕەنگتر، کۆمەڵەکەی شێخ محەمەدی خاڵە[٣]، هەرچەندە ئەمیش هەر بە پێی تیپی ئەبجەد ڕیز کراوە و دابەش کراوە، بەڵام لە فراوانیدا پێش کۆمەڵەکانی تر دەکەوێت.

بە شێوەی کرمانجیی ژووروش گەلێک کتێبی پەندی پێشینان چاپ کراوە. لەوانە کۆمەڵەکەی جگەرخوێنی شاعیرە کە لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە شام چاپی کردووە[٤]، هەروەها لە حەڵەبیش ئەفسەری تەقاویت "جەمیل کەننە" کۆمەڵێک پەندی کوردیی بە وەرگێڕانی عەرەبییەوە چاپ کردووە[٥].

هەروەک زانا و فۆلکلۆرناسە کوردەکانی وڵاتی سۆڤێتیش گەلێک بە پەندی پێشینانەوە خەریک بوون. لەمانە: دوکتۆر حاجی جوندی و جاسمی جەلیل بە جیا پەندی پێشینانیان چاپ کردووە، هەروەک دوکتۆر قەناتی کوردۆ و دوکتۆر مارگرێت ڕۆدینکۆ کۆمەڵەیەک پەندی پێشینانی کوردییان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی.

---

(٣) پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، بەغدا ١٩٥٧.

(٤) جگەر خوێن. گوتنا پیشینا، شام ١٩٥٧.

(٥) جمیل کنه. امثال کردیة. حلب ١٩٥٧.

## پەندی پێشینان چییە(٦)؟

پەندی پێشینان بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک. ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یا خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچییەک بێت دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە.

پیاوانی دنیادیدە، بەپەندی پێشینان، لاوان و نەوەی تازە فێری ڕەوشت و خوو دەکەن. خراپە و کەموکووڕی و پێ چارە دەکەن. لە کاتی ناخۆشی و ماتەمدا پەنا دەبەنە بەر ئەم پەندانە، پەندی واش هەیە لە وێنەی گاڵتە پێکردن و گاڵتەکردن دان و خەڵکی بۆ خەم ڕەواندنەوە دەیگێڕنەوە. پەندی پێشینان لە خۆیدا ئەنجامێکە کە ژیریی گەل لەسەر بناغەی دنیادیدەیی و تەجروبەیەکی

(٦) زیادەی چاپی دووەم:

پاش دەرچوونی چاپی یەکەم، هاوەڵێک لە بینینێکدا ڕەخنەیەکی هەبووە ئەو ڕەخنەیە لەو بەشەی سەرەتای نامەی دوکتۆرای قوتابیی بەنرخم شوکریە ڕەسووڵدا کە بڵاوکراوەتەوە تۆمار کراوە، ئەویش ئەوەیە کە لەم باسەدا پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە یەکتر جیا نەکراوەتەوە، بەڕاستی هەر لە نووسینی کتێبەکەدا هوشیارانە ئەوە خرابووە پێش چاو کە ئەم دوو بابەتە جیا نەکرێنەوە، پاش ئەو ڕەخنانەش جارێکی تر لە هەردوو بابەتەکە ورد بوومەوە و چوومەوە سەر گەلێک سەرچاوەی ڕووسی بۆ جیاکردنەوەی "پەمسلوڤیستە" و "پاگەڤۆرکا" کە بەرامبەر بەو دوو بابەتەی ئێمە هەروەک لە عەرەبیدا بۆ جیاکردنەوەی "حکم" لە "امثال" گەڕام جارێکی تر گەیشتمە ئەوەی کە جیاکردنەوەیان زەحمەتە، لە هەموو ئەو سەرچاوانەدا هەوڵی ئەوە دراوە لە دەرەوەی بابەتەکانەوە، فۆلکلۆرناس خۆی مەزندەیەک دانێ و بەو پێیە ئەو دوو بابەتە جیا بکاتەوە، ئەمەش زۆر زەحمەت نییە. بەڵام ئەنجامی ڕاستی مەسەلەکە نییە. لەبەرئەوە ئەم مەبەسە لە جێی خۆیدا مایەوە، هیوادارم لە دوارۆژدا بەشێوەیەکی تایبەتی لەم باسە بدوێم، یا شارەزایەک پێشتر بگاتە ئەنجامێکی ڕاستتر.

دەوڵەمەند گەیشتوویەتێ.

پەندی پێشینان لە ناوەڕۆکدا لە قسەی نەستەقەوە نزیکە، بەڵام هیچیان ناتوانن جێگەی ئەوی تریان بگرنەوە.

قسەی نەستەق کەمتر مەبەست دەدات بەدەستەوە، واتە مانای زۆر ڕۆشن نییە و لە قسەکە خۆیدا دەرناکەوێ، جاری وا هەیە زۆر کەس بەتەواوی لە مانای ناگەن.

پەندی پێشینان، یا قسەی نەستەق، ڕستە وتەیەکی کورتە، مانایەکی فراوان و قووڵی تێدایە. پەندی پێشینان زۆر جار ڕاستەوڕاست ئەنجامێک دەدات بەدەستەوە وەک دەڵێ: بەندە بێ عەیب نابێ، یاخۆ، با ئاو بتبا لە پردی نامەرد مەدە. یا ئەم پەندانە یەکسەر مانا نادەن بەدەستەوە و دەبێ لە قسەکە ورد ببیتەوە و بگەیتە مەبەست، وەک دەڵێ: سەرێکی هەیە و هەزار سەودا. ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک. بە گوڵێک بەهار نایەت. کەڵەشێریش نەبێت خوا ڕۆژ دەکاتەوە. پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بەزۆرتر قسەی گەلە و خاوەنەکەی دیار نییە. بەڵام زۆر جار هەیە نیوە هۆنراوەیەک، یا بەیتێکی تەواوی شاعیرێک دەکەوێتە سەر زمان و دەبێ بە پەند. بۆ نموونە ئەو نیوە دێرەی نالییە کە ئەڵێ: بێ بەرگییە عیلەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە(٧).

یا ئەو نیوە دێرەی حەمدی کە دەڵێ: مێشێ گەیشتە ڕووی نیگارێک لە خاڵ دەچێ(٨).

بەڵام دەتوانین ئەم نیوە هۆنراوانە کە خاوەنیان دیارن ناو بنێین قسەی نەستەق و بەوە لە پەندی پێشینانیان جیا بکەینەوە. بەڵام لە پاڵ ئەم هۆنراوانەشدا زۆر جار دەبێ کە پەندی پێشینان خۆی هۆنراوە و خاوەنی هۆنراوەکە دیار نییە وەک:

---

(٧) دیوانی نالی. هەولێر ١٩٦٢، ل٧١.

(٨) دیوانی ئەحمەدی حەمدی بەگی ساحێبقران، بەغدا ١٩٥٧، ل٧٢.

له شەل هەڵکەوتم خۆم دا بەکوێردا
خـوا بـەخـتـی منی هـەر لار و وێردا[٩]

یا ئـەم دوو بەیتـەی شـێـخی خـاڵ لە سـەرەتای پەندی پێـشـینـانەکـەیدا کردوویەتی بە نموونە:

ئاوی بڕوا بۆ ڕوخانە      خوێش بیخوا نەک بێگانە[١٠]

یا دەڵێ:

بە زستان پینە و پەڕۆ      بەهاوینان ورد ورد بڕۆ[١١]

زۆر جـاریش هـەیە پەندی پێـشـینان هۆنراوە نیـیـە، بەڵام دوو بەشـە و کۆتایشیان بە "سەجع"ێکی یەک قافیە دێتەوە، وەک دەڵێ:

«تەمەڵ دەڵێ هـەمووی دەخۆم، دوایی دەڵێ چیم کرد بەخۆم»[١٢]

یاخود دەڵێ: «ئەگەر زانیت ئەزم، ئەگەر نەتزانی دزم"[١٣]

یا دەڵێ: «ئەگەر گۆشت گرانە، نەخوارنی هەرزانە»[١٤]

یا: «حەوتی بمرێ لە باوان، سورمەی نابڕێ لە چاوان»[١٥]

پەندی پێشـینان هـەر وەک خـۆی لە ڕیزی فـۆلکلۆردا شـتێکی تایبـەتییـە، هـەروەها لەگـەڵ خـۆیدا بەشـێکی تری فـۆلکلۆر دەهێنێـتە کـایەوە کـە ئەویش کـورتە چیـرۆکـە. چونکە هـەمـوو بەنـدێک سـەرەتایەکی هەیە، واتە، شـتـێک، قـەومـاوێک، کـارەسـاتێک، ڕووداوێک ڕووی داوە، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو پیـاوە ژیرە ئەو قـسـەیەی کـردووە کـە بووە بە پەند و مـەسـەل و بڵاو بـووەتەوە و

---

(٩) دەستنووس.
(١٠) خاڵ. ل١٣٠.
(١١) خاڵ. ل٣٦.
(١٢) خاڵ. ل٥١.
(١٣) خاڵ، ل١٦.
(١٤) دەستنووس.
(١٥) خاڵ، ل١٧.

ماوەتەوە. نرخێکی گەورەی کۆمەڵەی "پەندی پێشینان"ەکەی خاڵ لەوەدایە کە زۆر بەدوای ئەم چیرۆکانەدا گەڕاوە و زۆری پەندەکانی بردووەتەوە سەر سەرچاوەکەی. هەرچەندە دۆزینەوەی سەرچاوە و چیرۆکی هەموو پەندێکی کوردی ئەرکێکی گرانە[١٦].

پەندی پێشینان- وەک وتمان- ڕەوشت و خوو سروشت و ژیری و دیمەنی ژیانی گەل دەخاتە بەرچاو، هەر لەبەر ئەمەشە کەوا لە لای زۆر لە میللەتان پەندی هاوبەش هەیە. جاری وا هەیە پەندێک لە دەیان زمانی گەلانی ئەم سەر زەمینەدا دەبینرێ وەک: «دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە»[١٧]. ئەم پەندە کە وێنەی ئیشکردن و ڕێزنان لە ئیش، لە پەندی پێشینانی زۆر لە گەلانی زەمیندا دەبینرێ، ئیتر یا یەکسەر هەر لەو قاڵبەدا، یا وشەکان دەگۆڕرێن و ماناکە هەر خۆیەتی.

ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە دەبینین بەشێکی زۆر لە پەندەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات هاوبەشن و لەیەک دەچن، ئەمەش هەر بەوە لێک دەدرێتەوە، کەوا ژیانی ئەو گەلانە لە زۆر دیمەنیدا لەیەک دەچێت و لە ڕووی گۆڕران و بەرەوپێشچوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئەم گەلانە بە پلە و ڕژێمی لەیەکچوودا تێپەڕ بوون و پیاوی ژیریان تەجروبەی لەیەکچوویان دەربارەی ژیان وەرگرتووە، بە هەموو تاڵی و شیرینییەکی ژیانەوە. لەم بارەیەوە نموونە زۆرە و ئەم باسە لە خۆیدا کەرەسەی لێکۆڵینەوەی قووڵ و گەورەیە. بەڵام دەتوانین لە ڕیزی ئەم نموونانەدا ئەو پەندە کوردییە ببینین کە دەڵێ:

«هەموو ڕێگەیەک دەچێتەوە سەر بانە»[١٨]. ئەمە تەواو لە پەندێک دەچێت کە لە زۆر زمانی ئەوروپادا هەیە و شاعیرێکی عەرەبیش کردوویە بە نیوە

---

(١٦) لەم بارەیەوە نووسەر جەمال بابان و محەمەد مەعسووم مائی هەوڵێکی باشیان داوە. هەرچەندە بەرهەمەکەیان لەم بارەیەوە تەنیا بە ڕادیۆ بڵاو کراوەتەوە و هێشتا چاپ نەکراوە.

(١٧) خاڵ. ل ١٧٣.

(١٨) دەستنووس.

هۆنراوەیەک کە دەڵێ: «کل الطرق الیک یا روما تعود» واتە: ئەی شاری ڕۆما، هەموو ڕێگەیەک دێتەوە سەر تۆ(١٩) یا ئەو پەندە کوردییەی دەڵێ: چەمی درۆ سەرچاوەی نزیکە، ئایا ئەم پەندە هەر لەوە ناچێت کە بە عەرەبی و گەلێک زمانی تر هەیە و دەڵێ «حبل الکذب قصیر» واتە- پەت یا گوریسی درۆکردن کورتە؟ هەندێک لەم یەکچوونانە هەر لەبەر ئەو "هۆ" عیلمییە کە باسمان کرد و هەندێکیان هەر وەرگێڕانن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لەلایەن خوێندەواری ئەو نەتەوەیەوە. ئەم باسەش سەرچاوەیە بۆ لێکۆڵینەوەی درێژ و دەتوانرێ کتێبی گەورەی دەربارەی «بەراوردی پەندی پێشینانی کوردی لەگەڵ پەندی نەتەوەکانی تردا» لەسەر بنووسرێ.

بەلام لێرەدا پێویستە باسی پەندی پێشینان لە زمانی کوردی خۆیدا بکەین. چونکە شتێکی زۆر ئاساییە کە لە دیالێکتە جیاوازەکانی کوردیدا بەشی زۆری پەندی پێشینان لەیەک بچێت و تەنانەت هەر وەرگێڕانی یەکتر بێت لە دیالێکتێکەوە بۆ ئەوی تر.

هەندێ جار لە یەکێ لە بێچووەکانی(٢٠) دیالێکتێکەوە بۆ ئەوی تر هەندێ

---

(١٩) ئەگەر ڕۆما لای گەلانی ئەوروپا جێگەی پاپا بێت و خەڵکی لە ئەنجامدا ڕووبکەنەوە ئەوێ، دەبێ بۆچ لای ئێمە "بانە" هەڵبژێررابێت. تۆ بڵێی لەبەرئەوە بێت کە سەرە ڕێگەیەکی کۆنە و مەنزڵگەی کاروانی بازرگانیی دەورێکی ژیانی کوردەواری بووە؟ یا هۆیەکی تر هەیە؟ ئەمەش لە خۆیدا کەرەسەیە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تر.

(٢٠) وەک دەزانین لە هەموو زمانێکدا چەند دیالێکتێک هەیە و هەر دیالێکتە دەبێ بە چەند بەشێکەوە، ئەو بەشانە شتێکن لە دیالێکت بچووکتر، کە لە ناوچەیەکی تەسکتردا قسەی پێ دەکرێ، لە هەر زمانەدا شتێک بەم بەشە دەوترێ.
تۆفیق وەهبی، بە کوردی ناوی ناوە «بێچووە شێوە»، بۆ نموونە شێوەی کرمانجی خواروو کە بە هەڵە سۆرانیی پێ دەوترێ، دەبێ بە چوار بێچووە دیالێکتەوە کە: "سلێمانی و سۆرانی و سنەیی و موکری"ن.
«بڕوانە: تۆفیق وەهبی، ژمارەکانی ساڵی یەکەمی کۆواری گەلاوێژ، بەغدا ١٩٤٠».

پەند دەگۆڕڕێ، وەک لە ڕووی زمانەوە زۆر جار پەندێک کە ناوەڕۆک و دارشتنی یەکە و لە ناوچەیەکەوە بۆ ئەوی تر کە دیالێکتیان یەکە و لە بێچوویەکی جیان، دەگۆڕڕێ. وەک موکریان و سلێمانی و هەولێر "سۆران"، کە هەرسێ لا بە کرمانجی خواروو دەدوێن بەڵام هەر یەکە لە بێچوویەکن پەندی پێشینان دەگۆڕڕێ. ئەم گۆڕانەی پەندەکان، هەر ئەو گۆڕرانەیە کە لە زماندا و لە قسەدا لە ناو دیالێکتەکان و بێچووەکانیاندا ڕوو دەدات.

وەک ئەوەی فەرمانی داهاتوو لە سلێمانی بە "ئە" دەست پێ دەکات. کەچی لە هەموو دیالێکتەکانی تردا و لە بێچووەکانی تری کرمانجی خوارووشدا لە "سۆرانی، موکری، سنەیی"دا هەر "دە"یە. وەک "ئەڵێن، ئەڕۆم- دەڕۆم، ئەخۆم- دەخۆم.. هتد. یا وەک لە یەک پەندا دەبینین پەندەکە هەروەک خۆیەتی کەچی وشەی کەڵەشێر بووە بە کەڵەباب، یا مریشک بووە بە مامر. زۆر جاریش هەیە بە جارێک نیوەڕستێکی یا ڕستێکی پەندەکە بەجۆرێکی تر دەگێڕێتەوە بۆ نموونە- پەندێک هەیە دەڵێ: «هەتا ڕێوی قەواڵەی خۆی خوێندەوە پێستیان کرد»(٢١).

هەر ئەمە دەبێ بە: «هەتا ڕێوی قەواڵەی خۆی خوێندەوە کەوڵی برا بۆ دەباغ»(٢٢). واتا لە جیاتی ئەوەی بڵێن پێستیان کرد، دەڵێن کەوڵیان کرد(٢٣).

پەندێکی تر هەیە دەڵێ: «مارانگاز لە خشەی مێروو دەترسێ»(٢٤).

«دیارە مێروو لێرەدا مێروولەیە» کەچی هەر ئەم پەندە بەجۆرێکی تر دەگێڕاێتەوە کە دەڵێ: «مارانگاز لە خشەی گوریس ئەلەرزێ»(٢٥).

پەندێکی تر دەڵێ: «چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە»(٢٦).

---

(٢١) شاوەیس. ل٤٠.

(٢٢) دەستنووس

(٢٣) دەستنووس.

(٢٤) دەستنووس.

(٢٥) خاڵ. ل١٤٢.

(٢٦) خاڵ. ل٥٥.

هەر ئەم پەندە بەم جـۆرەش دەوترێ: «چاکــە بکە و بەئاوی دادە»[٢٧]، یا دەڵێ: «زمان بوەستێ سەر زۆر ڕەحەتە»[٢٨].

هەر ئەم پەندە دەبێ بە: «زمان بیەڵێ سەر ڕەحەتە»[٢٩].

دیارە ئەم جـۆرە گـۆڕینانـە لە ئەنجـامـی گـێـڕانەوەدا، لە شـوێنێکـەوە بۆ شوێنێک، لە پشتێکەوە بۆ پشتێک و یا لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر پەیدا دەبن. بەڵام ئەوەی لە جوانیی پەندی پێشینانی کوردیدا سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە زۆر جار لە یەک مانادا دوو پەند یا زیاتر داڕێژراون کە مەبەست هەر یەکە بەڵام دیمەن و وێنەیان جـیـــایە[٣٠]. بۆ نموونە پەندێک هەیە دەڵێ: «ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ». هەر لەم مانا و کەرەسەیە پەندێکی تر داڕێژراوە کە دەڵێ: «ئاسنی سارد دەکوتیت»[٣١].

یا پەندێک هـەیە دەڵێ: بـوو بە کـوردەکـەی لە هەردوو جـەژن بوو. هـەر لەم مانایەدا لە کەرەسەیەکی جیا پەندێکی تر داڕێژراوە کە دەڵێ: «بۆ ڕیش چوو سمێڵی نایە بان»[٣٢].

جاری وا هەیە مانا یەکە و کەرەسە جیایە و شێوەش جیایە. پەندێک هەیە دەڵێ: « چەم بێ چەقەڵ نابێ»[٣٣].

هەر لەم مانا قووڵەی ئەم پەندەدا، لە شێوەیەکی ئەدەبیی ڕەنگیندا پەندێک داڕێژراوە دەڵێ: «گــــوڵ بێ قنچک نابێ»[٣٤]. یا دەڵێ[٣٥]. «باغ بێ دڕک نابێ»[٣٦].

---

(٢٧) و (٢٨) خاڵ. ل٨٨.

(٢٩) دەستنووس ١.

(٣٠) و (٣١) خاڵ. ل ١٠.

(٣٢) خاڵ. ل٢٩.

(٣٣) خاڵ. ل٥٧.

(٣٤) خاڵ. ل١٢٤.

(٣٥) دەستنووسا.

(٣٦) زیادەی چاپی دووەم: دەشوترێت «گوڵ بێ چقڵ نابێت».

کورد دەڵێن: تاریکی مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە»[٣٧]. هەر لەم مانایەدا پەندێکی تر دەڵێ: «سەرمای زستان لە هەوەڵەوە دیارە»[٣٨].

پەندێکی تر هەیە دەڵێ: «ڕێوی دەمی بە ترێ نەگات، دەڵێ ترشە»[٣٩].

هەر ئەمە بە جۆرێکی تر دەگێڕدرێتەوە دەڵێ: «ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ دەیوت ترشە»[٤٠].

لە پەندی پێشیناندا جاری وا هەیە هەر تاقە کەرەسە و وێنەیە بۆ دوو مانا بەکار دەهێنرێ و ماناکان زۆر لەیەک جیاوازن. ئەم مانا جیاوازییە لەیەک نەچوونێکی زۆر قووڵی ژیان خۆی و سروشتی شتێک لە ژیاندا دەخەنە ڕوو و کە دەتوانین بڵێین شیکردنەوەی ئەو بنەڕەتەی بیری فەلسەفەن کە دەڵێ: زۆر جار شتێکی پێکەوە لکاو یا پێکەوە ژیاو لە ناوجەرگەی خۆیدا سروشتێکی لەیەک نەچووی هەیە. ئەمە لە پەندی پێشینانی کوردیدا لە وێنەی "مۆم"دا دەردەکەوێ. لە زۆر شوێندا و لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی زۆر نەتەوەی ڕۆژهەڵاتدا و لەلای کوردیش "مۆم" وێنەی فیداکاری و سووتاندن بووە، بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ خەڵکی تر ڕۆشن بکاتەوە. کەچی دەبینین لە پەندێکی کوردیدا هەر ئەو مۆم یا "شەم"ی وێنەی فیداکاریی بووەتە نیشانە و وێنە بۆ کەسێک کە سوودی بۆ کەس و کار «لە ئاسۆی تەسکدا» و بۆ وڵات و نەتەوەی خۆی لە ئاسۆی فراواندا نەبێت. ئەم پەندە دەڵێ: «وەک مۆم شەوقی بۆ بنی خۆی نییە»[٤١]. هەر لەم مانایەوە نزیک، پەندێکی تر هەیە کە دەڵێ: «وەک چرا شەوقی بۆ ژێر خۆی نییە»[٤٢].

---

(٣٧) دەستنووس.

(٣٨) خاڵ. ل٥٩.

(٣٩) دەستنووس ١.

(٤٠) خاڵ. ل٨٥.

(٤١) دەستنووس.

(٤٢) خاڵ. ل١٦٤.

زۆر جار لە پەندی پێشینانـدا دەبینین لـە گێڕانەوەیەکی پەندێکدا وشـەیەکی کوردی بەکار دەهێنرێ، لە گێڕانەوەیەکی تردا وشـەیەکی عەرەبـی یا زمانێکی تر کـە "هـاوتا" و هـاومـانـای وشـە کـوردییـەکـەیە بەکـار دێت. ئەمـەش دیسـان بەپێی شـوێن و کات و گێڕانەوە و ئەو کەسە کە دەیگێڕێتەوە دەگۆڕدرێ. بۆ نموونـە پەندێک هـەیە دەڵێ: «حـەیا قـەترەیەکـە تکا، تکا»[٤٣]. جـا لـە هـەندێ گێڕانەوەدا دەبێ بە «قەترەیەک بە ناوچەوانەوە کە تکا، تکا»[٤٤].

بەڵام لێرەدا مـەبـەس لە وشـەی "حـەیا"یە کـە لە هـەندێ گـێڕانەوەدا دەبێ بە "نامـووس" کـە لە وشـەی "حـەیا" نزیکـترە لە کـوردییـەوە. وە وشـەی "قـەترە"ی عەرەبی کە لە گێڕانەوەی تردا دەبێ بە "تنۆک" یا "دڵۆپ"ی[٤٥] کوردی[٤٦].

لە ڕووی تێکەڵبـوونی وشـەی عـەرەبییـەوە ئەم پەندانەش نموونەن: «بۆ پیـاوی عاقڵ ئیشـارەتێ بـەسـە»[٤٧]، «قەزا و بەڵا لە مـاڵی دونیا بکەوێ»[٤٨]، «عوزر لە قەباحەت خراپترە»[٤٩] یا دەڵێ: «جان بەبێ عاقڵ لە عەزابە»[٥٠].

لەگـەڵ ئەمــەشـدا پەندی پێـشـینـانی کـوردی وەک پەندی گـەلانـی تر نرخ و بایەخـی گـەورەی لە زمـانەکـەیدایە، واتە نموونـەیەکی جـوانی کـوردی پەتی و سادەیە.

بۆ نموونە کورد دەڵێن:

---

(٤٣) دەستنووس ١.

(٤٤) دەستنووس.

(٤٥) خاڵ. ل٦٠.

(٤٦) ئەم باسـە سـەرچاوە و کەرەسـەیە بۆ وردبوونەوە لە کات و شـوێنی تێکەڵبـوونی زمـانەکـەمـان لەگـەڵ زمـانی تردا و چۆن وشـەی زمـانی تر، وە بە کـام ڕێبـازدا هاتووەتە ناو کوردییەوە.

(٤٧) خاڵ. ل٢٩.

(٤٨) دەستنووس.

(٤٩) خاڵ. ل ١٠٥.

(٥٠) وشـەی "جان" لێرەدا تێکەڵبوونی وشـەی فارسیش لەگەڵ کوردیدا دەردەخات.

«دڵ ئاوێنەی دڵە»[٥١]، «مەنجەڵی مەردان بە چل ساڵ دێتە جۆش»[٥٢].

«ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە»[٥٣]، «ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار»[٥٤].

لەم پەندانەدا وێنەیەکی جوانی زمانی کوردی دەبینین، تەڕی و پاراوی زمان، سادەیی و جوانیی کوردیی پەتی. ئەم وشانەی پەندەکەی پێ داڕێژراوە لەخۆیدا کەرەسەیەکی باشە بۆ ساغکردنەوەی کۆنی و تازەیی پەندەکە خۆی. ئەوەی کە پەندەکان خۆیان بە کوردییەکی پەتیی سادە نووسراون، بەڵگەی کۆنیی ئەم پەندانەن. پەندی کاتێکن کە کوردی ئەوەندە تێکەڵ بە زمانی بێگانە نەبووە یا پەندی چەند جێگە و تیرەیەکن کە خەڵکەکەی کەمتر تێکەڵی گەلانی تر بوون و زمانە کوردییەکەی خۆیان بە سادەیی و پەتییەتی پاراستووە. هەندێ لەو پەندانەی وشەی زمانی تری وەک فارسی و تورکی و عەرەبییان تێکەڵ بووە، پەندی ئەو دەمە و ئەو شوێنانەن کە کورد لەگەڵ ئەم گەلانەدا دەستی بە تێکەڵبوون و هاتوچۆ کردووە. ئەم ڕووداوە هەروەک دەبێ زمانەوان ساغی بکاتەوە، هەروەها مێژوونووسیش دەتوانێ هەوڵی ساغکردنەوەی بدات، بۆ نموونە لە پەندێکدا دەڵێت: «شیری میسر لە کالانا ناوەستێ»[٥٥] جا دەبێ مێژوونووس ئەوە ساغ بکاتەوە کە کەی کورد ناو یا دیمەنی شیری میسری بیستبێ یا دیبێ. یا دەڵێ «شاران لە حەسرەت بەغدا دەکران، بەغداش وێران بوو»[٥٦]. ئایا ئەم پەندە دەبێ باسی کام وێرانبوونی بەغدا بکات؟ ئەوی زەمانی هۆلاکۆ یا وێرانبوونێکی تر؟... هەروەک هەندێ پەند هەیە ڕێکاوڕێک باسی هەندێ ناو و شار دەکەن کە سەرچاوەزانینی خەریکبوونێکی ئەوتۆی

(٥١) خاڵ. ل٧٢.

(٥٢) خاڵ. ل١٥٣.

(٥٣) دەستنووس ١.

(٥٤) خاڵ. ل٩٠.

(٥٥) خاڵ. ل١٠٤.

(٥٦) خاڵ. ل٩٩.

ناویَ. وەک دەڵێ: «نەوشیروان حاکم بێ و بەختەک وەزیر بێ، هەزار کەلاوە بە پوولێک)[٥٧].

یا دەڵێ: خەبەر بدەن بە یەزنەجرت[٥٨]، کارەکەر کارەکەری گرت[٥٩].

یا دەڵێ: خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە[٦٠].

هەر لە ڕووی زمانەوە، زۆر جار وردەکارییەکی جوان لە پەندی پێشینانی کوردیدا دەبینین، بۆ نموونە وشەی دوور و پوور و سوور لە چەند پەندێکدا.

پێشینان وتویانە: ئەوی لە تۆ دوورە، ڕەنگی سوورە[٦١].

هەر ئەم دوور و سوورە لە شوێنێکی تردا بووە بە پەندێک کە ئەڵێ: ئاگرە سووریَ لە خۆم دووریَ[٦٢] یا، خەتا سووریَ لە خۆمان دووریَ[٦٣].

یا ئەم سەجعە خراوەتە مانایەکی ترەوە و بووە بە پەندێک کە دەڵێ: چوومە دوور بووم بە پوور[٦٤] لە شوێنی تردا لە پاڵ جوانیی سەجعدا یەک بە دوای یەکا هاتنی وشە دەبینین کە لە شێوەی تاڤگەدا دێنە خواریَ، وەک: زۆربێ و بۆربێ، نێر بێ و تێربێ بۆ دۆم دەبێت[٦٥].

وتمان زمان لە پەندی پێشیناندا ڕەگەزێکی بنەڕەتییە و جوانی و پوختەیی و ساکاریی زمانیش ڕووخساری دیاری ئەم زمانەیە. زۆر جار لە پاڵ جوانی ناوەڕۆکدا پەندێک وەک پەیکەرێکی جوان دێتە بەرچاو، بۆ نموونە- کورد

---

(٥٧) خاڵ. ل١٦١.

(٥٨) یەزدەجورد مەبەسە.

(٥٩) دەستنووس ١.

(٦٠) سوڵتان مەحموودی غەزنەوی.

(٦١) خاڵ. ل ٦٣.

(٦٢) خاڵ. ل٢٣.

(٦٣) خاڵ. ل١٢.

(٦٤) دەستنووس ١.

(٦٥) دەستنووس ١.

دەڵێن: بە گوڵێک بەهار نایەت[٦٦].

یا دەڵێن: بە سایەی گوڵە گەنمێکەوە هەزار گوڵە مرۆر ئاو دەخواتەوە[٦٧].

یا «گوڵە جۆیەک ئاو ئەخواتەوە»[٦٨].

یا پێشینان دەڵێن: شەممە بە کەم کەس[٦٩]. یا دەڵێن: دیزە ڕەشەی دووکەڵ لە بن، دەستە چەورەکەی خۆت ئەسووی لە من[٧٠].

یا لە مەیدانی جوانیدا پەندی وا دەبینین کە نرخی گەوهەر و گەوهەری زمان پێشان دەدات وەک: گەوهەر لە ناو قوڕدا ون نابێت[٧١].

جوانترین پەندی کوردیش ئەوانەن کە دەربارەی "دڵ" وتراون، وەک: «دڵ ئاوێنەی دڵە»[٧٢].

«دڵ پارچە گۆشتێکە»[٧٣]، واتە «زۆر ناسکە»، یا «ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە»[٧٤].

ئەم پەندە لە پاڵ جوانیی وشە و زماندا پەیکەرێکی ئەوتۆیە کە دەبزوێ، واتە ساردوسڕ نییە و دڵ دەکات بە سەرچاوەی ژیان و هەستی بەرزی ئادەمیزاد دەکات بە سەرپشکی خۆشی و ناخۆشی لەیەک جیاکردنەوە. لە مەیدانی زمان و جوانیی داڕشتندا گەلێک پەندمان هەیە کە لووتکەی تێکەڵبوونی جوانی دیمەن و ناوەڕۆکن وەک دەڵێ: ژاڵە بۆ وا تاڵی؟ دەڵێ لەبەر برا مردن، گوڵت بۆ وا جوانە؟ دەڵێ لەبەر دۆست و دوژمن[٧٥].

---

(٦٦) خاڵ. ل٣٧.

(٦٧) خاڵ. ل٣٦.

(٦٨)، (٦٩) دەستنووس.

(٧٠) خاڵ. ل٢٩.

(٧١) خاڵ. ل١٢٩.

(٧٢) خاڵ. ل ٧٢.

(٧٣) خاڵ. ل٧٣.

(٧٤) دەستنووس ١.

(٧٥) خاڵ. ل١٧.

یا پێشینان دەڵێن: ڕازت لای یەکێک دانێ و پرست لای هەزار[٧٦].

یا، لە گوڵیان پرسی زۆر گەشی، وتی باخەوانەکەم مەردە[٧٧]. هەندێ جار پەندێک وێنە و دیمەن و تابلۆیەک پێشان دەدات و نەخشەیان دەکێشێ و وێنەکە دەخاتە بزووتنەوە. وەک ئەو پەندەی دەڵێ: «بەرماڵی بەسەر ئاوەوە ئەگەڕێ». جا ئەگەر لە مانا بگەڕێین و هەر سەیری "تابلۆ"ی خەیاڵیی بەرماڵ و ڕووبار و سەر ئاو بکەین، دیمەنێکی تەواومان دێتە بەرچاو. پەندێکی تر دەڵێ: «سیروان لێشت نەدەم هەر ئەمبەیت؟»[٧٨].

ئەمیش ئەگەر ناوەڕۆک و چیرۆکەکەی لەولا دابنێین هەر دیمەنی سیروان و هەڵچوون و لافاو و ڕێبواری لە دوورەوە هاتوومان دێنێتە بەرچاو کە خۆی لە ئاو لابدات، بەڵام ئاوی ئاگر بێ ئامان هەر دوای بکەوێت و بیبات، ئەویش بەوپەڕی بەسەزمانییەوە کز و بگرە بەسۆزیشەوە بڵێت: سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەیت؟

---

(٧٦)، (٧٧) خاڵ. ل١٣٧.

(٧٨) خاڵ. ل٩٨.

## ناوەڕۆکی پەندی پێشینانی کوردی

ئەریستۆڤای ژنە نووسەری سۆڤێتی دەڵێ" «ژیری و هۆشیارییەکی گەورە لە حیکایەتی ناو خەڵک و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا دەردەکەوێ. لەوێدا وێنەی مێژوو، قەوماو، ڕەوشت و عادەتی گەلی کورد ڕوون و دیارە. لەمانەدا پێوەندیی کورد لەگەڵ منداڵدا، بەتایبەتی لەگەڵ کوڕی خۆیدا، پێوەندیی لەگەڵ پیاو و ژنی پیردا، لەگەڵ خێزانی خۆیدا، لەگەڵ خانەخۆی و کەیبانودا، لەگەڵ ئافرەتدا، لەگەڵ دۆست و ناسیاودا، لەگەڵ دراوسێدا بە باشی دەردەکەوێ. کورد دەڵێن[1] حورمەتی پیران بگرە، کە پیر بوویت ئەنجامی دەبینی. هەروەها دەڵێن: ژن کۆڵەکەی ماڵە. یا تەماشای کچ مەکە بڕوانە دایک و باوکی، هەروەها دەڵێن: ژنی شەرمن شارێک دێنی، پیاوی شەرمن بزنێک نایەنێ. یا دەڵێن: ئەوی لە دۆستی بێ خەوش بگەڕێ، بێ دۆست دەمێنێتەوە.

لە باسی ئەفسانەی کوردیدا وتمان: ئەفسانەی بەرهەمی دەوری منداڵێتییی ئادەمیزادە، وە بەرهەمی کاتێکە کە هێشتا ئادەمیزاد کشتوکاڵی نەکردبووە پیشە، بگرە هەندێ ئەفسانە بەرهەمی پێش ئاگر دۆزینەوەشە.

ئەگەر ئەفسانە لە ڕووی ئاینەوە زۆر بیروباوەڕی تێدا بێت کە بە تەواوی لە ئاینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیرابێت، ئەوا پەندی پێشینان بە تەواوی شەقڵی دەوری موسڵمانبوونی لە لایەکەوە تێدایە و لەلایەکی ترەوە بە ڕۆشنی دیارە کە بەرهەمی کاتی دەستدانە کشتوکاڵ و پاش ئەو پلەیەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. کورد دەڵێن: خاڵۆی دەسەوسان، چ خوای گەرمیان و چ خوای کوێستان[2]. یا: «ئەو کەسەی گیان دەدا گیانیش دەسێنێ».[3]

ئەم پەندانە بەتەواوی ئاوێنەی بڕوای ئیسلامەتییە بە خوایەکی تاق و تەنیا، کە ژیان و مردن و زیندووبوونەوە بەدەست ئەوە، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو

---

(١، ٢) دەستنووس.

(٣) خاڵ .ل ٤٨

باوەڕەیە کە لە ئەفسانەدا دیمان، باوەڕی خوای شەڕ و خوای خێر، کە لە ئاینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیراوە.

لەم جۆرە پەندانە زۆرن وەک: «تا نەینایە تەبەق نەیوت، ئەڵڵاهو سەدەق»[٤]، لێرەدا مەبەستمان وشەی ئەڵڵاهو سەدەقە. یا کورد دەڵێ: بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە[٥]. وە هەرچەندە ئەم پەندە بۆ ئازایی بەکار دەهێنرێ. بەڵام زۆر دیارە کە لە چیرۆکە بەناوبانگەکەی عومەری کوڕی خەتابەوە وەرگیراوە[٦].

یا کورد دەڵێ: «سۆفیلکەی بەرماڵ بەشان، بەڕۆژ دەگەڕێ کۆڵان بە کۆڵان، بە شەو دێتەوە دەڵێ- ئەڵڵاهو ئیمان»[٧]

دیارە مەبەسیش لێرەدا هەر وشەکەی دواییيە.

پەندێکی تر هەیە دەڵێ: «کە وتی تیژ تیژ»[٨] ئەمیش ئەوەیە کە کابرایەکی شارەزووری لەویتر دەپرسێ، برا خوا چۆن ئەم دڕکانەی تیژ کردووە؟ ئەویش دەڵێ: «برا، کە وتی تیژ، تیژ».

جا ئەمە هەرچەندە لە لێکۆڵینەوەیەکی سادەوە پەیدا بووە، بەڵام تەواو تێگەیشتنی ئەو ئایەتەی قورئانە کە دەفەرموێ:

«انما امره اذا أراد شیئاً ان یقول له کن فیکون»[٩].

هەندێ پەند هەیە لە پەیڕەوێکی ئیسلامەوە وەرگیراوە، یا دیمەنێکی ژیانی موسڵمانی پیشان دەدەن. وەک دەڵێ: «تا فەرز وەستابێ سونەت حەرامە»[١٠].

یا کورد دەڵێن: «بوو بەبزنەکەی ئەخفەش»[١١]. چیرۆکی بزنی ئەخفەش هەرچییەک بێت هەیە.

---

(٤)، (٥)، (٦) دەستنووس ١.

(٧) خاڵ. ل١١٩.

(٨) دەستنووس.

(٩) قورئانی پیرۆز، سورەتی یاسین، ئایەتی ٨٢.

(١٠)، (١١) دەستنووس.

بەڵام ئەوە دیارە کە مەبەس لە ئەخفەش، زانای گەورەی نەحوی عەرەبییە. وە ئەم پەندە تەواو پەندی کاتێکیشە کە کەڵچەری عەرەب لە ناو کورددا بڵاوبووەتەوە و زادەی بیری مزگەوتی کوردەوارییە. شایانی باسە کە ژیانی مزگەوت و جۆری خوێندن و گوزەرانی تایبەتیی مەلا و فەقێ، پەند و قسەی نەستەقی زۆری هێناوەتە بەرهەم کە لە خانەی پەند و قسەی نەستەقی مزگەوتدا تۆمار دەکرێن.

هەر لەم بارەیەوە چەند پەندێکی تر هەیە کە دەبێ لێرەدا بنووسرێ، وەک ئەوەی دەڵێ: «عیسا نەبوو، مووسا بوو، خوا خوداریی خۆی هەر دەکرد»(١٢) یا وەک دەڵێ: «کەسی بێ کەسان خوایە»(١٣).

ئەم دوو پەندە لە پاڵ جەوهەری قووڵی کۆمەڵایەتییاندا دەچنە پاڵ ئەو پەندانەی باسی تاک و تەنیاییبوونی ئەزەلی خوا دەکەن.

وەک وتمان، پەندی پێشینان بەرهەمی دەوری کشتوکاڵ و پاش ئەوەیە. بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەش دەبێ ئەوە بزانین کە دەستدانە کشتوکاڵ و دەستدانە حەیوان ماڵیکردن، لە سەرەتای پلەی کۆمەڵایەتیی مێژوودا نزیکی یەکن. بۆیە بە زۆری باسی ماڵات و ناوی جۆرەها ئاژەڵ، وەک: «بزن، مەڕ، گا» ناوی «تانجی و سەگ و کەر و ئەسپ و ئێستر و حەیواناتی تر، هەموو بەڵگەی ئەوەن کە ئەم پەندانە بەرهەمی ئەو پلەیەی مێژوون. وە هەرچەندە لە پەندی پێشیناندا زۆر جار ناوی حەیوانی ناماڵی "کێوی" و ناوی دڕندە دێت. بەڵام دیارە کە بەجۆرێک ناویان دێت کە دوورن لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە، واتە پەندی کاتێکن کە کورد هاتووەتە ناو خانووبەرە و گوندەوە و تەنانەت هەندێ شاریشی دروست کردووە، بۆ نموونە، لە پەندی پێشینانی کوردیدا بە زۆری باسی شێر و پڵنگ و ڕێوی و کەمتیار و ناوی هەندێ باڵندەی وەک قەل و هەڵۆ و باز دەبینین. هەروەها لە پەندی پێشیناندا ناوی هەندێ گیا و گوڵە کێوی دێت، بەڵام لەوەشدا دیارە کە ئەو پەندانەش بەرهەمی کاتی

(١٢) دەشوترێ خوایەتی خۆی هەر دەکرد. (دەستنووس ١).

(١٣) دەستنووس.

شارستانیەتی نین. دیسان باسی دیمەنی شوانیش ئەوە دەردەخەن کە ئەو پەندانەی لە بەردەستماندان پەندی کاتێکن کە کشتوکاڵ هەبووە. گوند، دێهات، خانووبەرە هەبووە، با شوانیش لە مێژووی کۆمەڵایەتیدا تۆزێک پێش کشتوکاڵ کەوتبێ. نموونەی ئەم قسانە لەم پەندانەدا دەبینین: «دیاری شوان یا شنگە، یا هەڵەکۆک»(١٤). «باران دەبارێ ئاشی دەگەڕێ، باران نابارێ جووتی دەگەڕێ»(١٥). یا دەڵێ: «بزن ئەجەلی هات نانی شوان دەخوات»(١٦). «بزن بۆ شەوێک جێی خۆی دەکاتەوە»(١٧) یا دەڵێ" «بوو بە ئاردی ناو دڕکان»(١٨). «بەرد لە جێی خۆی سەنگینە»(١٩). یا: «تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە»(٢٠). هەروەها کورد دەڵێن: «تۆ کاڵەک خۆری یان بێستانڕن»(٢١). یا دەڵێ: «تۆبەی گورگ مەرگە»(٢٢)یا «دەوەن بە ئاشە»(٢٣)یا «ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێ»(٢٤) «گورگە و لە پێستی مەڕایە»(٢٥). هەروەها: «لەو جێیە ئاو هەیە زەوی نییە، لەو جێیە زەوی هەیە ئاو نییە»(٢٦). یا دەڵێ: «مانگا مرد و دۆ بڕا»(٢٧). یا «ڕێوی کێ شایەتتە؟ وتی: کلکم»(٢٨). هەروەها:

---

(١٤)، (١٥) دەستنووس ١.

(١٦)، (١٧) خاڵ. ل ٢٨.

(١٨) خاڵ. ل٣٠.

(١٩) خاڵ. ل٣٤.

(٢٠) خاڵ. ل٥١.

(٢١) خاڵ. ل٥٠.

(٢٢) خاڵ. ل٨.

(٢٣) خاڵ. ل٥١.

(٢٤) خاڵ. ل٨٥.

(٢٥) خاڵ. ١٢٣.

(٢٦) خاڵ. ١٣٩.

(٢٧) خاڵ. ١٤٥.

(٢٨) خاڵ. دەستنووس.

«شوان بە شوانی عەیب نییە بەنانەوە چنینی عەیبە»[٢٩]. یا دەڵێ: «چی بچێنیت ئەوە دەدووریتەوە»[٣٠].

یا لە چیرۆکێکی ژیانی دێهاتەوە پەندی: «بوو بە کوردەکەی لە هەردوو جەژنان بوو»[٣١] هاتووەتە بەرهەم. هەروەها کورد دەڵێ: «ماڵی پڕە لە ڕازیانە و بەدڵ یەشە دەمرێ»[٣٢]. ئەم پەندە دیارە کە بەرهەمی کاتێکە کە کورد فێری ئەوە بووە کە گیای کێوی بکات بە دەرمان بۆ ئەم نەخۆشی و ئەو نەخۆشی. هەروەها لە پەندی پێشینانندا دەتوانین دیمەنی وردە وردە بەرەوپێش چوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی لادێ و لە ژیانی دێهاتەوە بۆ شار و شارستانییەتی بەدی بکەین. وەک لە نموونەکانی لەمەوبەرا دیمان، چۆن باسی جەنگەڵ و دارستان بوو بە باسی ئاژەڵ و حەیوانی ماڵی. باسی جووت و زەوی کێڵان، باسی ئارد و ئاشی بەدوادا هات، کە پلەیەکی تری پێشکەوتووە لە ژیانی دێهاتا. هەروەها مێژوو ئەوەی پێشان داوین کە لە ناوچەرگەی ژیانی کشتوکاڵ و دێهاتدا تۆوی پیشەسازی لە شێوەیەکی سادە و سەرەتاییدا سەرهەڵدەدا و وردە وردە پەرە دەسێنێ و وەک هەموو وڵاتانی جیهان گەشە دەسێنێ و کۆمەڵ بەرەو پیشەسازی دەبات. نموونەیەکی ئەم تۆوە سادەیە لە پەندی پێشینانی کوردیدا دیارە. بۆ نموونە لە دیمەنی "جۆلا" و "شت چنین" و بار و بەرهەم ڕووە و شارهێنان و لە ناوی "چەک"ی کوردیدا دەردەکەوێ.

وەک دیمان هەر دوا بەدوای کشتوکاڵا و لەگەڵ دەست دانە نانکردنا، ئادەمیزاد پێویستی بە "ئاش" دروستکردن و گەنم هاڕین بوو، ئەم ڕووداوە دیارە پاش دەستدانە کشتوکاڵە. وە هەروەک ئەمە دیمەنی بەرەو پێشچوونی ژیانە، هەروەها خوری ڕستن و چنین و جۆلایی پلەیەکی تر لە پێشکەوتنی ژیانی ئادەمیزاد لە دێهاتدا و سەرەتایەکی سادەی پیشەسازی پێشان دەدەن.

---

(٢٩) دەستنووس.

(٣٠) خاڵ. ل٥٦.

(٣١) خاڵ. ل٣٠.

(٣٢) خاڵ. ل١٤٤.

بگره له هەندێ وڵاتا جۆڵایی و ڕستن و چنین چەشنێکن له "مانیفاکتۆره". له پەندی پێشینانماندا ئەم دیمەنە ئاشکرا و دیاره بەدەیان پەند هەیه که له پاڵ مانای قووڵی کۆمەڵایەتییدا کەرەسەکەشی لەم هەنگاوەی ژیانەوه وەرگرتووه. بۆ نموونه کورد دەڵێن: «ڕیسەکەمان بووەوه به خوری»[٣٣]. یا «تۆم کرد به جۆڵا مەکۆم بدزی»[٣٤]

له پەندی پێشینانماندا دیمەنی ئەو کاتەش دەبینین که بەرهەمی کشتوکاڵ براوەته شار و بەشێوەی ڕێکوپێک و سەرپەرشتکراو، له ژێر چاودێریدا فرۆشراوه. بۆیه دەبینین له پەندێکدا باسی باج سەندن دەکرێت. کورد دەڵێن: «بارت بگره و باجت بسێنه»[٣٥].

ئەم بەرەو پێشچوونه له هەندێ پەندی تردا دیمەنی تر پیشان دەدەن وەک دەڵێ: «سواڵ کیمیایه».[٣٦]

جارێ سواڵکردن خۆی دیمەنی ژیانی ناو شاره. مەبەستیش به کیمیا، زانستی کیمیا پێش "لاڤوازییه"یه کەوا مەبەسی کیمیاگەران ئەوه بووه که ڕەگەزی هەرزان بکەن به زێڕ. دیاره ئەم پەندەش نیشانەی ئەوەیه که کورد له کاتی خۆیدا ئاگەداری ئەم جۆره کارەی زانستی کیمیایه بووه.

له باسی "چەک"دا دیمەنێکی تری بەرەو پێشچوون دەبینین. له باسی چەکی کۆندا کورد دەڵێن: «تیرێک و دوو نیشانه». له پاشدا «شیر»یش دێته کایەوه و دەڵێن: «تیر و شیر لەیەک ئەسوون»[٣٧].

لەم دواییيەدا تفەنگیش دێته ڕیزەوه و دەڵێن: «تفەنگ به تاریکییەوه دەنێت»[٣٨].

---

(٣٣) خاڵ. ل٨٥.

(٣٤) خاڵ. ل٥٢.

(٣٥) خاڵ. ل ٢٥.

(٣٦) خاڵ. ل٩١.

(٣٧) خاڵ. ل٥٢.

(٣٨) خاڵ. ل٥١.

له باسی "پاره"دا پەندی پێشینان پەردەیەکی تری بەرەو پێشچوونمان پێشان دەدات. له زانستی "ئیکۆنۆمی- اقتصاد"دا پاره به چەند پلەیەکدا دەڕوا. یەکەمیان ئەوەیە کە پاره هۆی ئاڵوگۆڕە. دواشت پاره دەبێته هۆی کڕین و فرۆشتن واته دەبێ به "عملة". له پەندی پێشینانی کورددا پاره هەر وەک "عملة" دیاره.

## تەماشاکردنێکی قووڵی پەندی کوردی

پەندی پێشینانی کوردی- وەک وتمان- بەری تەجروبە و دنیا دیدەیی گەلی کوردە. لە هەموو مەیدانێکی ژیانا، تاڵی و ترشی، هەوڵدان و چەرمەسەری، ژیری و وریایی لە هەموو کووچەیەکی ژیاندا.

لەم پەندانەدا شەقڵی تایبەتیی زۆربەکەی گەلی کورد دیارە، ئەوی بە ڕەنجی شان دەژی و بە ئارەقی ناوچەوان نان پەیدا دەکات و فەلسەفەی ژیانی هەوڵ و کۆششە، دوژمنی ئەوەیە کە تەمەڵی و لە سای سێبەر دانیشتن و لەسەر ورگی خەڵک بوونە زەرو ببێتە پەیرەوی ژیان. وێنەی ئەم فەلسەفەیە لەم پەندانەدا دەبینین: «تێر ئاگای نییە لە برسی»(٣٩).

«کردەی منە و بردەی تۆ»(٤٠)، بۆ کوردی هەژار، چ گورگ بێ چ سوار(٤١)، یاخۆ کورد دەڵێ: «بە حوشتریان وت کوڕت بوو، وتی باری خۆم لەسەر پشتی خۆمە»(٤٢). هەورەها کورد دەڵێن: «فەقیر دەیەڵێ لە ئاش بێتەوە، دەوڵەمەند نایەڵێ لە ساج بێتەوە»(٤٣). یا دەڵێ: دنیا بەهەشتی بڵحانە، گاهێ بنوو، راهێ بخۆ»(٤٤).

یا لەم بارەیەوە بە سووکی تەماشای پیاوی ئیشنەکەریان کردووە و وتوویانە: «حازر خۆری بەر سێبەرە»(٤٥).

کورد ئیشکردنی زۆر لا بەنرخە و بەچاوی بەڕێزی و بەرزییەوە دەڕوانێتە

---

(٣٩) خاڵ .ل ٥١.

(٤٠) خاڵ .ل١٨٦.

(٤١) خاڵ .ل٢٩

(٤٢) خاڵ. ل٣٢.

(٤٣) خاڵ. ل١٠٦.

(٤٤) خاڵ. ل٧٣. «ئەم پەندە باوەڕێکی قووڵیشی تێدایە بەوەی کە پیاوی بڵح هەر دنیای هەیە و ئەوە بەهەشتێتی، ئیتر بەهەشتی تر نابینێ».

(٤٥) خاڵ. ل٥٨.

ئیشکردن و ئارەقڕشتن. بۆیە پێشینان دەڵێن: «دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە»(٤٦). یا «هەر کەسێک پەڕی تاوسی دەوێ، دەبێ زەحمەتی سەفەری هیندستان(٤٧) بکێشێ»(٤٨). کورد بە بەرزییەوە تەماشای پیاوی زەحمەتکێشیان کردووە و دڵنیاییان پێشان داوە کە دوارۆژ ژیان هەر بۆ ئەوە، بۆیە وتوویانە «سەری بێ ڕزق لە ژێر خاکدایە»(٤٩).

یا دەڵێ: «ئەگەر جووتیار، جووتیار بێت، لەسەر شاخی جووت دەکا»(٥٠) ئەم پەندە لە پاڵ بە بەرزگرتنی ڕەنجکێشاندا بایەخدانی تەواویشە بە هیمەتی مەردانەی ئادەمیزاد و نرخ پێدانی هونەر و پسپۆڕییە. هەروەها لەم بارەیەوە کورد دەڵێن «هەموو کەس نانی خۆش دەوێ، وەک شوان نایگرێ بەسەر دڵییەوە»(٥١)، دیارە نان لای شوان بۆیە خۆشەویستە چونکە ڕەنجی بۆ داوە. وە هەر لەم بارەیەوە وتراوە: «گۆشتی لا ڕانم دەخۆم و منەتی قەساب هەڵناگرم»(٥٢). یا بەوپەڕی دڵنیاییەوە لە ئەنجامی ئاسوودەی ڕەنجکێش و ئەنجامی ڕەشی پیاوی زەر و سورشت وتوویانە: «ئەوی بەتەمای ماڵە دراوسێ بێت بێ شێو سەر دەنێتەوە»(٥٣). وە ئەم پەندە مانا فراوانەکەی لە سنووری ڕەنجکێشان دەچێتە دەرەوە و دەتوانرێ لە کۆڕی ژیاندا بکرێ بە

---

(٤٦) خاڵ. ل٧٩.

(٤٧) خاڵ. ل١٧١.

(٤٨) زیادەی چاپی دووەم: لەم بارەیەوە وتراویشە:

– نومازکەرە نوورینە، فرمانکەرە شیرینە.

– تیکەتا نەیجووی قووت ناچێ.

– تەشیرێس تەشیرێس بێت بەکلکی کەریش تەشی دەرێسێ.

(٤٩) دەستنووس.

(٥٠) دەستنووس١.

(٥١) خاڵ، ل ١٧٣.

(٥٢) خاڵ، ل ١٢٤.

(٥٣) دەستنووس.

بەڵگەی ئەوەی کە دەبێ مرۆڤ پێش هەموو کەس، لە کاری خۆیدا پشت بە خۆی ببەستێ.

یا دەڵێ «دەوڵەمەندی بە دڵە بە ماڵ نییە، گەورەیی بە عەقڵە، بە ساڵ نییە»[٥٤]. لێرەدا هەرچەندە پەسندیی دڵ باشی و عەقڵ و ژیریش کراوە، بەڵام دیارە فەلسەفەی پێشینانمان ئەوە بووە کە پارە کۆکردنەوە پیاو دەوڵەمەند ناکات، بگرە دەوڵەمەندی ئەوەیە کە پیاو خاوەنی گەنجینەی دڵی باش و ڕابردووی باش و خزمەتی باشی کۆمەڵ بێت. ئەو فەلسەفە قووڵەی پەندی پێشینان کەوا بەم جۆرە دەڕوانێتە ڕەنجکێشان زۆر بە وردی و ژیری و تێبینانە دواڕۆژی ئەو خەڵکەش دەبینێ کە دەیانەوێ بەکارکردن نەخشەی دواڕۆژ بکێشن. بۆیە پەندی پێشینان دەڵێ: «هەر دەوەنە دەبێ بە دار، لە بنیا دادەنیشن فەقیر و هەژار»[٥٥].

پێشینانمان کە ئەم فەلسەفە وردەیان هەبووە بەرامبەر بە ژیان، دیارە دوژمنی سەرسەختی زۆرداری و زوڵمکردنیش بوون. دەیان پەندی وا دەبینین کە فەلسەفەی سەخت و نەلەرزیوی خەڵکە بەرامبەر بەخراپە و زوڵمکردن و ئەنجامی زۆرداریش لە پەندی پێشینانماندا هەر نەمانە. کورد دەڵێن: «زاڵم زەواڵی بۆ دەبێ»[٥٦] یا «سەگی هار چل شەوی عومرە»[٥٧]. یا دەڵێن: «بەبێ کینی زاڵم باوەڕ مەکە»[٥٨].

وە هەر لە خانەی باوەڕ بە زاڵم و پیاو خراپ نەکردنایە کە کورد دەڵێ: «تۆبەی گورگ مەرگە»[٥٩] یا دەڵێ: «شەرعی مار بە دار»[٦٠]. یا «گورگە و لە

---

(٥٤) دەستنووس ١.

(٥٥) خاڵ، ل ١٧٠.

(٥٦) دەستنووس.

(٥٧) خاڵ. ل ٩٨.

(٥٨) خاڵ. ل ٣١.

(٥٩) خاڵ، ل ٤٩.

(٦٠) خاڵ، ل ١٠١.

پێستی مەڕدایە»[٦١]. یا «زۆردار ئاوی سەرەوژێر دەڕوا»[٦٢].

لە پەندی پێشینانی کوردیدا بە سووک تەماشاکردنی هەموو کردارێکی ناڕەوا و ناشیرینی ناو کۆمەڵ دەبینین. ئەو ڕەفتارانەی لە گیانی ڕاستەقینەی گەلی کوردەوە دوورن. بۆ نموونە، کورد زۆر دوژمنی ڕژدی و ڕەزیلییە، بۆیە پەندی پێشینان دەڵێ: «ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر»[٦٣]. یا ڕژدی ڕیسوایی لە دوایە»[٦٤].

هەروەها کورد دەربارەی درۆزنی دەڵێن: «درۆزن دوژمنی خوایە»[٦٥].

یا: «درۆزن هەر جارێک ناشتا دەکات»[٦٦]. هەر لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی ناشیرینی ناو کۆمەڵە کە کورد دەڵێن: «ئەگەر گوڵ نەبیت، دڕکیش مەبە»[٦٧]. یاخۆ: «زمان بوەستێ سەر زۆر ڕەحەتە»[٦٨].

گەلی کورد زۆر هەقپەرست و هەق خوایە، بۆیە لە پەندی پێشینان‌دا دەڵێ: هەق ئاو ڕادەوەستێنێ[٦٩]. یا: هەق بەهەق، نانێکی ڕەق و تەق، ئەم پەندەیان زۆر دیار نییە کە لە کەیەوە هەیە. بەڵام لە وشەی "هەق"دا کە لە حەق"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، دەردەکەوێ کە بەلای کەمەوە پەندی پاش ئیسلام و تێکەڵاویمانە لەگەڵ عەرەبدا. هەرچەند پەندەکە خۆی لە جەوهەردا تەواو وەرگێڕانی بەندێکی یاسا کۆنەکەی حەمورابیی شای بابلە کە دەڵێ: «دان بەدان چاو بەچاو». واتە هەقی خۆت بەسەر کەسەوە مەهێڵە. کورد دوژمنی

---

(٦١) خاڵ، ل ١٢٣.
(٦٢) خاڵ. ل ٨٨.
(٦٣) خاڵ. ل ١٤٤.
(٦٤) خاڵ، ل ٨٢.
(٦٥) خاڵ. ل ٧٠.
(٦٦) خاڵ، ل ٧١.
(٦٧) خاڵ، ل ١٧.
(٦٨) دەستنووس.
(٦٩) خاڵ. ل ٥٨.

دووزمانی و نێوانی خەڵک تێکدان و ئاژاوە نانەوەن، بۆیە لە پەندی پێشینان‌دا وێنەیەکی سامناکیان بۆ خاوەنی ئەم ڕەوشتانە کێشاوە و وتوویانە: «زمان بوەستێ سەر زۆر ڕەحەتە». واتە زمان نەوەستان، نەک تەنیا سەرئێشەی لە دوایە، بگرە سەر لەناوچوونیشی لە دوایە.

کورد زۆر دوژمنی هەلپەرستی و ڕاڕایی و ڕیاکردنن. بۆیە لە پەندی پێشینان‌دا وێنەیەکی کۆمیدی و پڕ لە پێکەنین بۆ پیاوی هەلپەرست نەخشە کێشراوە و وتوویانە. «وەک پەشتەماڵی حەمام وایە، هەردەم بە بەر یەکێکەوەیە»(٧٠).

هەر لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین کە کورد ڕاستگۆییان لە قسەدا و سەر ڕاستییان لە ئیشدا لا پەسند بووە و بەمایەی سەرکەوتنیان داناوە بۆیە وتوویانە: «ڕاست بە و بەلای شێردا بڕۆ»(٧١) واتە لە هیچ کەس مەترسە. هەروەها ئەوە ئامۆژگارییان بووە کە پیاو لەسەر ئیشی خۆی سوور بێت و وتوویانە «دڵۆپە ئاسنیش کون دەکات»(٧٢). ئەم پەندە بەرپەرچیی ئەوانەش دەداتەوە کە هەوڵی پیاوی بچووک بە شت نازانن، بەڵگەیەکیشە بۆ ئەوەی کە دەبێ ئادەمیزاد لە هەوڵ و کۆششدا بینی فراوان بێت و زوو وەڕس نەبێتن، وە پێشینان لەم بارەیەوە وتویانە، «کەسێ لە پڕێک نابێتە کوڕێک»(٧٣). وتوویانە: «لیرەش بچووکە»(٧٤).

کورد لە پەندی پێشینان‌دا گەلێک وێنەی نیشتمانپەروەری و گەلپەروەریشی نەخشە کێشاوە. دوژمنی باوک کوشتەی کەسێکە کە پشت دەکاتە گەلەکەی خۆی. لەم بارەیەوە با بڕوانینە ئەم پەندانە: «ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێ»(٧٥). ئەم پەندە هەر وەک وێنەی نیشتمانپەروەرییە، وێنەی شانازیی

(٧٠)، (٧١) خاڵ. ل٨٢. ل٧٣.

(٧٢) دەستنووس.

(٧٣) خاڵ، ل ١٨٨.

(٧٤) خاڵ. ل ٨٥.

(٧٥) دەستنووس ١.

مرۆڤی کوردیشە. بە بنچینەی هەژار و ڕەنجدەری خۆیەوە. هەروەها کورد دەڵێن: «هەزار ساڵ بکەیت بێگانە پەرستی، دوایی هەر دەهێنی نشوستی»[٧٦].یا دەڵێن «دار کرمی لە خۆی نەبێ هەزار ساڵ دەژی»[٧٧]، یا دەڵێن: «دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ»[٧٨]. هەر لە کۆڕی شانازی بە نیشتمان و شوێنەواری باوک و باپیرەوەدا کورد دەڵێن: «بەرد لە جێی خۆی سەنگینە»[٧٩]. واتە کە لە ناو وڵات و نەتەوە و کۆڕی خۆتا نەمایت، ئیتر ئەو نرخەی جارانت نامێنێ، هەر ئەو وێنەی نیشتمانپەروەرییە وا لە کورد دەکات کە سەربەرزانە ئاوڕ بداتەوە و بڕوانێتە چیاکانی دەوروپشتی و بڵێ: «پشتم سەفین بێت، تف لە ئاسنیش دەکەم»[٨٠]. هەر لەم مەیدانەشدا دەڵێن:[٨١] «ئاو ببڕێ لە ڕۆخانە، خۆ نابێت بە بێگانە»[٨٢].

کورد پشتگری پیاوەتی و مەردایەتی و چاکەکردنن. بۆیە لە دەیان پەندا پەسندکردنی ئەم ڕەوشتانە و بەسووکبینینی پێچەوانەکەیان دەبینین. کورد دەڵێن: «ئاو بتبا لە پردی، نامەرد مەپەڕەرەوە»[٨٣]. یاخۆ دەڵێن: «ئەگەو گوڵ نیت درکیش مەبە»[٨٤]. یا پیاوی باش پەسند دەکەن و دەڵێن: «ئەوەندە شیرینە بەقورزەڵقورتیشەوە دەخورێ»[٨٥].

---

(٧٦) دەستنووس ١.

(٧٧) خاڵ، ل ٦٧.

(٧٨) خاڵ، ل ٦٧.

(٧٩) خاڵ. ل ٣٤.

(٨٠) خاڵ، ل ٤٢.

(٨١) ئەم پەندە بەم جۆرەش هەیە: ئاوێ بڕوا بۆ ڕۆخانە، خوێش بیخوا. نەک بێگانە. (خاڵ. ل١٣).

(١٨٢) خاڵ، ل ١٢.

(٨٣)، (٨٤) خاڵ. ل١٣. خاڵ. ل ١٧.

(٨٥) خاڵ. ل ٢٠.

هەر لە پەسندیی چاکەدا دەڵێن: «چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە»(٨٦).

لە مەیدانی چاکەدا کورد باسی بەخشندەیی دەکەن و دەڵێن: «جۆگەیەک ئاوی پێدا بڕوا زەحمەتە وشک ببێ»(٨٧).

کورد فەلسەفەی چاکە و خزمەتکردن و ڕەوشتی باش نواندن لە چوارچێوەی تاقە پەندێکدا کۆ دەکاتەوە و دەیکات بە سنوور بۆ بەرەو دەستەی، بگرە وەک لە زانستی فەلسەفەدا "هۆ" هەیە و "ئەنجام" هەیە و ئەنجام لە هۆوە پەیدا دەبێت، کوردیش ئەم فەلسەفە قووڵە لە پەندێکدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: «چی بچێنیت ئەوە دەدووریتەوە»(٨٨).

کورد وێنەیەکی قووڵ و جوان و ڕەنگین، بگرە نەخشەیەکی تەواو بۆ فیداکاری و لەخۆبوردن و لە پێناوی دەوروپشتا هەوڵدان نەخشە دەکێشێ. پەندی پێشینانی کورد دەڵێ: «چرا شەوقی بۆ خۆی نییە»(٨٩).

ئەگەر لە پەندی هەندێ گەلی دراوسێدا پیاوی فیداکار و خزمەتگوزار کرابێت بە مۆم بۆ خەڵکی بسووتێ، ئەوا دەبینین کە کورد کردوویەتی بە چرایەک کە هەمیشە دەسووتێ و شەوق دەداتەوە، ڕێگە بۆ هەمووان ڕووناک دەکاتەوە، بێ ئەوەی خۆی شتێک لەم شەوق و ڕووناکییەی خۆی ببینێ، یان ئەم شەوق و ڕووناکییە سوودێکی بۆ خۆی هەبێت.

هەر لەم باسەدا دەتوانین لەوەش بدوێین کە کورد هەروەک ڕاستگۆ و سەر ڕاستن، هەروەها هاوپشتی ئەوەن کە پیاو بە کردار، نەک بە قسە، پەسندی و بەرزی و کرداری باشی خۆی بسەلمێنێ، بۆیە دەڵێن: «بەڕیش نییە بە ئیشە»(٩٠). هەر لە باسی ڕەفتاری جواندا پەندێکی بەناوبانگ هەیە کە لە

---

(٨٦) خاڵ. ل ٥٥.

(٨٧) خاڵ. ل ٥٣.

(٨٨) خاڵ. ل ٥٧.

(٨٩) خاڵ، ل٥٦.

(٩٠) خاڵ. ل ٣٥.

قووڵی و جوانی و ڕەوانیـدا پەیکەرێک و وێنەیەکە. کورد دەڵێن: «دڵ ئاوێنەی دڵە»(٩١).

قووڵی پەندەکە ئەوەیە کە دڵی مرۆڤ بە شتێکی پاک و بێگەرد دەزانێت وەک ئاوێنە، ئەو ئاوێنەیەش دڵی هەموو مرۆڤێک هەموو کوردێکە کە دەبێ بەرامبەر بەیەک پاک و بێگەرد بێت، جـوانی پەندەکـەش لە ڕووی زمــان و داڕشـتنەوە دیارە. ئەم پەنـدە و چەندین پەندی تر ئەوە دەردەخـەن کـە کـورد لە سـروشـتی نەتەوەیی خۆیدا، لە مێژوویدا، لە ژیانی ڕۆژانەیدا دڵپاک و بێگەردە، دڵپاکی و خـۆشـەویستـی کردووە بـە ڕابەری ژیانی. هەر لە پـەندی پێـشـینانەوە بۆمـان دەردەکەوێت کە کورد لە فەلسەفە و تەجروبەی ساڵەهای ژیانی خۆیدا دڵپاکی و خۆشەویستی نەخستووەتە چوارچێوەی شوێن، کاتێکی تایبـەتییەوە، بگرە لە هەموو شـوێن و کاتدا خـۆشـەویستی ڕابەری ژیانی بـووە. کورد دەڵێن: «ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە»(٩٢). «کەواتە لای کورد کاتێک و لە شوێنیکدا خۆشی دەبینرێ کـە دڵ تێدا خـۆش بێت، دڵیش هـەروەک لە پەندی پێشـینانـدا دیمان، ئاوێنە بوو، وێنەی پاکی و سەرڕاستی بوو، بۆیە لەهەر شـوێنێکدا ئەم نرخ و ڕەوشـتـانە سـەرکـەوتوو بن ئەوا دڵ خـۆشـە، پەندی پێـشـینانـی کوردی گەلێک سـروشـتی تری کورد دەردەخـات. بۆ نموونە، لـە پەندی کوردیدا وێنەی ئـازایی و مــەردایەتی و، دوژمنی پیــاوی ترسنۆک و ورە بەرداو بـە ڕۆشنی دیارە، هـەر ئەو کــوردەی وتوویەتـی: «پشــتم ســەفـین بێت، تف لە ئـاسنیش دەکەم»(٩٣).

وتوشیـەتی: «ئەوی بترسێ ناخـەلەسێ»(٩٤). هـەروەها کورد دەڵێن «ئەگەر لە جافان یەکێک بمێنێ، هـەقی بەرەودوا لە گشت دەسێنێ»(٩٥).

---

(٩١) خاڵ، ل ٧٢.

(٩٢) دەستنووس.

(٩٣) خاڵ. ل ٤٢.

(٩٤) خاڵ. ل٢١.

(٩٥) خاڵ. ل ١٧.

دیســـان وتوویانـه: «ڕۆژێک بە کــەڵەشــێــری، هـەزار ڕۆژ بە مــریشکی مـەژی»(٩٦). هـەروەها «مـەنجـەڵی مـەردان بـە چل سـاڵ دێتـە جـۆش»(٩٧) واتە پیاوی ئازا چەند خۆی بەرامبەر زوڵم و زۆر ڕاگریٚ، چەند داخ و کینە لە دڵیا پەنگ بخواتەوە، دوایی هەر خۆی ناگرێت و مەردانە دێتە کایەوە.

لەم بارەیەوە کورد هەمیشە لەگەڵ پیاوی ئازا و لەخۆ بوردووان و کەسێک خۆی دوورە و کەنار گرتبیٚ بەلایانەوە خراپە.

پێشینان وتوویانە: «سەرێک لە ناو سەرانا نەبێت، بۆ بڕین چاکە»(٩٨) هەر لەم بارەیەوە پێشـینان ئەوەیان خسـتـووەتە پێش چاو کـە ئادەمـیـزاد هەر کارێکی کرد دەبیٚ ئەنجامەکەی لە بەرچاو بێت و خۆی بۆ فیداکاری لە پێناوی دا، ئامـادە بکات، بۆیە وتویانە: «ئینسـان لە بن کـوورەدا بێت پرپیشکی لیٚ دەپرژێت»(٩٩). وە هەر لەم مەیانەدا وتوویانە: «گۆزە هەموو جارێک بە ساغی لە کـانی ناگـەڕێتـەوە»(١٠٠). چەند پـەندێکی تر هـەیە کە لەم مـانایەوە نزیکن، وەک ئـەوەی دەڵێت: ڕیش نـەبێت بـە تووشـــەوە، کـــە بوو دەبیٚ شـــانەی بـۆ هـەڵگریت»(١٠١).

بۆ بەڵگەی ئەم باســە و باسی تـەجــروبە و دنیــا دیدەییش دەتوانـین ئەم پەندەش بکەین بە نموونە کە دەڵێت: «سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار»(١٠٢).

پەندی پێشـینان لە پاڵ ئەم هەمـوو ڕەوشـتی جوان و ڕەفتـارە پەسندانەی کوردا پیاوچاکی و بەشـەرەفی خـەڵکی سادە دەردەخات و ئەوە دەخـاتە ڕوو کە پیـاو خـراپ بـەرەو نەمـان دەڕوات و لە ئـەنجـامـدا هـەر دووچاری خـراپەش

---

(٩٦) خاڵ. ل ٨٣.

(٩٧) خاڵ. ل١٥٢.

(٩٨) (٩٩) خاڵ. ل ٩٦. خاڵ. ل٢٤.

(١٠٠) دەستنووس ١.

(١٠١) خاڵ. ل ٨٥.

(١٠٢) خاڵ. ل ٩١.

دەبێت. پێشینان دەڵێن(١٠٣): «هەر کەسێک چاڵی بۆ کەسێک هەڵکەند خۆی تێ دەکەوێ»(١٠٤).

بێگومان ئەم پەندە تەنیا لە کوردەواریدا نییە، بگرە لای گەلێک نەتەوەی جیهان هەیە، ئەمەیان هاوبەشی و هاوسانی خەڵکی دڵپاک و سادەی ئێمە لەگەڵ هەموو دڵپاک و پیاوچاک و ڕەفتار جوانی ئەم سەرزەوییەدا لە سروشت و ڕەوشتیاندا، دەردەخەن.

پەندی پێشینانمان لە پاڵ ئەمانەشدا وەفاداری و ئەمەکداری و چاکە لە بەرچاوی کورد دەردەخات. گەلێک پەندمان هەن کە بەڵگەی ئەو سروشتە بەرزەی کوردن، ئەو سروشتەی کە شەقڵێکی تایبەتی مێژووی نەتەوەییمان بووە، بۆ نموونە کورد دەڵێن: «کانییەک ئاوی لێ بخۆیتەوە، بەردی تێ فڕێ مەدە»(١٠٥).

پەندی پێشینانی کوردی هەروەک تابلۆیەکی ڕەنگینی نیشتمانپەروەری پێشان داین هەروەها نزیک لەو مەبەستەوە دیمەنی پەرۆش و بەتەنگەوەهاتنی دۆست و خزم و کەسوکاریشمان پێشان دەدات، کە ئەمەش وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردە لە پلەیەکی تایبەتی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

کورد دەڵێن: «پاروو لە دەم داکەوێت، بۆ کۆش باشە»(١٠٦).

یا دەڵێن: «خێر بۆ خوێش، نەک بۆ دەروێش»(١٠٧).

قسەیەکی تری کوردی هەیە دەڵێت بووە بە مامەخەمە، واتە بە خەمخواری

---

(١٠٣) خاڵ. ل ١٧١.

(١٠٤) زیادەی چاپی دووەم: لەم مانایەدا بە عەرەبی وتراوە: «من حفر بئراً لأخيه وقع فيه» یا «أوقعه اللّٰه فيه». یا وتراوە: يا حافر البئر لا تغمض مساحيها
خوف الفلك يندار وانت تطع فيها.

(١٠٥) خاڵ. ل ١١٠.

(١٠٦) دەستنووس.

(١٠٧) دەستنووس.

ئەو خەڵکە و لەگەڵ دەرد و ئازار و کارەساتی هەموو کەسدا دەتلێتەوە و دەربەستی هەموو کەسە.

هەرچەندە کورد حەز بە ئازایەتی و مەردایەتی و پیاوەتی دەکەن بەڵام هەروەک مێژوو دەری خستووە نەتەوەی کورد هیچ کاتێک شەڕانی و ئازاردەر و خوێنڕێژ نەبووە و هەموو کات حەزی بە ئاشتی و هێمنی و ئاسوودەیی کردووە. پەندی پێشینان بەڵگەیەکی ئەم ڕاستییەش دەدا بەدەستەوە، کورد دەڵێن: «ئاشتی دوای شەڕ خۆشە»[١٠٨]. یا دەڵێن: «دوای شەڕ ئاشتییە»[١٠٩].

بگرە زۆر لەمە قووڵتر دەڕواننە باسی ئاشتی، بەوەی کە شەڕ بە ڕووداوێکی نەمر دانانێن لە ژیانی ئادەمیزادا، بگرە بە شتێکی ئەوتۆی دەزانن کە دێت و دەڕوات و لە ناو دەچێت، بەڵام ئاشتی و هێمنی بە شتێکی هەمیشە و زیندوو و جێگیر دادەنێن لە ژیانی ئادەمیزادا. بۆیە کورد لە کاتی شەڕدا هەمیشە ئاشتیی لە بیرە و دەڵێ: «شەڕکەر ئاشتیت لە بیر بێت»[١١٠].

یان لە کاتی شەڕدا دەڵێن: «بەشی ئاشتیی تیا بهێڵەوە»[١١١].

هەروەها پەندی پێشینان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کورد زۆر بە قووڵی لەو ڕووداوە گەیشتووە کە پێی دەڵێن جەنگ. کورد دەڵێن: «کاسەی پڕ ئاشتیی ماڵە»[١١٢]. واتە کاتێک کاسە لە ماڵدا، لە وڵاتدا، لەم زەمینە پان و بەرینەدا پڕبوو، ئەوسا ئاشتیی ماڵ دێتە کایەوە، ماڵیش بۆ خێزان خانووە، بۆ نەتەوە نیشتمانێکی سنووردارە، بۆ مرۆڤایەتی سەرزەمینە، بگرە ئاسمان و ئاسمانی بەرینە. پێشینان بەسادەیی، بەڵام بە وردی و قووڵی و ژیری لە

---

(١٠٨) خاڵ. ل ١٠٦.

(١٠٩) دەستنووس.

(١١٠) دەستنووس ١.

(١١١) دەستنووس.

(١١٢) خاڵ. ل ١١٠.

فەلسەفەی جەنگ گەیشتوون. فەیلەسووف و زانایانی ئەمڕۆ نەمانی جەنگ لە ژیانی ئادەمیزاددا دەبەستن بە نەمانی ڕژێمی ئیمپریالی و نەهێشتنی چەوساندنەوەوە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، ئەم پەندەی پێشینانی ئێمەش لە ڕەگی فەلسەفیدا بەتەواوی دەچێتە سەر ئەو جۆرە لێکدانەوەیە.

لە باسی هەندێ بەشی فۆلکلۆری کوردیدا وتمان کە ڕۆژهەڵاتناسان زۆر بەڵگە لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەردەگرن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە کورد ژنی لەلا بەڕێزە و بە بەرزییەوە دەڕوانێتە ئافرەت. لە مێژووی کوردا «بەتایبەتی لە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا» ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەت بە زۆری هاوشانی پیاو بووە لە ئیشکردن و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵگەی ئەم قسانەش لە پەندی پێشیناندا دەبینین، کورد دەڵێن: «ژن کۆڵەکەی ماڵە»(113).

ئەم پەندانە ژن لە سنووری ماڵ دەبەنە دەرەوە بۆ ناو سنووری کۆمەڵ و بەشێوەیەکی ژیرانە دەڕواننە ئافرەتی باش وە بە بناغەی بەختیاریی کۆمەڵی دادەنێن. کورد دەڵێن: «ژنیش هەیە و ژانیش هەیە»، واتە ئەوی باش بێت لای کورد ئەوە ژنی ڕاستەقینەیە.

لە ژیانی ئابووری دێهاتدا، کورد ئافرەت بە بناغە و کۆڵەکە دادەنێت و ڕۆڵێکی گەورەی لەو مەیدانەدا دەداتێ و دەڵێ: ژنێکم دەوێت ژنانە، پێستە بکا بە هەمانە(114). لە پاڵ ئەمانەدا ئافرەت لەلای کورد وێنەی شەرەف و مەردی و سەرفرازییە، کورد دەڵێن: «کچ قەڵایە ناگیرێ»(115).

وە لە مەیدانی ئازایەتیدا کورد شانازی بە ژنیشەوە دەکات، پێشینان وتوویانە: «شێر لە بێشە دەرچێت چ نێر بێ و چ مێ»(116).

هەروەک پەندی پێشینان لای هەموو نەتەوەیەکی جیهان بەرهەمی

(113) دەستنووس.

(114) دەستنووس.

(115) خاڵ. ل 111.

(116) خاڵ، ل 104.

دنیادیدەیی و زادەی تەجروبەیەکی درێژی ژیانە، هەروەها سەختی و ئاڵۆزی و هەمــەڕەنگەیی ژیان پێش هەمــوو شت وای لە کــورد کــردووە کــە بە وردی و قووڵی لە سەرچاوەی ژیان بگات و فەلسەفەیەکی جێگیری بەرامبەر بە هەموو ڕووخساری ژیان و کوڕی گوزەران و هەڵسووڕان هەبێت. کورد بە سادەیی و ساکاریی ناڕوانێتە ڕووداوەکانی ژیان، بگرە هەموو ڕووداوێک دەبەستێ بە ڕێگەکەیەوە، کورد دەڵێن: «ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە»(117). واتە ڕووداو بێ جەوهەر نییە و ئەنجامیش لە هۆیەکەوە پەیدا بووە. ئەگەر سادەتر لەم پەندە وردبینەوە دەزانین کە کورد ژیرانە تەماشای سەرچاوەی هەموو ئیشوکار و ڕووداوێکی کردووە، تەجروبەی ژیان تێی گەیاندووە کە بە دیمەن هەڵنەخەڵەتێ و بچێتە بنجوبناوانی ئیشەوە. کورد دەڵێن: «ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە»(118). واتە هەموو ڕووداوێکی ژیان بناغە و سەرچاوە و ڕەگێکی هەیە، لە ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریدا هەرگیز ناگونجێ دیمەنێکی ژیان بێ بناغە و سەرچاوە بێت.

یا لەم بارەیەوە وتراوە «گیا(119) لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ»(120) وە هەر ئەم پەندە لە شێوەی تەوسدا کراوە بە پەندێک کە دەڵێ: «ئەوی لە مشک بێت جەوال دەدڕێ»(121). ئەم شێوەی تەوس و گاڵتە پێکردنە لە زۆر پەنددا دەبینرێ کە هەر یەکە بۆ مەبەستێکی ئاشکرا بەکار دەهێنرێ وەک دەڵێ «خوا غەزەب لە مێرووله بگرێ باڵی لێ پەیدا دەکات»(122). یا «لە شوێنێکی مەلای نەبێ بە کەڵەباب دەڵێن بڵقاسم»(123).

---

(١١٧) خاڵ، ل ١١٦.

(١١٨) خاڵ، ل١٨.

(١١٩) ئەم پەندە بۆ پێچەوانەی ئەم مەبەستەش بەکار دێت.

(١٢٠) دەستنووس.

(١٢١) دەستنووس.

(١٢٢) دەستنووس.

(١٢٣) دەستنووس ١.

هەروەها وتراوە «کە کەس لە ماڵ نەبوو رەجەب سەرپاڵەیە»[١٢٤]. ئەمە بۆ شوێنێکە کە ئیش بدرێتە دەست پیاوی لێ نەهاتوو، وە هەر لەم بارەیەوە وتراوە: «ئەگەر لەبێشە شێر نەما، گورگ و مام ڕێوی دەکەونە سەما»[١٢٥] یا دەڵێن: «پشیلە لە ماڵ نەبوو مشکان تلیلیلییانە»[١٢٦] یا «کیزێ هاتە ڕیزێ»[١٢٧]. پێشینان دەرسێکی بەنرخی ژیانیان بۆ بەجێ هێشتووین و ئەوەیان تێ گەیاندووین کە بە چاوێکی کراوەوە بڕوانینە ژیان و باش ئاسۆی دوارۆژ ببینین و دۆست و دوژمن بناسین- بۆیە وتوویانە: «ئەو چاوە کوێر بێت کە خەنیمی خۆی نابینێ»[١٢٨].

یا ئامۆژگاریی ئەوەیان کردووین کە بەفڕوفێڵ هەڵنەخەڵەتێین و ئەوە بزانین کە «دۆست ئەوەیە دەتگرێنێ»[١٢٩]، دوژمن ئەوەیە پێت دەکەنێنێ»[١٣٠] هەر دەربارەی هوشیاری و لە فڕوفێڵ گەیشتن وتوویانە «ئەو خورمایەی تۆ دەیخۆیت دەنکەکەی وا لە گیرفانی مندا»[١٣١]. تەجروبەی دوورودرێژ وای لە خاوەن پەند کردووە کە لە سەرەتای کارەوە لە هەموو کارێک بگات و ئەمەش لە پەندێکا دابڕێژێ و بڵێ «تاریکیی مانگ، سەر لە ئێوارە دیارە»[١٣٢]. هەر لە کوڕی تەجروبە و لە چاک و خراپ گەیشتندا[١٣٣] پێشینان وتوویانە: «بە

(١٢٤) دەستنووس.

(١٢٥) خاڵ، ل ١٢٦.

(١٢٦) دەستنووس.

(١٢٧) دەستنووس.

(١٢٨) دەستنووس.

(١٢٩) یا «پێت پێ دەکەنێ»

(١٣٠) دەستنوس ١.

(١٣١) دەستنووس.

(١٣٢) دەستنووس.

(١٣٣) هەر لەم بارەیەوە تێیان گەیاندووین کە نە خەفەت بدەین بە دۆست، دوژمن بە خۆمان خۆش کەین. لە شێوەیەکی ئەدەبی بەرزدا وتوویانە «دەڵێ ژاڵە بۆ وا تاڵی؟ لەبەر برا مردن، گوڵت بۆ وا جوانە؟ لەبەر دۆست و دوژمن.»

زستـان جـارێک دەڵێن(١٣٤) سـاردە»(١٣٥)، یاخـۆ «مـارانگـاز لە خشـەی مێـروو دەترسێ»(١٣٦).

هـەر نزیک لـەم مـانایـەشـەوە پێـشـینان ئـامـۆژگـاریی ئەوەیـان کـردووە کـە لە کـاردا پشت بە خـۆمان ببـەسـتین و خـۆمان بەدوای دەرمـانی دەرد و ئـازارمـانا بگەڕێین، چونکە بە تـەجروبە لەوە گەیشـتـوون کە «تا مـاڵ وەسـتـابێ، مزگـەوت حەرامـە» و(١٣٧) خـاوەن مـاڵ باشـتـر لە کـاروباری نـاو مـاڵی خـۆی دەگـات بۆیە وتوویانە(١٣٨) «بە هـەزار حەکیم بەقەدەر دەردەدارێک نازانن»(١٣٩).

کورد باوەڕی بە پسـپۆڕی و لێهـاتوویی هـەیە و ئەوەی زانیوە کە هـەر کـەسـە ئـیـــشـی خـــۆی هـەیـە، بۆیـە وتـوویـەتـی «نـان بـۆ نـانـەوا و گـــۆشـت(١٤٠) بۆ قـەسـاب»(١٤١)، وە هـەر نزیـک بەم مـانـایە داوای لە هـەمـوو کـەس کـردووە کـە خۆیان بناسن و هەوڵ و تەقەلایان بە پێی توانای خۆیان بێت وتوویانە «بەقـەد بەرەی خـۆت پێت ڕاکـێـشـە» و(١٤٢) ئەوەشـیـان پێـشـان داوە کـە هـەر کـارە سنووری خـــۆی هەیە، بۆیە وتـوویانـە «هـەمـــوو شت بـە خـــوێ و خـــوێش بە

(١٣٤) ئەم پەندانە لە مـانادا لەو حـەدیسـەی پێغـەمبەر «د،خ» دەچن کە دەفەرموێ «لا یلدغ المؤمن من جحر مرتین» واتە خاوەن باوەڕ دوو جار لە کونێکەوە پێوەی نادرێ.

(١٣٥) خاڵ، ل ٣٦.

(١٣٦) دەستنووس.

(١٣٧)،

(١٣٨) دەستنووس.

(١٣٩) زیادەی چاپی دووەم: هەروەهـا دەڵێن: سـەر بە دەســتی خـۆت نەیخـورێنی خورووی ناشکێ- کە ئەمە لەگەڵ پەندی «ما حک جلدک مثل ظفرک»ی عەرەبیدا یەک دەگرێتەوە.

(١٤٠) لەم بارەیەوە لە عەرەبیدا وتراوە (اعط القوس باریها) واتە کەوان بدە دەست خاوەنی.

(١٤١) خاڵ، ل ١٥٦.

(١٤٢) دەستنووس.

مەعنا»[١٤٣]. پەندی پێشینانمان گەلێک تەجروبەی تری ژیان ژیرانە پێشان دەدات. ئەم پەندانە هەر یەکە ئەنجامی تەجروبەیەکن، کورد دەڵێن: «چەپڵە بەدەستێک لێ نادرێ»[١٤٤]، یا دەڵێن: «جام دەڵێ بشکێم و نەزرنگێمەوە»[١٤٥] یا دەڵێن[١٤٦] «گەورە ئاو دەڕێژێ بچووک پێی هەڵدەخلیسکێ»[١٤٧]، یا دەڵێن: «لە هەموو هەورێک باران ناباری»[١٤٨].

پەندی پێشینان باوەڕێ قووڵی خەڵک بەوە دەردەخا کە کاروانی ژیان بەرەو پێشەوە دەڕوات، بۆیە زۆر بە دڵنیایی ڕوویان کردووەتە کۆسپەکانی سەرەڕێ و وتوویانە «سەگە و بە مانگەشەو دەوەڕێ»[١٤٩]. هەروەها زۆر بە ڕەنگینی و جوانی و لە قاڵبێکی بەرزی هونەردا هیوامان بە دواڕۆژ نیشان داوە و وتوویانە «کەڵەشێریش نەبێت خوا ڕۆژ هەر دەکاتەوە»[١٥٠] یا وتویانە «لە پاش تەنگانە خۆشییە»[١٥١] یا «هەتا تاڵی نەبینی خۆشیش نابینی»[١٥٢].

هەروەها ئەم پەندانە باوەڕێکی بەتین دەردەبڕن بە جەوهەری ئینسان و بە توانای بەرەوپێش چوونی- بۆیە وتراوە «ئینسان وەک گا[١٥٣] لە پێستێکا نابێ»[١٥٤] هەروەها پەندی «هەر دەوەنە دەبێ بە دار، لە بنیا دەحەسێتەوە

---

(١٤٣)، (١٤٤) خاڵ، ل ١٧٣ خاڵ، ل ٥٦.

(١٤٥) دەستنووس.

(١٤٦) زیادەی چاپی دووەم: دەشوترێت «گەورە ئاو دەڕێژێ بچووک پێی لێ دەخا».

(١٤٧) دەستنووس.

(١٤٨) خاڵ، ل ١٤٠.

(١٤٩) خاڵ، ل ٩٧.

(١٥٠) خاڵ، ل ١١٨.

(١٥١) ئەم پەندە لە مانادا لە ئایەتی «ان مع العسر یسرا» «سورەتی- الانشراح- ئایەتی ٧» دەچێت. واتە لەگەڵ تەنگانەدا خۆشییە.

(١٥٢) خاڵ، ل ١٦٧.

(١٥٣) دەشوترێ: ئینسان گا نییە تا دەمرێ لە پێستێکا بێت -دەستنووس-.

(١٥٤) خاڵ، ل ٣٤.

فەقیر و هەژار»[١٥٥].

پەندی پێشینان وەڵامی ئەوەشمان دەداتەوە کە ژیان چۆن بەرەوپێش دەچێت و دەڵێت[١٥٦]: «لافاو لە تکە تکە پەیدا دەبێ»[١٥٧].

ئەم پەندە بە تەواوی لە یەکێ لە یاساکانی فەلسەفەی تازە دەچێت- ئەویش ئەوەیە کە هەموو کۆبوونەوەیەکی شت لە میقدار-کم ە- گۆڕینی جۆر "کیفیة"ی لەدوایە.

وەک وتمان "پەندی پێشینان" نموونەی فەلسەفەی خەڵکە، وە ئەگەر تەماشای هەر کتێبێکی فەلسەفە بکەین دەبینین فەلسەفە بە زانستێک دادەنرێ کە هەموو ژیان- بە سروشت و کۆمەڵ و بیرەوە بگرێتەوە. بۆیە دەبینین کە پەندی پێشینانیش هەموو کۆڕێکی تەجروبە و ژیان دەگرێتەوە. بۆ نموونە- لە پاڵ ئەو هەموو مەبەسانەدا کە دەرمان خستن پەندی پێشینان چووەتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە و تەجروبەی دەربارەی بەجێ هێشتووە.

لە کۆڕی پاراستنی تەندروستیدا وتوویانە: «کەم بخۆ و مەچۆرە سەر حەکیم»[١٥٨] یا «خۆ- کا- هی خۆت نەبوو کایەنەکە هی خۆت بوو»[١٥٩].

هەر لە مەیدانە فراوانەکەی وریایی و دنیادیدەیی دایە کە کورد دەڵێ: «کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە»[١٦٠]. بێگومان ئەمە وا دەگەیەنێت کە زەحمەتە پیاو دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت. بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە پێشینان ئەم ڕەوشتەیان لا باش بووە. چونکە ئەم پەندە بە تەوسەوە بە یەکێک دەوترێ

(١٥٥) خاڵ، ل ١٧٠.

(١٥٦) خاڵ ل ١٣١.

(١٥٧) زیادەی چاپی دووەم: هەر لەم مانایەدا عەرەب دەڵێن: (حبایه، حبایه، تصبح کبایه)، فارسیش دەڵێن «قەترە ب قەترە دەریا میشوند».

(١٥٨) خاڵ، ل ١١٩.

(١٥٩) دەستنووس.

(١٦٠) دەستنووس.

که بێ بناغه شانازی به شتێکی خۆیەوە بکات. هەر لەو باسەدا دەڵێن «دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکات»(١٦١).

ئەم پەندە لەم مانایەی پێشووشدا و بۆ پەسندکردنی کرداری باش و پسپۆریش بەکار دێت. هەر لە شێوەی تەوسدا پێشینان باسی چەند سروشتێکی تری ئادەمیزادیان کردووە و وتوویانە: «لە ئەسپی "نەبوو" ئاخوڕی بۆ هەڵدەبەستێ»(١٦٢) یا وتوویانە «ڕێوی خۆی بەکونەوە نەدەچوو هەژگێکی دوای خۆی خستبوو»(١٦٣).

لە کۆڕێکی تری ژیاندا- لە باسی ڕووکەشی و خۆنواندنی بێ بناغە و بناواندا وتوویانە: «ناوی گەورە و دێی وێران»(١٦٤) یا وتوویانە: «دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە»(١٦٥).

لە باسی ئیشی نابەجێ و ناوەخت و نەکولاو و سەرکەشیدا پێشینان ڕای خۆیان لە پەندێکی جواندا دارشتووە و ئەنجامی ئەم جۆرە کارەیان خستووەتە ڕوو وتوویانە: «کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێت سەری خۆی و ساحێبی دەخوا». هەر لە بارەی کرداری نابەجێ و پەشیمانی لە دوادا وتوویانە «پەشیمانان شاخیان لێ بڕوایە، شاخی لێ دەردەهات»(١٦٦) واتە- تا ئەمرێ نیشانەی پەشیمانی پێوە دیارە.

پەیڕەوی ژیان و قسە و باوی خەڵکی لەلای پێشینان زۆر دیار بووە. هەر وەک وتوویانە: «قسە هەزارە و دووانی بەکارە»(١٦٧).

---

(١٦١) خاڵ، ل ٧٥.

(١٦٢) خاڵ، ل ١٣٢.

(١٦٣) خاڵ، ل ٨٥.

(١٦٤) دەستنووس.

(١٦٥) خاڵ، ل ٧٩.

(١٦٦) دەستنووس ١.

(١٦٧) خاڵ، ل ١٠٧.

هەروەها ئەوەشیان زانیوە کە پەند و باو و قسە هەموو کات «لە کۆمەڵی ئێمەدا» ڕاست نییە. بەتایبەتی بۆ کەسێک کە کەوتبێ پێشینان ئەم باسەیان خستووەتە چوارچێوەی ئەم پەندە ڕەنگینەوە کە دەڵێ: «گلۆڵەم کەوتە لێژی، کەس خاسم پێ نایێژی»[١٦٨].

با هەر لە باسی دنیادیدەییدا بڕوانینە ئەم پەندەش کە دەڵێ «سەگ بە زەبری کلکی ئێسقان دەشکێنێ»[١٦٩] بەڕاستی ئەم پەندە لە مەیدانی سیاسەتی ئەمڕۆدا بەسەر زۆر شتدا دێتە دی.

هەر لەم بارەیەوە پەندێکیش هەیە دەڵێ" «کەچەڵ حەکیم بووایە دەرمانی سەری خۆی دەکرد»[١٧٠] وە هەر لە مەیدانی تەجروبەدا وتراوە «قسە لە پاش حەوت کێو دەگاتەوە بە خێو»[١٧١].

یا لە مەیدانی درۆ و ڕاستی قسەدا، لە باسی بە مەردانە و ئاشکرا قسەکردن و ئازایەتی ڕا دەربڕیندا، بەشێوەی تەوسەوە پێشینان وتوویانە: «لە پاش مردوو درۆ دەکرێ»[١٧٢].

هەروەک وتمان پەندی پێشینان لەلایەکەوە بەری تەجروبەیە و لەلایەکی ترەوە هەوڵی زانینی ژیان و ناسینی جیهانە، واتە بەشێکە لە تیۆریی زانین لەلای ئادەمیزاد، هەر بەم چاوە دەتوانین بڕوانینە ئەو پەندەی دەڵێ: «دز بازاڕی شێواوی دەوێ»[١٧٣] ئەگەر ئەم پەندە لە جوغزی ژیانی ئابووری و سیاسیی جیهانەوە ئەو دەمە قووڵیی پەندەکەمان بۆ دەردەکەوێ هەر لەم بارەیەوە پەندێکیش هەیە دەڵێ: «ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش»[١٧٤]. ئەم پەندە

---

(١٦٨) خاڵ، ل١٢٥.

(١٦٩) خاڵ، ل ٩٧.

(١٧٠) دەستنووس ١.

(١٧١) خاڵ، ل ١٠٧.

(١٧٢) خاڵ، ل ١٣٣.

(١٧٣) خاڵ، ل ٧١.

(١٧٤) خاڵ، ل ١٤٤.

هەرچەندە لە ئامۆژگارییەکی سادە دەچێت، لە کۆمەڵێکدا کە ژیانی ئادەمیزادی تێدا مسۆگەر نەکراوە. بەڵام ئەگەر لە جوغزێکی فراوانترا تەماشای بکەین دیسان قووڵیی مەبەستمان بۆ دەردەکەوێت.

هەر لە کۆڕی تەجروبەدا گەل شانازی بە وریایی خۆیەوە دەکات و دەڵێ: «خەڵکی کاغەزی سپی دەخوێننەوە»[١٧٥].

واتە خەڵک زۆر سادە نین و بە هیچ شتێک هەڵناخەڵەتن.

گەل هەمیشە بەچاوێکی ڕووناک دەڕوانێتە ژیان و ئاسۆی دوور بەڕۆشنی دەبینێ و هیوای بەدوارۆژە، برووسکەی ئاوات لە پەندی پێشینان‌دا هەمیشە دەدرەوشێتەوە. کورد دەڵێن: «کوێرە چیت دەوێ؟ دوو چاوی ساغ»[١٧٦]. دیارە ئەمە هەر بۆ کوێر نییە، ئاوات لە چوارچێوەیەکی تەنگتردا پێشان دراوە و وتراوە «کوێر تا دەمرێ بە تەمای چاوە»[١٧٧].

دیارە کوێر تا مردن لە چاو بێ بەرییە، بەڵام ئەم پەندە قووڵیی هیوا و هەمیشەیی پێشان دەدا، تەنانەت لە تاریکەشەوی نائومێدیدا. هەر لەم باسەدا وتراوە: «تینوو ئاو دەبینێ لە خەوا»[١٧٨].

یا وتوویانە «خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە»[١٧٩] بەڵام پێشینان ئەو تەجروبەیەیان پێشان داوین کە ئاوات بە قسە نایەتە دی بۆیە وتوویانە: «قسە فەقیرە هەموو کەس پێی دەوێرێت»[١٨٠]. وە لە ناخی دنیادیدەییەوە گاڵتەیان بەهیوا و ئاواتێک کردووە، کە بە قسە بۆ بچێت، بۆیە وتوویانە «ئەگەریان دا بە مەگەر کوڕێکیان بوو، ناویان نا کاشکێ»[١٨١].

پەندی پێشینان وەک زانیمان خۆلاسەی دنیادیدەیی ساڵان و سەدەیانی

---

(١٧٥) خاڵ، ل ٦٦.

(١٧٦)، (١٧٧) خاڵ، ل ١١٤.

(١٧٨) خاڵ، ل ٥٢.

(١٧٩) خاڵ، ل ٦٣.

(١٨٠) دەستنووس.

(١٨١) دەستنووس ١.

ژیانی گەلە و پیاوی ژیری نەتەوە ئەو تەجروبەیەیان کردووە بە سامانی ئامۆژگاری و بۆیان جێ هێشتووین. بەڵام ئایا ئەم گەلە یا نەتەوەیە هەمووی، ژیانی لەسەر یەک هێڵ و بە یەک ئاراستەدا ڕۆیشتووە؟

وەک دەزانین "مێژووی هەموو کۆمەڵێک تا ئەمڕۆ"، یا ڕاستتر ئەوەیە بڵێین "مێژووی تۆمارکراو". چونکە لە ساڵی ١٨٤٧دا مێژووی ئەو ڕژێمە کۆمەڵایەتییانەی پێش تۆمارکردنی مێژوو کەوتوون، کە بەدەوری پێش مێژوو دەزانرێن، لە نەزانراو دەچوو»، هەر مێژووی کێشەی نێوان چینەکانە. کۆیلەدار و کۆیلە، میر و گەدا، ئاغا و جووتیار، وەستا و شاگرد، بەکورتی، چەوسێنەرەوەکان و ئەوانەی دەچەوسێنەوە، هەر لە ناکۆکیدا بوون و جەنگێکی بەردەوام لە نێوانیاندا هەر هەبووە، ئیتر جارووبار ئاشکرا و جارووبار شاردراوە بووە، جەنگێک کە ئەنجامەکەی یا گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە بووە کە هەموو کۆمەڵی گرتووەتەوە، یا پێکەوە لە ناوچوونی هەردوو ئەو چینە بووە کە لە کێشەدا بوو- ون»[١٨٢].

کەواتە نابێ لە پەندی پێشیناندا وێنەی ئەو کێشەیە دیار نەبێ و نابێ وێنەی بیرورا و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی دەستەی دووەمی ئەو کێشەیە دیار نەبێ.

ئەوەی تا ئێستا پێشانمان دا پەندی زۆربەی گەلە، کە لە سەرتاپای فۆلکلۆردا ناومان نا بەرەی خێرخوا. بەڵام لە پەندی کوردیدا وە پەندی هەموو نەتەوەکانی تری جیهان، پەندی ئەوتۆ هەیە کە بیر و جیهانبینینی دەستەکەی تری ئەو کێشەیە پێشان دەدا، کە بەشێکی کەمی نەتەوەیە و لە هەندێ جێگەدا ناومان نا دەستەی ڕەنجخۆر و لە سەرتاپاکەی فۆلکلۆردا ناونرا بەرەی شەڕ، یا بەدخوا. کە گیان و بیری تەواو پێچەوانەی ئەو گیان و بیرەیە کە لەمەوبەر دیمان.

---

(١٨٢) مارکس. ک. ئەنگلز. ف. مانەفێستی پارتی کۆمۆنیست ساڵی ١٨٤٨، چاپی مۆسکۆ، ١٩٦٤. ل ٣٧.

له یەکێ لەو پەندانەدا دەڵێ: «ئاگرە سووریێ، لە خۆم دووریێ»[١٨٣]. ئەمە پەندی کەسێکە کە نەیەوێ لە کۆڕی بەرەو پێشچوونی ژیاندا ڕۆڵێکی هەبێ و سەری خۆی داخا و نەیەوێ گڕی سووری قوربانیدانی ڕێگەی تێکۆشانی بەربکەوێ.

پەندێکی تر لەم بارەیەوە دەڵێ: «دەست بە کـــــڵاوی خـــــۆتەوە بگرە با نەیبات»[١٨٤].

یا ئەو جۆرە کەسە تەواو دەچنە جەرگەی خۆپەرستییەوە و دەڵێن: «کە من نەمام لە پاش من دنیا وێران بێ»[١٨٥].

ئەگەر پەندی پێشینان دەستەی یەکەم و زوربەکەی گەل پڕبێ لە وێنەی ئازایی و لە خۆبووردن، ئەوا لە پەندی ئەم دەستەیەی تردا دەڵێ[١٨٦]:

........................................

(١٨٣) خاڵ، ل١٢.

(١٨٤) خاڵ، ل٧٧.

(١٨٥) خاڵ، ل ١١٩.

(١٨٦) زیادەی چاپی دووەم:

چەند جارێ لە چەند شوێنێ نووسینی یەکێک لەوانەدا کە بە گەورەیی فێری نووسین بوون دوور لە پەیڕەوی عیلمی «بێ ئیشارەتی سەرچاوە و ناو و لاپەڕەی نووسین» ئەم مەبەسەی ئەم کتێبە کرابوو بە بابەتی پلار «واتە: ڕەخنە نا». خاوەن پلار لای سەیرە کە ئەم چەشنە بیرە چەوتانەی خواپەرستییان تێدا دیار و ڕوونە بکرێن بە بیر و ئامانجی چینە خوێنمژەکان، خاوەن پلار وەک سەرتاپای هەموو نووسینەکانی دەیەوێ سروشتی پاک لە خەڵکی زەحمەتکێش بە دوور بگرێ و بیکات بە بەرگ و هەستی ڕەسەنی چینە خوێنمژەکان بەتایبەتی دەرەبەگ. لێرەدا مەبەس ئەوە نییە کە ئەم پەندانە دەرەبەگ و خوێنمژان دایان ناون و ئەوان دووبارەیان دەکەنەوە، زۆر کات زۆر بیری چەوتی چینی ژووروو دێتە ناو زەحمەتکێشانەوە، زۆر جار لە مێژوودا بووە کە زۆرداران پڕوپاگەندە و بیری چەوتیان لە ناو زەحمەتکێشاندا بڵاو کردووەتەوە و بەو جۆرە لە ڕێی=

«دەستێک نەتوانم بیبڕم، ماچی دەکەم»(١٨٧) یا دەڵێ: «کێ دایکمی هێنا

= خەبات لایان داون و خۆیان لە تۆڵەی پیرۆزیان ڕزگار کردووە. ئەمە وا ناگەیەنێ کە هەرچی زەحمەتکێش بوو ئیتر هیچ چەشنە سروشتێکی خراپی نییە، ئەمە بۆ «تاقە کەس» ڕاست نییە، بەڵام ڕاستییەکی مێژوویی هەیە کە تەنیا چینە خوێنمژەکان بەدرۆی دەخەنەوە. ئەویش ئەوەیە کە ڕەنج خواردن، ڕەنج دزین، ناپیاوی و بێ وەفایی و چەوساندنەوە، خۆپەرستی و زۆر سروشت و ڕەفتاری بەد تاپۆی چینە خوێنمژەکانە، پاکی و مەردی و نان بە ڕەنجی شان پەیداکردن سروشتی زەحمەتکێشانە. بەڵام ئەگەر "تاقە کەس" دۆزرایەوە کە لە ڕەوشتی چینەکەی خۆیەوە دوور بێت ئەوا ئەم بناغە مێژووییە ناگۆڕێت. فۆلکلۆرناس و زانای ناسراوی سۆڤێتی سۆکۆلۆڤ دەربارەی یەکێک لەو چەشنە نووسەرانە کە "ناومان"ە نووسیویێتی: «پەیڕەوی هەڵەشانەی "ناومان" کە پڕە لە پێشەکیی بڕیاردان بەرامبەر بە کۆمەڵانی گەلی زەحمەتکێش و پڕە لە ئینکاریی توانای پڕ لە ئیبداعیان، پەیڕەویەک نییە کە بە ڕێککەوت دروست بووبێت، بگرە ئەو پەیڕەوە بەپێی جیهانبینیی "ناومان" خۆی ڕسکاوە، کە ئەوەش وێنە و نموونەی عیلمی بۆرژوازییە لە چەرخی تەپینی سەرمایەداریدا». ئەمە بۆ وڵاتی سەرمایەداری، بۆ لای ئێمەش ئەو چەشنە میراتە بیری دەرەبەگن لە چەرخی تەپین و خستنەگۆڕی دەرەبەگیدا، بۆ نموونە:
کێ ماوە لەم جیهانەدا ڕووی بێت بنووسێت: نابێ ناوی دەرەبەگ لە ئاغا و زەویداری کورد بنێین، ئەمانە برا گەورەی کوردەواری بوون.
باسەکەمان لەسەر پەندی پێشینان و فۆلکلۆرە لەبەر ئەوە دەگونجێت بڵێین: دەک خوا بیانبڕێت بۆ چ برا گەورەیەک بوون، وەباڵی ئەو هەموو ئارەقی ناوچەوانانەش کە فەلاح ڕشتی و نەوە بەنەوە دەرەبەگ بەرهەمی برد، وەباڵی ئەو هەموو خوێنەی لە پێناوی ئاو و زەویدا بەدەستی دەرەبەگی لە ناوچووی کورد ڕژا بە ئەستۆی خاوەنی ئەم چەشنە نووسینە، کە لای نەنگ نییە لە پشت دواکەوتووترین جۆرە بیری کۆنەپەرستانەی ئەم جیهانەوە بڕوات و لە چەرخی تەپینی دەرەبەگی و سەرمایەداریدا خۆی بکات بە پارێزەری دەرەبەگی.
(١٨٧) خاڵ، ل٧٨.

پێی دەڵێم مامە»[188].

یا ژیان دەکەن بە بازاڕێکی کڕین و فرۆشتن و قازانجی تاقە کەسیی دوور لە دەروونی پاکی بە نرخی ئادەمیزاد. بۆیە دەڵێن: «بۆیە پێت دەڵێم مامە، کە چۆلەکەم بۆ بگری»[189] یا دەڵێ: «تۆم کرد بە جوڵا مەکۆم بدزی»[190].

لە زانستی تازەی ئیکۆنۆمیدا باسێکی درێژ و قووڵ بۆ مەسەلەی «پارەپەرستی- واتە- صنمیة النقود» تەرخان دەکرێ. کەوا ئادەمیزاد خۆی پارە دروست دەکا و دوایی خۆی دەبێ بە کۆیلە بۆ ئەو پارەیە. جا ئەم بیرە لە پەندی پێشینانی کوردیدا بە شێوەیەکی سادە، بەڵام زۆر بەڕەنگینی خراوەتە ڕوو. پەندێک هەیە دەڵێ: «دەستی تەماع درێژە»[191] یا دەڵێن: «پارە بدەیت مەلا لە مزگەوت دەردەکەیت»[192]. یا دەڵێ «پارەت بوو کەس ناپرسێ کوڕی کێیت»[193]. هەر لەم بارەیەشەوە پاش گێڕانەوەی چیرۆکێکی درێژی گاڵتەوگەپی کوردی پەندێکی کورت هاتووەتە کایەوە کە دەڵێ: «کەوا بخۆ». یا چەند ناوی وەک «پارەپەرست» یا «پارەپیس» هاتووەتە فەرهەنگی زمانەوە.

لەم مانایەوە نزیک، پەندێکی تریش هەیە کە دەڵێ: «نان ئەو نانەیە[194] ئەمڕۆ لە خوانە»[195].

لە کۆڕی نائومێدییا وتراوە «ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار»[196] وە بەرامبەر بەو هەموو پەندەی ڕەنجدان و هەوڵ و کۆشش و پیاوی زەحمەتکێش بە بەرزی

(١٨٨) دەستنووس ١.

(١٨٩) خاڵ، ل ٣١.

(١٩٠) خاڵ، ل ٥٠.

(١٩١) خاڵ، ل ٧٨.

(١٩٢)، (١٩٣) خاڵ، ل ٤١، دەستنووس ١.

(١٩٤) گەلێک پەند هەیە بە دوو جۆر لێک دەدرێتەوە، بۆیە کە لێرەدا کردوومانە بە نموونە مانای وا نییە کە بە شێوەیەکی پێچەوانە لێک نادرێتەوە.

(١٩٥) خاڵ، ل ١٥٥.

(١٩٦) خاڵ، ل ٩٠.

دەزانێ، پەندی تر هەیە کە پێچەوانەی ئەوەیە.

وەک دەڵێ: «کیزێ هاتە ڕیزێ»[197] یا دەوڵەمەند بە پیاوی هەژار دەڵێ: «بۆز بە لەڕی»[198] یا «کەری دێز حەز بە تۆپینی خۆی و[199] زەرەری ساحێبی دەکا»[200].

یا دەڵێن «مەیموون جوان بوو[201] ئاوڵەشی دەردا»[202].

ئەم پەندە لە کونجێکەوە لەگەڵ ئەم پەندەدا یەک دەگرێتەوە کە دەڵێ[203] «ماڵ خۆی لە خۆیدا نەبوو، دزیش ڕووی تێ کرد»[204].

هەر لەم باری سەرنجەوە وتراوە «خوا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا»[205] ئەم پەندە لەو پەندەوە نزیکە کە دەڵێ «حەیا تنۆکێکە کە تکا، تکا»[206].

هەر لەم بارەیەوە دەتوانین ئەم پەندەش بکەین بە نموونە کە دەڵێ «ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ»[207] وە دەتوانین لێرەدا چەند پەندێکی تر دووبارە

---

(١٩٧) دەستنووس.

(١٩٨) خاڵ، ل ٢٩.

(١٩٩) لە هەندێ گێڕانەوەدا، "زەرەر" دەبێ بە "زیان" یا بە "مەرگ" و "ساحێب"یش دەبێ بە خاوەن.

(٢٠٠) دەستنووس ١.

(٢٠١) یا – مەیموون خۆی زۆر جوان بوو، ئاوڵەشی دەردا.

(٢٠٢) خاڵ، ل ١٥٢.

(٢٠٣) دەستنووس ١.

(٢٠٤) زیادەی چاپی دووەم: دەشوترێت: ماڵ لە خۆیدا نەبوو میوانیش ڕووی تێ کرد.

ت. ئەریستۆڤا. کوردی پشت قەفقاس. مۆسکۆ ١٩٦٦.

(٢٠٥) دەستنووس.

(٢٠٦) خاڵ، ل ٦٠.

(٢٠٧) خاڵ، ل١٠.

بکەینەوە، وەک ئەوەی دەڵێ «چەپەرە شڕێ، چ پێوەبێ، چ لێوەبێ»[٢٠٨] یا «بە حوشتریان وت کوڕت بوو، وتی باری خۆم لەسەر پشتی خۆمە»[٢٠٩].

وە لە کۆڕی خۆپەرستی «ئیگۆیزم»دا دەتوانین ئەم پەندە بڵێینەوە کە دەڵێ «پیاو کە چووە شاری کوێران، دەبێ دەست بەچاوەوە بگرێ»[٢١٠].

(٢٠٨) دەستنووس ١.

(٢٠٩) خاڵ، ل ٣٢.

(٢١٠) دەستنووس ١.

# گاڵتەوگەپ

گاڵتەوگەپ یا قسەی خۆش، لە جیهانی ئەدەبیاتناسی و فۆلکلۆرناسیدا جێگەیەکی گرینگی هەیە و زۆر لە زانایانی جیهان بەکۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەیانەوە خەریک بوون. گاڵتەوگەپ بەشێکی بە نرخی سامانی نەتەوەیی و ئەدەبی سەرزاری خەڵکە و یەکێکە لەو جۆرە ئەدەبانەی کە شەقڵی شوێن و کات و سەردەم و سەدەی خۆی پێوەیە و دەبێتە ئاوێنەی تایبەتی گەلێک لە ڕووداوەکانی کاتی خۆی.

قسەی خۆشی کوردی یاخۆ ئەوی هەموو نەتەوەکانی تر تا ئێستە وەک هەموو بەشێکی فۆلکلۆر دەماودەم و پشتاوپشت یەک بۆ یەکی گێڕاوەتەوە. بەو پێیە لە گێڕانەوە و زۆر مانەوەدا بە پێی کات و شوێن و دیالێکتی ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە گۆڕینی بەسەردا هاتووە. قسەی خۆش لە ڕووی ژانری ئەدەبییەوە دەچێتە ڕیزی حیکایەتی کورتەوە. هەرچەندە بە هەموو بارێک قسەی خۆش لە ڕیزی فۆلکلۆردایە نەک ئەدەبی نووسراو.

قسەی خۆش چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی کراوە بە بەردا.

پێکەنین لە ئەدەب و لە ژیاندا جاری وا هەیە هۆیە، جاری وا هەیە لە خۆیدا مەبەستە. ئەو پێکەنینەی هۆیە، ئەوە لە کۆڕی ئەدەبیاتدا دەبێتە ژانرێکی تایبەتی. دەبێتە هۆی ڕەخنەگرتن لە هەموو دیمەنێکی ناهەموار و خوار و چەوت لە ژیاندا دەبێتە هۆیەکی تیژی گەڕان و پشکنین لە هەموو لا، لە هەموو جێیەک، لە هەموو کاتێکدا بە دوای کەموکوڕی و باری نالەباردا و لە شێوەی گاڵتەدا بەو دیمەنە پەردە لە ڕووی ئەم کەموکوڕییە لا دەدرێ.

ئەو پێکەنینەی هۆیە، لە خۆیدا هاوار و نرکەیەکی نارەزایی و پرۆتێستە بەرامبەر بە هەموو شتێک کە بەلای ئادەمیزادەوە چەوت و نارێک بێت. ئیتر ئەو شتە یا کەسێکە یا کۆڕێکە یا دەور و زەمانێکە یا ڕژێم و دەستەیەکە. زۆر جار ئەم جۆرە پێکەنینە لە دەروونێکی زامدار و پڕ ئازاراوە دێتە دەرێ و دەبێتە دەنگێکی سەرشۆڕنەکردن بۆ باری چەوتی ژیان و بانگێکی هیوا و سەرکەوتنە و شێوەیەکی گاڵتەکردن و بەسووک زانینی باری چەوتی ژیانە و هەر لەم ڕووەوەیە کە گەلێک لە مێژوونووسانی ئەدەب قسەی خۆشیان دابەش کردووە بەسەر خانەی قسەی خۆش و گاڵتەوگەپی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشدا، ئەمڕۆ لە ژیان و جیهانی گەلاندا، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپادا گاڵتەوگەپی سیاسی، لە مەیدانی ڕەخنەگرتنی سیاسی و دەربڕینی بیری خەڵکیدا جێگەی خۆی هەیە. وە لە زۆر وڵاتدا ڕابەرانی سیاسی و کاربەدەستانی گەورە خۆیان بەدوای ئەو جۆرە گاڵتەوگەپەدا دەگەڕێن کە زۆر جار دەبێتە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ڕای خەڵک بەرامبەر بەخۆیان و کرداریان.

هەروەک فۆلکلۆر تێکڕا بە سەرەتای ئەدەبی نووسراو دەزانرێ هەروەها ئەم بەشەشی سەرەتایەکە بۆ نووسینی ئەدەبی گاڵتەئامێز کە بە "سەتیر" و "یەموور" ناو دەبرێ.

ئەو پێکەنینەش کە "هۆ" نییە و مەبەسە ئەویش جێگەیەکی تایبەتی خۆی لە مەیدانی ژیان و ئەدەبدا هەیە. ئەو حیکایەتی گاڵتەوگەپەی جەوهەر و مەغزایەکی قووڵی کۆمەڵایەتیی نییە و ڕەگ و ڕیشەیەکی ئەوتۆی لە ناو ژیانی کۆمەڵدا دانەکوتاوە، ئەویش هەر دەچێتە ڕیزی ئەدەبی ئامانجدارەوە، چونکە پێکەنینێکیش کە لە خۆیدا مەبەست بێت ئەویش هەر ئامانج و مەبەسێکی لە ژیاندا هەیە و لە ئەنجامدا دەبێتەوە هۆ نەک مەبەست.

ئەدیبێکی هاوعەسر دەگێڕێتەوە کەوا سەردەمێکی ژیانی خۆی لەگەڵ دەستە ئەدیبێکدا بردەسەر و ڕۆژی چەند سەعاتێک بە قسەی ئەوتۆ و باسی واوە دەبردەسەر کە پێی پێکەنن و پێی ڕابوێرن. ئەو ئەدیبە دەڵێ: هەرچەندە ڕۆژی چەند سەعاتێک پڕ بەدڵ هێندە پێدەکەنین کە تەواو ببچڕێین، بەڵام

وامان دەزانی کە کاتی خۆمان بە پڕوپووچ و قسەی بێ مانا و بێ ئامانجەوە دەبەینە سەر و «کاتی زێڕینمان» لە دەست خۆمان دەدەین. بەڵام ئێستا کە لەوان دابڕاوم و دوورکەوتوومەوە و هەندێکیان وان لە ژێر گڵدا، ئێستا هەست دەکەم کە ئەو کاتە زێڕینەمان بەفیڕۆ نەڕۆیشتبوو. ئێستا هەست دەکەم کە پێکەنین شتێکی گرینگە لەو شتانەی کە پێویستی ئادەمیزادە و هیچ لە هەناسەدان و خواردن و خواردنەوەی جیا ناکەمەوە. ژیانی ئادەمیزاد بەبێ پێکەنین بەفیڕۆ دەڕوات و تارماییی ڕەشی و نائومێدی بەسەرخۆیدا دەدا و وات لێ دەکات کە ئاسۆی فراوانی ژیان نەبینیت.

کەواتە پێکەنینی دووەمیش ئامانجێکی بەرزی هەیە و یەکێک لە پەیامەکانی ئەدەبیات بەجێ دەهێنێ.

چیرۆکی گاڵتەوگەپ وەک بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر خزمەتی خەڵک دەکات، چونکە ژیانی پڕ لە پێکەنین وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی بەختیارە لە وتە و بەرهەمی شاعیرانی جیهاندا زۆر جار پێکەنین دەکرێ بە نیشانەی بەختیاری، ژیان پڕ لە پێکەنین دەکرێ بە ئامانجی کەسانێک کە هەوڵی شادی و بەختیارییانە.

## قارەمانی گاڵتەوگەپ

گاڵتەوگەپ هەمیشە لە شێوەی چیرۆکێکی کورتدا دادەڕێژرێ، جا ئەو چیرۆکە- یا -حیکایەتە- یا بە ناوی کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە یا چەند قارەمانێکی "ناسراو" یا "نەناسراو" هەیە. «قارەمانی گاڵتەوگەپ» باسێکی فراوانە لە باسەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر. چیرۆکی گاڵتەوگەپ، لای کورد و هەموو گەلان شەرت نییە کە "قارەمان" و "کەسانی" حیکایەتەکەی هەر ئادەمیزاد بێت، بگرە هەروەک "حیکایەت" زۆر جار لە زمان دڕندە و ماڵات و "فڕندە"وە دەگێڕرێتەوە، هەروەها لە حیکایەتی گاڵتەوگەپیشدا هەمیشە دڕندە و باڵندە دەبێتە "نیشانە" بۆ شتێک لە ژیانی ئادەمیزادا.

بەکارهێنانی نیشانە یا -رەمز- لەگەڵ ئەدەبی "سیمڤالیزم – ڕەمزی"دا

جیاوازە. چونکە بەکارهێنانی نیشانە، مەبەسی ئەدەبەکەی ڕۆشن و دیارە و باس لە شتێکی ئەم ژیانە دەکات. بەڵام ئەدەبی "ڕەمزی" شتێکی دوورە لە ژیانەوە و جۆرە ڕاکردنێکە لە ژیان و تەمومژ و ناڕۆشنی دانێکە بە ئەدەب.

چیرۆکی گاڵتەوگەپی کوردی کە "نیشانە"ی تێدا بەکار هێنراوە. ئەم جۆرە چیرۆکە تەنیا قاڵبی "پێکەنینە" کە لە حیکایەتی تری جیا دەکاتەوە و دەیخاتە ڕیزی گاڵتەوگەپەوە.

بۆ نموونە ئەم حیکایەتە دەخەینە بەرچاو کە لە ڕیزی ئەو حیکایەتانەدایە کە پێکەنینی کردووە بە "هۆ" بۆ مەبەستێک:

- دەڵێ کابرایەک گیسکێک و مەیموونێکی هەبوو لەگەڵیان ڕای دەبوارد. ڕۆژێک کابرا چووە دەرەوە جامە ماستێک لە ماڵا دانرابوو، مەیموونەکە چوو ماستەکەی هێنا هەمووی خوارد و دەم و لێوی خۆی پاک کردەوە و چوو گیسکەکەی هێنا تۆزێ ماستی لە دەم و لووتی ئەو هەڵسوو جامەکەشی بەخاڵیتی لەو ناوەدا فڕێ دا و خۆیشی چوو لەولاوە قیت و قنج لێی دانیشت. لای نیوەڕۆ کە کابرا هاتەوە سەیری کرد جامە ماست هیچی نەماوە، سەیرێکی مەیموون و گیسکەکەی کرد، تەماشای کرد مەیموون لە گۆشەیەکەوە بۆ خۆی کزۆڵەی کردووە و دانیشتووە، گیسکەکەش لەولاوە بە دەم و لووتی ماستاوییەوە هەڵقوون هەڵقوونیەتی. دارێکی هەڵگرت و چووە وێزەی گیسکی بەسەزمان، مەیموونەکەش لە ترسی ئەوە کە نەوەک کابرا دوا جار بایداتەوە سەر ئەو، هەموو جار دەستێکی بۆ دەم و لووتی گیسکەکە درێژ دەکرد و کابرای تێ دەگەیان کە ماستەکە گیسکەکە خواردوویەتی، ئەوەتە هەموو بە دەم و لووتیەوەیەتی، بۆ خۆی خۆیشی وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو(١).

ئەم حیکایەتە لە پاڵ ئەوەدا "بیر"ێک و «مەغزا و مانا»یەکی قووڵ و مەبەسێکی تێدا هەیە، بناغەکەی هەر لەسەر ڕەگی قسەی خۆش و پێکەنین

(١) عەلائەدین سەجادی. ڕشتەی مرواری بەغدا، ١٩٥٨ ب٣، ل١٨٥.

دانراوه "ڕایەڵ"ی چنین و داڕشتنەکەی بەکارهێنانی "نیشانە"یە لە ئەدەبدا. "نیشانە"کەش لێرەدا "گیسک" و "مەیموون"ەکە هەر یەکە بریتین لە نیشانەی تیپ- یا جۆرە- کەسێک لە کۆمەڵدا، کەسێکی خام و بەخۆ نەزان و کەسێکی زۆرزان و تاواندار کە دەستی چەوری خۆی بە سەری خەڵکی تردا ئەسوێ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم چیرۆکە هەر لە ڕیزی گاڵتەوگەپدایە. چیرۆکی «گاڵتەوگەپ» زۆر جار- وەک حیکایەتی تر- دەبێتە هۆی داچەسپاندنی پەندێک لە پەندەکانی پێشینان، واتە حیکایەتەکە لە ڕیزی چیرۆک و "گاڵتەوگەپ"دا دەمێنێتەوە و پەندەکە دەچێتە ڕیزی پەندەوە.

بۆ نموونە ئەم پەندانە لە "گاڵتەوگەپ" و "قسەی خۆش"ەوە هەڵقوڵاون ئەم قسەیە دەگێڕینەوە.

دەڵێن جارێک دراوسێیەکی- مەلا مەزبوورە- چوو بۆ لای مەلا تا کەرەکەی بداتێ باراشی پێ بباتە ئاش. مەلا وتی: باوەڕ بکە لە دوێنێوە کەرەکەم ناردووە بۆ شار. کابرا خەریک بوو بە نائومێدی بگەڕێتەوە دواوە کەچی کەرەکە لە "تەویلە"دا زەڕاندی. کابرا بە مەلای وت: ئەی ئەوە نییە کەرەکەت لە تەویلەدایە؟

مەلاش وتی: بەخوا زۆر سەیری بەزەڕەی کەر باوەڕ دەکەی بە ڕیشی سپیی من باوەڕ ناکەیت(٢).

جا ئێستا لە ناو کورداندا پەندێک باوە کە دەڵێ: بە زەڕەی کەرەکەی باوەڕە بەڕیشی سپی مەلای باوەڕ نییە. ئەم پەندە خۆی و حیکایەتەکەی لە ناو کورددا ماون، بەڵام لە ڕیزی پەندی پێشینانماندا چەند پەندمان هەیە کە لە شێوەی "گاڵتە پێکردن" و ڕەخنەی بە پێکەنینەوە داڕێژراون، بەڵام ئێستا ئێمە حیکایەتەکانیان نازانین. ئەگەر لەگەڵ پەندەکاندا حیکایەتەکانیشیان بمانایە، ئێستا ئەوانیش دەچوونە سەر سامانی بە نرخی گاڵتەوگەپ "قسەی

---

(٢) مەلای بەناوبانگ "مەلای مەشهوور". بۆ پێکەنین. ب٢ چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٧، ل ٩٢.

خۆشـمـان"، زۆرتـری قسـەی خـۆش بەدەم یەکـێکەوە دەگـێـڕدرێتـەوە، جـا یا حـیکایەتەکـە دەربارەی تاقـە کەسـێک یا چـەند کەسـێکە، ئەو کـەسـە، یا ئەو کـەسـانە زۆر جـار هـەیە ناسـراون لە ژیانی ئەمـڕۆ یا دوێنێی خـەڵکدا، یا لە مـێـژووی گـەلێکدا یا کـەسـێـدان کـە ناو و شـوێنەواریان نـەمـاوە، یا کـەسی خەیاڵین. ئەو حیکایەتەش لە دەمـەوە دەگێـڕێتەوە یا کەسێکی ڕاسـتەقینەیە یا کەسێکی خەیاڵییە کە لە ئەدەبناسـیدا پێی دەوترێ "قـارەمـانی گاڵتـەوگـەپ". قارەمانی گـاڵتەوگەپ لای هـەموو گەلان کـەسێکی ڕاستەقینـەیە خۆی لە خۆیدا قسەخۆش و نوکتەبێژ و قۆشمەیە قسە دەکات و دەکەوێتە ناو خەڵکەوە و بڵاو دەبێتـەوە. جـا ئیـتر ئەو خـەڵکەش شـتێکی دەخـەنە سـەر و لێی زیاد دەکـەن و قسـەی تر بەدەم ئەو کەسـە "ڕاسـتـەقینە"یەوە هـەڵدەبـەسـتن و هـەر کـەسـێکیش قسـەیەکی خۆشی بۆ هات بـۆ "برەو" یا بۆ زۆرتر خـۆشکردنی قسـەکە دەیداتە پاڵ ئەو کـەسـە ڕاسـتـەقـینە قـسـەخـۆشـە، یا جـاری وا هـەیە ئەگـەر قـسـە خـۆشـەکـە- سـروشـتـێکی سـیـاسـیی هـەبوو، ئەوا دەدرێتـە پاڵ کـەسـێکی قسەخۆش کە قسەی لێ ناگیرێ. زۆر جاریش "قارەمانی گاڵتەوگەپ" کەسێکی خـەیاڵییـە، خـەڵک دروسـتی دەکـەن، تا قـسـەی بدەنـە پـاڵ و بەناوی ئەوەوە قسـە بگێڕنەوە و ڕەخنە لە باری ناهەموار و نارێکی ژیان بگرن. زۆر جار قارەمانی "گـاڵتـەوگەپ" تـەنیا هـی نـاوچەیەکە، واتە لە ناوچەیەکدا ناسـراو و بەناوبانگە، زۆر جار لە ناو نەتەوەیەکدا بەناوبانگە، زۆر جاریش قارەمانێکی "گـاڵتەوگەپ" هێندە ناوبانگ پەیدا دەکات کە قسەی لە ناو چەند نەتەوەیەکدا بڵاوببێتەوە، یا چەند نەتەوەیەک "قارمانێکی گاڵتەوگەپ"یان بەو ناوەوە هەبێ، یا بەشداربن لە قسـە و گاڵتەوگەپی تاقـە قارەمـانێکدا، ئیـتر ئەو قارەمـانە ڕاسـتەقینە بێت یا خەیاڵی.

دەبێ ئـەوەشـمـان لە بیـر نـەچێت کـە قـسـەی خـۆشی ئـەم قـارەمـانی گـاڵتـەوگـەپانـە و تەنیـا لە چـەند سـاڵ و دەورێکدا ناگـێـڕدرێتـەوە، بگرە پشـتـاوپشـت، چـەند سـەدەیەک ئـەم قسـانە هـەر باو دەبن، لە ناو نـەتەوەیەک یا چەند نەتەوەیەکدا لەبەر تیشکی ئەم فـاکتانـەدا دەتوانین بڕوانینە ئەو گۆڕینەی

بەسەر ئەم قسە خۆشانەدا دێن و بڕوانینە دارشتنیان لە ڕووی "زمان"ەوە و بڕوانینە مەسەلەی قارەمانی هاوبەشی لە نێوان چەند نەتەوەیەکدا، لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلاندا.

بۆ نموونە- لە ناو گەلێک نەتەوەی ڕۆژهەڵاتدا ڕیزە قسەیەکی خۆش دەدرێتە پاڵ تاقە یەک "قارەمان"، قسەکان هەریەکن، وەرگێڕانی پڕ بە پڕی حیکایەتەکانن لە زمانی یەکێک لەو نەتەوانەوە بۆ زمانی ئەوی تر. ئەم حیکایەتانە بەو ناوەوە گاڵتەوگەپی قارەمانێکی "قۆشمە"ی ڕۆژهەڵاتە خراوەتە سەر زۆر زمانی ئەوروپا.

جا ئەو قارەمانی "گاڵتە و گەپ"ە، لای کورد بە "مەلای مەشهوور- یا بە- مەلای مەزبوورە" ناو دەبرێ، لای عەرەب دەبێتە "جحا" یاخۆ "جحای رۆمی" لە لای تورک و ئازربایجان و ئەو نەتەوانەی زمانەکەیان لە کۆمەڵە زمانە تورکییەکاندایە بە "خواجە نەسرەدین" و "مەلا نەسرەدین" و "نەسرەدین ئەفەندی" ناو دەبرێ، وە لە لای گەلی "وێگوور" کە لە چین دەژین دەبێتە نەسرەدین "ئەفانتی" واتە "ئەفەندی".

لە سەرەتای کتێبی "لەتیفەهای تاجیکی"دا کە کۆکردنەوەی قسەی خۆشی تاجیکییە و لە ساڵی ١٩٥٨دا لە تاجیکستان چاپ کراوە ئەو «گاڵتەوگەپ"انە دەکرێ بە تاجیکی، بەڵام دەربارەی قارەمانەکەی دەڵێ:

«بەشی زۆری گەلانی ڕۆژهەڵات دەدەنە پاڵ خۆیان و قسەی جیاجیا دەربارەی ڕەگەز و بنچینە و جێگەی هاتنە دنیاوەی هەیە.

دەربارەی مەلای مەزبوورە و "شەخسیەتی" گەلێک "ڕا" و لێکۆڵینەوەی عیلمی هەیە، وە لە جیهانی فۆلکلۆرناسیی ئەمڕۆدا گەلێک بەرپەرچدانەوە لەم بارەیەوە هەیە(٣).

"گەردلێڤسکی" کە فۆلکلۆرناسێکی گەورەیە مەلا هەر بەو «خواجە نەسرەدینی تووسییە دەزانێ کە لە سەدەی سیانزەیەمدا ژیاوە و زانایەکی

(٣) لەتیفەهای تاجیکی، ستالین ئاباد، ١٩٥٨، ل٣.

گەورەی ریازیاتیش بووە»[٤].

بەڵام دەستەیەک لە زاناکانی ئەکادیمیای زانستی ئازربایجان، پاش ئەوەی لە ناو "ئازەری"یەکاندا قسە خۆشەکانی "مەلا"یان کۆکردووەتەوە و لە شەخسیەتی "مەلا" کۆڵیونەتەوە، بەرپەرچی قسەکەی گەردلێڤسکی دەدەنەوە و بە هەڵەی دەزانن و "مەلا" بە شەخسێکی خەیاڵی دادەنێن[٥].

کامیل گەیلانی لە کۆوارێکی عەرەبیدا، ئەم قارەمانی گاڵتەوگەپە بە "دوجەین کوڕی سابیت"ی عەرەبی دادەنێ کەوا بە "جحا" ناوی دەرکردووە و دەڵێ «قسە خۆشەکانی ئەم تێکەڵ بە قسەی خۆشی "ناسردین"ی تورک» کراوە[٦].

جا ئەم قسانە هەرچۆنێک بن، ئێمە "مەلا" بە قارەمانێکی گاڵتەوگەپ و قسەی خۆشی کوردی دادەنێین. هەرچەندە هەندێ لە زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە "مەلا" کەسێکی خەیاڵییە و قسە خۆشەکانی بەرهەمی چەند سەدەیەکن، بەڵگەی ئەم قسەیەش جۆر و بردنەوە سەرچاوەی مێژوویی قسە خۆشەکانییەتی. واتە لەو چەند سەدەیەدا، لە ناو ئەو چەند نەتەوەیەی ڕۆژهەڵاتدا چ قسەیەکی خۆش کراوە دراوەتە پاڵ «جحا- یا- مەلا نەسرەدین- یا -مەلای مەزبوورە» بەم جۆرە لەلای گەلانی ڕۆژهەڵات سامانێکی گەورەی گاڵتەوگەپ کۆبووەتەوە و دراوەتە پاڵ ئەو "قارەمانە" قۆشمەیە، هەرچەندە قسەکانی هەر یەکە شەقڵی مێژوویی کۆمەڵایەتی و کەرەسە و بابەتی دەور و زەمان و شوێنێکی جیاوازی پێوەیە. هەر لەبەرئەمە نەتەوەی کوردیش دەتوانێ شەخسیەتی "مەلای مەزبوورە" بە قارەمانێکی قسەخۆش و فۆلکلۆری خۆی بزانێ. تا ئێستا سێ جار بە کوردی کۆمەڵە

(٤) گەردلێڤسکی. قسەی خۆشی خواجە نەسرەدین. مۆسکۆ ١٩٥٧. ل ٢٤٧.

(٥) قسەی خۆشی مەلا نەسرەدین. بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای زانستی ئازربایجان. باکۆ، ١٩٥٩، ل ١٥.

(٦) کۆواری "الجدید" حێفا، ١٩٥٤. کۆواری "الفنون الشعبیة" القاهرة. یولیو ١٩٦٧.

قسەی خۆشی "مەلا" بڵاو کراوەتەوە. یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٩دا لە لایەن محەمەد مستەفا کوردییەوە چاپ کراوە و پێشەکیی بۆ نووسراوە[٧]، دووەم جار خاوەنی چاپخانەی "تەرەقی" لە کەرکووک چاپی کردووە و ئەم پێشەکییەی پێشووی لە چاپ داوەتەوە[٨].

سێیەم جار ساڵی ١٩٦٧ لە چاپخانەی هەولێر گیوی موکریانی کۆمەڵێک قسەی خۆشی مەلای بە ناوی "مەلای بەناوبانگ، مەلای مەشهوور، بۆ پێکەنین"ەوە لە چاپ داوە و پێشەکییەکی بۆ نووسیوە[٩].

محەمەد مستەفا کوردی "مەلا" بە کورد دەزانێ، واتە لە ڕەگەزدا بە کوردی دەزانێ بۆیە لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: «مەلای بەناوبانگ ناوی نەسرەدین و لە کوردەکانی مازندەرانی بووە، بەڵان ورشە و گێچەڵی ڕۆژگاری چەپگەڕ "چەپاڵە"ی داوە، تا گەیاندوویەتییە شاری "ئاق شەهر" و هاوچاخی "سوڵتان ئۆرخان" بووە و تا سەردەمی سوڵتان "یلدرم بایەزید" ژیاوە. هەتاوەکو سەرەتای سەدەی حەوتەمینی کۆچی مابوو، گۆیا پیاوێکی زیرەک و زانا و خۆش وەڵام بووە لەگەڵ زانایاندا بەزانایی وە لەگەڵ نەزاندا بەپێی سەلیقە و هۆشی ئەوان دواوە، لە تەمەنی ٦٠ ساڵی لە ٦٧٣ی کۆچی لە "ئاق شەهر"دا کۆچی دوایی کردووە و گۆڕەکەی لەوێدا زیارەتگایەکی گەورەیە"[١٠].

گیوی موکریانی ئەم پێشەکییەی جارێکی تر نووسیوەتەوە و لێی زیاد کردووە و ڕای خۆی دەربڕیوە و وتوویەتی:

«بەڵام لە چاپەکانی تری کوردی و بەتایبەتی هی بێگانەکاندا گەلێک بیروڕای لێک جیاواز لەم بارەیەوە دەربڕاوە، هی وا هەیە لای وایە مەلا فارس بووە و گەلێکیشیان لەسەر ئەوەن کە مەلا نەسرەدین لە ڕەچەڵەکدا تورک و لە دێی

---

(٧) حیکایەتی مەلای مەزبوورە. کۆکردنەوەی محەمەد مستەفا کوردی، بەغدا ١٩٣٩.

(٨) حیکایەتی مەلای مەشهوور. کەرکووک ١٩٥٣.

(٩) بڕوانە (٢).

(١٠) ئەو سەرچاوەیە. ل٢.

"سێـوری حـەسـار" لە دایک بووە و لـە سـاڵی ٦٨٣ی کـۆچی لە شـاری "ئاق شـەهر"دا کـۆچـی دوایی کـردووە و لە ناو بنـەچەی خـۆیدا بە هـونەروەر و زانا ناوبانگی دەرخستووە و لە چاپەکانی میسریشدا بە عـەرەبی دەزانن». پاشان مـوکـریانی لە زمـان خـوا لێخـۆشـبووان ئەمین فـەیزی بەگ و حـاجی مسـەفا پاشای نەمرود و مەولانا زادە رەفعەت و ئەدهەم بەگی چەرکەسەوە چیرۆکێکی سەیر دەربارەی پەیدابوونی قسەکانی مەلا دەگێڕێتەوە(١١).

بەداخـەوە ئەوانەی بـە کـوردی قسـەی مـەلایان چـاپ کـردووە بـە تەواوی بۆ ئەوە نەچوون کە چۆن بیسەلمێنن کە "مـەلا" کورد یا "قـارەمـانی" گـاڵتـەوگـەپی کوردە.

خـاوەنی ڕشـتـەی مـرواری لە بـەرگی یەکـەمـدا لە سـەرەتـاکـەدا لەم بارەوە نووسیویەیە: «دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە لە ناو کورددا مەلا دەستەیەکی دیاری و ئاشکرا بوون بەوەی خـوێندەوار و زانیـار هـەر ئەوان بوون. لە هـەمـوو وەخـتـێکدا و لە هـەمـوو شـوێنێکدا بە پـەنجـە پەنجـەیان بۆ ڕاکـێشـاون. ئەم دەستەیە لە ناو مـەردومدا تا ئەوپەڕی بەچاوی گەورەیی و ڕێز لێ گیراوییەوە تەماشـا کرابـوون. لە ئیشی بچووک و زلدا پرس بەوان کـراوە. تەنانەت ناوی هیچ کۆمـەڵێکی تر نەبووە بەرامـبـەری لەگەڵ ناوی ئەوان بکا. لەبەرئەوە ناوی ئەمـان لەسـەر زمـانی گـەورە و بچووک بووە. فـەرمـانێ کە ئـەمـان دابێـتیـان گێڕانەوەی نەبووە، جا بەم بۆنەیەوە هـەر کـار و فـەرمـانێک بووبێ دراوەتە پاڵ ئەوان و وتوویانە "مـەلا وای وتووە" یا "مەلا وتـی" وتنی ئەم ناوە لەسـەر زمـانی خەڵک هەمووی نیشانەی خۆشەویستی و گەورەیی ئەوان بووە. وەکو چۆن لە ماڵێکدا خێزان و ماڵ و منـاڵی ئەو مـاڵە هـەر کـامـێکیان هەستن و قسـەیەک بکەن بۆ ئەوە کە ئیتر ئەو ئیشە کێشەی تێدا نەبێ هـەر دەڵێن "باوکم وای وت" یا "باوکم وتی". دیارە ئەم ڕستـە نیشانە و بـەڵگەیە بۆ گەورەیی باوکەکە کە لە بەرچاوی تێکڕای مـەردمـەکـەوە. ئەم سـەمـەرەیە بـووە بۆیە لـە زۆر شـوێنی سەرگوزەشت و قسەی کوردیدا وشەی "مـەلا" پاڵەوانی سەرگوزەشتەکەیە. ئەم

(١١) ئەو سەرچاوەیە، ل ٣.

ڕایە ئەگەر بەنیسبەت هەموو ئەو قسانەشەوە نەیەتە دی کە دەدرێتە پاڵ "مەلا" خۆ بۆ زۆر لەو قسانە ڕاستە، بێگومان زۆر جار بووە هەر "مەلا"یەکی تر یا کەسێکی تر قسەیەکی خۆشی کردبێ هەر دراوەتە پاڵ "مەلای مەزبوورە"(١٢).

گاڵتەوگەپ، وەک هەموو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر و وەک بەشێکی ئەدەب بەتێکڕایی جۆرە "هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتییە" کە لە شێوەیەکی تایبەتیی هونەردا دادەڕێژرێ و "زمان" و "وشە" دەبێتە کەرەسەی ئەو داڕشتنە. جا سەرچاوەی ئەو "کەرەسە"یە واتە زمان و وشەکان چی بن و موڵکی کام نەتەوە بن ئەوە دەبێتە "هۆ"یەک کە ئەو بەرهەمە بدرێتە پاڵ ئەو نەتەوەیە. لەبەرئەوەی قسەکانی "مەلا" بە کوردی دەگێڕێتەوە و لە ناو کورددا باون، ئەوا ئەو قسانەی موڵکی نەتەوەی کوردن و خاوەن و قارەمانەکەشی قارەمانی گاڵتەوگەپی کوردە.

ڕەنگە بوترێ کەوا ئەو قارەمانە- واتە- مەلای مەشهوور و قسەکانی تەنیا لای کورد نین، لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین، گاڵتەوگەپیش وەک بەشەکانی تری فۆلکلۆر، وەک زۆر داستانی دڵداری و مێژوویی، وەک پەندی پێشینان، زۆری بە چەند زمانێک هەن و باون و زۆر جاریش هەریەک پەند کتومت وەرگێڕانی پەندی نەتەوەیەکی ترە.

لە کاتی خۆیدا وتمان- کات و شوێن- واتە، زروفی- لەیەکچوو، پەند و بەرهەمی فۆلکلۆریی لەیەکچوو لای گەلێک نەتەوە دەهێنێتەوە کایەوە ئێستاش دەڵێین کات و شوێنی لەیەکچوو، ڕووخساری لەیەکچووی بەرەو پێشچوونی مێژوویی، قسەی خۆش و گاڵتەوگەپی لەیەکچوو دەهێنێتەوە کایەوە. وەک بە پەندەکانمان وت- پەندی- هاوبەشی چەند نەتەوەیەک هەروەها بەم قسە خۆشانەش دەڵێین موڵکی هاوبەشی فۆلکلۆری چەند نەتەوەیەک.

کەواتە شەخسیەتی "مەلای مەشهوور" ڕاستەقینە بێت یا خەیاڵی لە

---

(١٢) ڕشتەی مرواری، ب ١. ل٨.

ڕەچەڵەکدا لە هەر نەتەوەیەک بوو‌بێت، بەلای ئێمەوە هەر کوردە و قارەمانی گاڵتەوگەپی کوردییە. یا ئەوپەڕەکەی دەتوانین- بڵێین بەشی کوردیشی پێوەیە، وە یا ئەو قسانەی کە لە ناو کورددا باون، با هەندێکیان بەزمانی تریش هەبن.. ئەوانە موڵکی سامانی نەتەوایەتی کوردن. لەسەر ئەم بناغەیە لە قووڵی و فەلسەفەی ئەو قسانە دەکۆڵینەوە کە دەدرێتە پاڵ "مەلا" بە ناوی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەو قسە خۆشانە، لەلایەکەوە پێکەنینیان کردووە بە مەبەست و لە ڕێگەی پێکەنینەوە ئاسوودەیی و خۆشی دەخەنە ژیانەوە لەلایەکی ترەوە، پێکەنینیان کردووە بە "هۆ" بۆ گاڵتە پێکردن و پێکەنین. بە هەموو ڕووخسارێکی ناشیرین و ناڕەوا و چەوتی ژیان. ئەو قسە خۆشانەی لە زمان "مەلا"وە دەگێڕدرێتەوە، ڕەخنەگرتنێکی بەتەوسە لە ڕژێمی کۆمەڵایەتی لە کەموکووڕیی ئەو ڕژێمە و ژیانی کۆمەڵایەتی بەتێکڕایی. بەڵام قسەکانی مەلا لەو ڕژێمە کۆمەڵایەتییە ناچێتە دەرەوە کە مەلا و قسەکانی تێدایە، یا بڵێین ڕەخنەیەکی نەرمی بە تەوسەوەیە و هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی دەردی کۆمەڵایەتی و کەموڕی ژیان لە چوارچێوەی ئەو ڕژێمە خۆیدا چارەسەر بکرێ، ڕەخنەیە لە تەلار و بینای کۆمەڵایەتی و ناگاتە سەر ڕەگ و بناغە. جاروبار ڕەخنەکانی مەلا ڕێک و ڕەوان ڕێژەی کۆمەڵایەتی و لووتکەی ڕژێمەکە دەگرێتەوە، جاروبار ناچارە شێوەی نیشانە، یا ڕەمز بگرێتەبەر.

پەندێکی کۆنی کوردی هەیە دەڵێ: خوا کێو نەبینێت بەفری تێ ناکات[١٣].

جا ئەم پەندە بکە بە حیکایەتێکی کاریکاتۆر و تابلۆیەکی بۆ بکە و سەرەو خواری بکەرەوە، ئەم حیکایەتەی مەلا دەگرێتەوە کە هیوایەکی زۆر و ئاوات و داخوازی ئەوەی تێدایە کە زۆردار هیچ کات دەسەڵاتی نەبێت، بەڵام دەبینین خاوەن قسەی خۆش ڕێگەی نیشانە دەگرێتە بەر و زۆردار کە بەلای خەڵکەوە دەبێ لەشێکی زەبەللاحی هەبێ لە وێنەی زلترین حەیواندا کە لە بەرچاویا نەخشە دەکێشرێ و دەگێڕنەوە دەڵێن: دەستە مرۆڤێک لەبەر مەلا دەپاڕێنەوە

(١٣) دەستنووس.

که لەسەر مینبەری مزگەوتی ئامۆژگارییەکیان بکات. ئەویش چووە سەرێ و ڕووی تێ کردن وتی: خەڵکینە سوپاس و ستایشی خوا بکەن، وتیان بۆچی؟ وتی: چونکە باڵی نەداوە بە حـــوشـــتـــر، ئەگـــەر باڵی بووبووایە بەسەربانەکانتانەوە دەنیشتەوە و هەمووی بەسەرتاندا دەڕووخان و ماڵوێرانی دەکردن(١٤).

ئەم هیوایەی مەلا کە ئاواتی ئەو خەڵکەیە کەوا قسەکەیان دروست کردووە یا دەیگێڕنەوە یا دەیبیستن، ئەم هیوایەی کە زۆردار دەستی نەبێت و باڵی نەبێت، تا خەڵکی ماڵوێران نەبن، ئەم هیوایە دەبێتە باوەڕێکی ئەوتۆ کە زۆردار کاتێک دێتەوە ڕیزی خەڵکی و دەچێتەوە دۆخی جاران کە بە تەواوی سەر و گوێ بکرێ، لێرەشدا لە تابلۆیەکی کاریکاتۆریدا ڕێگەی نیشانە دەگرێتەوە بەر.

لێرەدا زۆردار دەخرێتە شێوەی مەلێکی گەورەوە، بەڵام باڵندەیەکی ناشیرین و ئێسک قورس، کە وەختێک لە شت دەچێت کە سەر و گوێ بکرێ و بە تەواوی ڕووخساری ناشیرین بێ دەگێڕنەوە دەڵێن «ڕۆژێک مەلا حاجی لەقلەقێک دەگرێ و دەیهێنێتەوە ماڵێ و تەماشای سەر و سەکوتی دەکا و ناشیرینی دێتە بەرچاو دەڵێ لە "مەل" ناچێ، دوای کەمێ بیرکردنەوە ڕادەپەڕێ، چەقۆیەکی زۆر تیژ دێنێ، دەنووک و کلکی لە بندا و هەردوو لاقی لە ئەژنۆدا دەبڕێتەوە لەسەر کورسییەک دای دەنێ و لە بەردەمیدا ڕادەوەستێ سەرنجی دەداتێ و دەڵێ:

ها ئێستا لە "مەل" دەچێت(١٥).

چیرۆکەکانی مەلا لە ڕێگەی "نیشاوە" ڕەخنە لە ناقۆڵایی کۆمەڵ ناگرن. بگرە زۆر جار ڕێک و ڕەوان ڕەخنە دەردەبڕن. یا شێوەی چەند کەسێکی کۆنی مێژوو دەکەن بە نموونە، بۆ ئەوەی لەو شێوەیەدا ڕەخنە لە ئەمڕۆ و ناقۆڵایی

---

(١٤) بڕوانە سەرچاوەی ٢، ل٨.

(١٥) ئەو سەرچاوەیە، ل ٢١-٢٢.

بار و کەسانی ژیانی ئەمڕۆ بگرن.

بۆ ئەم مەبەستەش لە حیکایەتەکانی مەلادا شەخسیەتی تایبەتیی خۆی دروست کراوە.

هەندێک لەو ڕەخنانە گشتین و باسی کەسێک یا بەدخواهێکە کە مەلا پڕ بەدڵ گاڵتەی خۆی پێ دەکات و لە ڕێگەی ئەو گاڵتە پێکردنەوە داخی دڵی خۆی پێ دەڕێژێ و ڕەخنە لە خۆی و کرداری دەگرێ، زۆر جار ئەو "بەدخواهی" و بەدخواهانە تاوانبار دێنە بەردەمی "مەلا" و حیکایەتیش "مەلا"ی کردووە بە "قازی"یەک کە بڕیاری پڕدادی خۆییان بەسەردا دەدات.

ئەم حیکایەتانەی قازییەتیی مەلای مەزبوورە لە زۆر سیما و ڕووخساریدا لەو حیکایەتانە دەچێت کە دەدرێنە پاڵ "قەرەقۆش" ئەمیش هەرچەندە لە ئەنجامدا بوو بە پیاوێکی خەیاڵی، بەڵام لە ڕەگەزدا کەسێکی ڕاستەقینە بووە. ئەو بەهائەدین قەرەقۆشە بووە کە زۆر لە جێگەی خۆیدا بڕیاری سەیری بەسەر پیاوخراپاندا داوە و جەریمەی کردوون و پڕ بە پێستی خۆیان سزای داون. بەڵام چونکە سزادانەکەی شێوەیەکی سەیر و عەنتیکەی تێدا بووە، بۆیە زۆرداران و پیاوخراپان سوودیان لەو "ڕەگەز"ی سەیرییە دیوە تا خاوەنەکەی بەدناو کەن. هەروەها ئەو حیکایەتانەش کە دەدرێنە پاڵ "قازی" و فەرمانڕەوایەتی مەلا، هەر لەو بابەتەن. لە حیکایەتی "مەلا"دا شەخسیەتی ڕاستەقینەی مێژووش بەکار دەهێنرێ و دەکرێ بە نیشانە و ڕەمزی زۆرداری و خەڵک چەوساندنەوە. ئەوەش شەخسیەتی "تەیمووری لەنگ"ە. وەک دەزانین تەیمووری لەنگ لە نێوان ساڵانی ١٣٣٦ و ١٤٠٥ ی میلادیا ژیاوە[١٦].

جا ئەو گاڵتەوگەپەی لە زمان مەلاوە دەگێڕێتەوە و باسی تەیمووری لەنگ دەکات، یا دەبێ بەرهەمی سەدەی چواردەیەم یا پاش ئەوە بێت، یا تەنانەت زۆر جار ناوی تەیمووری لەنگ هەر نیشانەیە و سوود لە بوونی مێژوویی ئەو بۆ ئەوە بینراوە، کە بکرێتە دیمەن و پەردە بۆ هەموو پیاوێکی زۆردار.

---

(١٦) المنجد في اللغة والادب والعلوم. بيروت، ١٩٦٠، ص ١١٨.

هەروەکو میللەت کە داهێنەری ئەو قسانەیە لەودیو پەردەی باسی تەیمووری لەنگەوە بڵێت: زۆرداری و خراپە لە هەموو شوێن و کات و سەدە و سەردەمێکدا هەر یەکە و یەک ڕووخسار و مانا و جەوهەری هەیە و ئەنجامیش هەریەکە. بۆیە قسەیەکیش کە ئەمڕۆ دروست بکرێت هەر دەتوانرێ بدرێتە پاڵ تەیمووری لەنگ و بە زمان مەلاوە بگێڕدرێتەوە.

بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ئەمە یە کە ئەو قسانەی باسی تەیمووری لەنگە و لە زمان مەلاوە دەگێڕدرێتەوە شێوە و ڕووخسارێکی گشتییان هەیە و دەربارەی هەموو کەسێکی لە وێنەی تەیموور دەوترێ. ئەم قسانە هیچ شکڵێکی مێژوویی شەخسی تەیمووری لەنگ خۆی و مێژووی سەردەمی ئەویان پێوە نییە، لەگەڵ ئەمانەشدا شەخسیەتی تەیمووری لەنگ لەم چیرۆکانەدا بە شێوەیەکی گاڵتە و تەوس و کاریکاتۆری پێشان دەدرێت. مەلاش لە کانی دڵەوە گاڵتە بەو شەخسیەتە دەکات. دەگێڕنەوە دەڵێن:

جارێک مەلای مەزبووره و تەیمووری لەنگ لە حەمامدا یەکتر دەبینن. پەشتەماڵەکەی تەیمووری لەنگ چەند ڕیز زێڕی لێ دراوە، تەیموور لە مەلا دەپرسێ: مەلا من پیاوێکی چۆنم.

مەلا دەڵێ: پادشام تۆ پیاوێکی زۆر باشی پێنج سەد لیرەی زێڕ دەهێنیت. تەیموور دەڵێ: تەنیا پەشتەماڵەکەم بایی پێنج سەد لیرەیە. مەلا دەڵێ: قوربان ئەوەشم حساب کردووە(١٧).

ئەگەر ئەم قسە خۆشە وا دەرخات کە بەلای گەلەوە پیاوی زۆردار و خوێنڕێژ هیچ ناهێنێت و بە تەواوی دواپردی لە نێوان خەڵک و زۆرداریدا نەهێشتبێت، ئەوا قسەکانی تری مەلا دەربارەی تەیموور لەنگ، هەر لە چوارچێوەی حوکمداری تەیمووردا ڕەخنە لە کردار و ڕژێمی دەگرێ وە نارەزایی خەڵکی بەرامبەر بەوانە دەردەبڕی و قسە و ڕەخنەی دەخاتە شێوەی گاڵتەکردنەوە. دەگێڕنەوە دەڵێن:

---

(١٧) دەستنووس.

ڕۆژێک تەیموور لە مەلا نەسرەدین دەپرسێ و دەڵێ:

خەلیفەکانی عەباسی هەریەکەیان لەقەبێکیان بووە وەکو "موفق باللّە و متوکل علی اللّە و معتصم باللّە» وە ئیتر ئەگەر من یەکێک بوومایە لەوان، لەوانە کامەیانم هەڵبژاردایە؟ مەلا خێرا دەڵێ- خاوەن شکۆ بێگومان ناو دەنرای "نعوذ باللّە"(١٨).

هەر لەسەر ئەم پەیڕەوی ڕەخنەگرتنی هێواشە لە تەیمووری لەنگ و ڕژێمی دەگێڕنەوە دەڵێن: ڕۆژێک مەلا قازێک لە ناو ڕۆنا سوور دەکاتەوە، دەیەوێ بەدیاری بۆ تەیمووری لەنگی بەرێ، لە ڕێدا زۆر برسی دەبێ لاقێکی قازەکە دەخوا. کە دەگاتە خزمەت شا و دیارییەکەی پێشکێش دەکا، تەماشا دەکا قازەکە لاقێکی نەماوە. دەپرسێ ئەم قازە لاقێکی نییە؟ مەلاش دەڵێ شاهم خەڵکی ولاتی ئێمە گشتی یەک لاقن. لە پاش چەند ڕۆژێک مەلا لەگەڵ شادا بۆ گەڕان بە قەراخ جۆگەلەیەکدا دەڕۆن دەبینێ چەند قازێک لەبەر خۆر لەسەر یەک قاچ ڕاوەستاون. مەلاش دەڵێ:

شاهم تەماشا بفەرموون ئەم قازانەش گشتیان یەک لاقن. پاشا فەرمان دەدا بەجارێک کشەیان لێ بکەن. قازەکان لە تاوا بەدوو لاق باڵیان فش کرد و هەلاتن. پادشا وتی: مەلا ئەوە نییە دوو لاقیان هەیە؟ مەلاش گوتی ئەگەر بەدار کشە لە تۆش بکەن بەچوار پێ دەفڕی(١٩).

لە مەولا و تەیمووری لەنگ گەلێک حیکایەت دەگێڕنەوە و دەتوانین لەسەر بناغەی ئەوانە گەلێک لێکۆڵینەوە بخەینە بەرچاو.

ئەگەر شەخسیەتی تەیمووری لەنگ لە هەندێ حیکایەتدا دیمەنی پیاوی زۆردار بێ دەبینین لە هەندێ حیکایەتی تردا هەر ئەو شەخسیەتە دەبێ بە کەسێکی ئاساییەوە دەخرێتە چوارچێوەی گاڵتە و قسە خۆشە ئاساییەکانی مەلاوە. یاخۆ لە جیاتی ئەوەی بوترێ مەلا بە کابرایەکی وت، یا کەسێکی دی

(١٨) سەرچاوە ٢، ل ٩٠- ٩١.

(١٩) هەر ئەو سەرچاوە.

بۆ ئەوەی تاپۆیەکی ڕاستەقینە بدرێ بە حیکایەتەکە شەخسیەتێکی ڕاستەقینەی وەک تەیمووری لەنگ دەخرێتە ناو چوارچێوەی حیکایەتەکەوە. یا دەتوانین بڵێین ئەو حیکایەتانە بۆ ئەوەن کە قارەمانی گاڵتەوگەپەکە یا بڵێین مەلا وا بخرێتە بەرچاو کە پیاوێکی قەلەندەرە، واتە دەربەستی ژیان نییە و کۆ لە گەورە ناکاتەوە و جیاوازی لە نێوان گەورە و بچووکدا ناکات و ڕەخنە لە هەموو لا و لە نارێکی و چەوتی هەموو لایەک وەک یەک دەگرێ جاروبار کە لەو حیکایەتانەدا شەخسیەتی تەیمووری لەنگ وەک کەسێکی ئاسایی پێشان دەدرێت کە مەلای قەلەندەر گاڵتەی خۆیی پێ دەکات، لێرەدا دەتوانین قووڵتر بڵێین مەلا یا دانەری حیکایەت پاشایان و گەورە کەسان لەو قاڵبەدا فێری نەفس بچووکی دەکات.

لەو حیکایەتانەیە کە دەگێڕنەوە و دەڵێن:

ڕۆژێک مەلا لەگەڵ تەیمووری لەنگ دەچێت بۆ ڕاو، بارگیرێکی پیر و شەلی بۆ دەهێنن. لە ڕێگەدا دادەکاتە باران هەموو کەسێک بە غار خۆی دەگەیەنێتە ماڵێ، تەنیا مەلا بەجێ دەمێنێ. ئەویش جلەکانی دادەکەنێ و لە ژێر خۆیدا ڕایان دەخات، تا تەڕ نەبن. بەهەر جۆرێک بوو گەیشتەوە ماڵێ. بارگیرەکە دەباتە تەویلە و جلەکانی خۆشی لەبەر دەکاتەوە و دەچێتە لای شا. کە تەماشای دەکەن هەموو لەشی وشکە، سەریان سڕ دەمێنێ. شا پرسی ها مەلا دەبینم جلەکانت هەموو وشکن، مەلا وتی بۆچی تەڕ ببم، من پێش ئێوە گەیشتمەوە ئەم بارگیرە وەکو باڵندە دەفڕی.

لە پاش چەند ڕۆژێکی تر دووبارە چوونەوە ڕاو. ئەم جارە تەیموور سواری وڵاغە پیرەکە بوو، وا ڕێککەوت دیسان باران بە سێ گرمەکی دای دا. هەر کەسە لە ترسی سەرما و تەڕ و تووشی بە غار خۆیان گەیاندەوە ئاوایی. ئەم جارە تەیموور بەجێ ما و هەموو لەشی تەڕ بوو، تا نیوەڕۆ بە لەقە لەق و شڕی و چۆڕە چۆڕی ئاوەوە گەیشتەوە ماڵەوە زۆر تووڕە بوو و بەشوێن مەلایدا نارد و وتی: کوڕە هەی بەدخوو تۆ بۆچی ئەو درۆیەت لەگەڵ کردم و تووشی ئەو هەموو ئازار و تەڕ و تووشییەت کردم.

مـــەلاش وتـی: پاشـــا ئەگـــەر تۆش وەک من تێگەیشـــتنت هـەبوایـە، وەک من جلەکانت دەخستە ژێر خۆتەوە و تەڕ نەدەبووی[٢٠].

هەر لە قالبی ئەم جۆرە حیکایەتـە کورتانەی مەلادا کە تەیمووری لەنگی پێ کراوەتە کەسی دووەم و دواندنێک لە نێوانیـاندا دروست کراوە، حیکایەتێکی تر دەگـێڕنەوە کـە لەودیو پەردەی حـیکایەتەکـەوە فـەلسـەفـەیەکی قـووڵی گـەل دەگێـڕدرێتـەوە ئەو فـەلسـەفـەیەی لە ئەفسـانـە و چیرۆک و پەندی پێـشـینان و بەشەکانی تری فۆلکلۆری کوردییا دیمان فەلسەفەی گەل دەربارەی جەوهـەری ژیان دووبارە دەکرێتـەوە. لە ژیان گـەیشـتنی خـەڵک دەخـرێتـەوە بەرچاو. ژیان دەکرێتەوە بە کێشـەیەک لە نێوان چاکە و خـراپەدا و ئەو کێشـەیە دەکرێت بە جەوهـەر و هـۆی ژیان و پەیدابوونی سروشت و کۆمەڵ و ژیان.

حیکایەتەکە ئەمەیە کە دەگێڕنەوە دەڵێن:

تەیمـووری لەنگ لە مـــەلا دەپرسـێ، تاکـــەی ئـەم خـــەڵکە هـەر دەمـــێنێت و دەمرێت؟ مەلاش خێرا دەڵێ تا بە هەشت و جەهەنەم پڕ دەبن.

دیمەنی لـە ژیان گـەیشـتن و فـەلسـەفـەی گـەل لـە ژیاندا، لە هـەندێ شـوێنی چیرۆکەکانی تری مەلاشدا دەردەکەوێ.

ئەگەر ژیان خۆی بریتی بێت لە بزووتنەوەی جووڵانەوە و ژیان هەمیشـە لە بەرەو پێـشـچوون و پێـشکەوتندا بێت و هۆی ئەمـەش هەر ئەو حـیکایەتە کـە قـــووڵی و وردبینی خـــەڵکمـــان بەرامـــبـەر بە جـــەوهـەری پەیدابـوون و بەرەو پێشچوونی ژیان پێشان دەدات.

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە مەلایان پرسی ئەم خەڵکە بۆچی هەموو ڕۆژێک بەشێک بۆ ژوور و بـەشـــێک بۆ خـــواروو، بەشـــێکی بۆ ڕۆژهـەڵات بۆ ڕۆژئـاوا دەچن؟ مـەلاش وتـی: ئەگـەر گـشت خـەڵک هەر بۆ لایـەک بڕوات، لەنگەری دنیـا تێک دەچێت[٢١].

(٢٠) هەر ئەم سەرچاوەیە.

(٢١) ئەو سەرچاوەیە، ل٧٩.

ئەگەر لە قسەکانی مەلادا لە فەلسەفەی ژیان وردبینەوە یا دەربارەی هەڵسوکەوت و گوزەرانی ژیان لە باری سەرنجی قسەکان بگەڕێین یا دەربارەی هەمووو ڕووداوێک و بارێک و دیمەنێکی ژیان و دەربارەی تێکڕا پێوەندیی ئادەمیزاد لەگەڵ یەکدا لە کۆڕی ژیاندا، پێوەندیی تاقە کەس و کۆمەڵ یا بە پێچەوانە پێوەندیی نێوان دەستەکانی کۆمەڵ هەموو جۆرە پێوەندییەکی کۆمەلایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسیی ناو خەڵک، دەبینین بە وردی بە شێوەی لە وردەشت دوان، لە قسەکانی مەلادا فەلسەفەیەکی تەواوبوومان دەربارەی ژیان دێتە بەرهەم. ئەو فەلسەفەیەش بە "تان و پۆیەوە" لە هەموو فەلسەفە قووڵەکەی بەشەکانی تری فۆلکلۆری کوردی جیا نییە. تەنانەت لە ڕێڕەوی مێژووی فەلسەفەدا لە زۆر دیمەنی بیری فەلسەفەی جیهان دەچێت، بەلام قاڵبی گشتی ئەم فەلسەفەیە گاڵتە و پێکەنین و گاڵتە پێکردن و نەخشەی کاریکاتۆرییە. هەر لەم قاڵبەشدا جارویار هەندێ قسە دەبینین کە زۆر بە ئاسانی لە قاڵبێکی لەسەرخۆ و قسەی دانەدانەدا وێنەیان لە کتێبە گەورە و زەردەکانی فەلسەفەی ئیسلامدا دەبینین، لە مێژووی فەلسەفەدا گەلێک بیری جیاجیا دەربارەی "پارە" و پێوەندیی ئادەمیزاد لەگەڵ پارەدا و ڕۆڵی پارە لە ژیاندا دەبینین، جا ئەگەر کۆمەڵە قسەیەکی فەیلەسووفان دەربارەی پارە و ئەنجامی پارە بخەینە بەرچاو ئەوسا گوێ لەم حیکایەتەی مەلا بگرین، قووڵیی بیری فەلسەفیی حیکایەتەکانی مەلامان دەربارەی پارە و بەرهەمی مادی لە ژیاندا بۆ دەرکەوێت، دەگێڕنەوە دەڵێن:

جارێک مەلا دابەستەیەکی دانابوو بۆ قاورمە، قوتابییەکانی ویستیان بە فێڵ سەری ببڕن و بیخۆن. وتیان: مامۆستا خەبەر هاتووە کە دووسبەی دنیا ئاخر دەبێت، کەواتە تۆ دابەستەت بۆ چییە؟ سەری ببڕە و بیکە بە خێر با هەمووومان بیخۆین. مەلا وتی زۆرباشە. سەری بڕی و بردیانە دەشت و لەوێ کردیان بە بریانی و خواردیان. دوای تێر خواردن خۆیان ڕووت کردەوە و چوون بۆ یاریکردن و مەلایان بەدیار جلەکانیانەوە دانا. تا هاتنەوە مەلا جلەکانیانی کۆ کردەوە و ئاگری تێ بەردان، تا هەموویان سووتان، کە

فەقێکان گەڕانەوە و جلەکانیان بە سووتاوی دی بەسەری خۆیاندا دا و وتیان: مامۆستا لە ڕێی خوادا بۆچی ئەم پەندەت پێ داین، مەلا هیچ خۆی نەشڵەژاند و وتی:

ئێوە بۆچی هێندە چاوچنۆک و چاوبرسین. ئەی سبەینێ قیامەت نییە؟ ئیتر جلتان بۆ چییە[٢٢]. لە کۆتایی ئەم حیکایەتەشدا ئەوی دەیگێڕێتەوە دەڵێت: مەلا بەو جۆرە هەقی خۆی لێ سەندن[٢٣]. بێ ئەوەی بزانێت لەودیو پەردەی حیکایەتەکەوە چ فەلسەفەیەکی قووڵ هەیە. ئەم جۆرە حیکایەتە بێجگە لە دەربڕینی جەوهەری فەلسەفەی چاکە و خراپە شتێکی تری تێدایە کە بە تێکڕایی لەگەڵ حیکایەتەکانی تری گاڵتەوگەپی کوردی کە پەردەیەکی "ئاینی"یان پێوەیە و باس لە ڕوانینە بیروڕای ئاینی دەکەن و هەڵوێستێک بەرامبەریان پێشان دەدەن، دەخرێنە خانەی باسی ئاینەوە لە گاڵتەوگەپ و فۆلکلۆری کوردیدا و دەتوانرێ لێکۆڵینەوەی تایبەتیی لەسەر بنووسرێ. لە کۆڕی فەلسەفەدا گەلێک قسە دەربارەی گاڵتەوگەپی مەلا دەکرێ. ئەگەر لە جیهانی فەلسەفە و ئەدەبدا نرخ و بایەخێکی بەرز بدرێت بە "ئادەمیزاد" بە خۆشەویستیی یەکتر و بە گیانی دۆستی و برایەتی و تەبایی، ئەگەر ئەم گیانە بەرزە کرابێ بە سروشتێکی بەرزی ئادەمیزاد. ئەو گیانە بە بەرز گیرابێت لە پێوەندیی نێوان دوو ئادەمیزادا، لە پێوەندیی تاقە کەس و کۆمەڵدا، لە پێوەندیی نێوان دوو گەلی دەستەبراو نێوان نەتەوەکانی سەرزەمیندا. دەبینین حیکایەتێک کە بە زمانی مەلاوە دەگێڕدرێتەوە سەرزەمین دەکات بە نیشتمانی ئەو خەڵکەی لەسەر مەرزی دەژین. ئەگەر زەمین هەموو لەیەک بچێت، بۆچ ئەوی لەسەر زەمین دەژین هاونیشتمانی و برای یەک نەبن. لە زمان مەلاوە دەگێڕنەوە دەڵێن:

ڕۆژێک مەلا چووە سەر مینبەر ڕووی کردە خەڵکی وتی:

خەڵکینە بزانن هەوای وڵاتی ئێوەش وەکو هەوای وڵاتی ئێمە وایە.

---

(٢٢)، (٢٣) ئەو سەرچاوەیە، ل ١٢.

پرسییان: بەچیدا دەزانی مەلا، وتی: بەوەدا دەیزانم کە هەر ئەستێرەیەکی لە وڵاتی خۆماندا دەمدی، لە وڵاتی ئێوەشدا دەیبینم. جا ئەم جۆرە بیرە لە بەرهەمی زۆر لە فەیلەسووف و ئەدیبانی مەزنی جیهاندا دەبینین. فەیلەسووفی رۆژهەڵات- سەعدی شیرازی- دەفەرموێ:

بچیتە هەر شوێنێک ڕەنگی ئاسمان هەر شینە[٢٤].

ڕەنگ هەیە شێخی سەعدی مەبەسی لە دەرد و ئازار و مەینەتی بێت. ئادەمیزادی هەموو جیهان بە هاوبەش بزانێت لە دەرد و تاڵیی ژیاندا. بەڵام ئەم قسەیەی کورد لە زمانی مەلاوە دەیگێڕێتەوە، وەک دیمان ئادەمیزاد لە خۆشی و ناخۆشی و سەرەنجامدا بە هاوبەشی یەکتر دەزانێ ئەگەر ئەستێرەی ئاسمان و ئاسمان خۆی و شەو و ڕۆژ و هەموو سروشت بەلای مەلاوە بۆ هەموو خەڵکی زەمین بێت، دەبێ خۆشی و ناخۆشیی ژێر ئەو ئاسمانە شینەش بۆ هەمووان بێت، جا لەم حیکایەتەدا دووبارەکردنەوەی قسە بەنرخەکانی، فەیلەسووفە مەزنەکانی ڕۆژهەڵات و مرۆڤایەتی و پیاوانی مرۆڤپەرستی هەموو سەدە و دەورێک دەبینین و گیانی بەرزی پڕ خۆشەویستی و برایی ناخی دەروونی نەتەوەی کورد دەبینین. دەمانتوانی گەلێک زۆرتر لای قسەکانی مەلا بوەستین لە ژێر هەر حیکایەتەدا لێکۆڵینەوە و لێدوانێک بنووسین و بەهایەکی بەرزی ئەدەبی و فەلسەفیی بدەینێ، بەڵام وا دیارە ئەوە بۆ کاتێک دەبێت کە کۆمەڵەیەکی تەواوی ئەو قسە بەنرخانە کۆبکرێتەوە و باسیش هەر بۆ ئەوە تەرخان بکرێت.

## قارەمانی خۆماڵیی گاڵتەوگەپ

لە مەیدانی قارەمانی مێژوویی گاڵتەوگەپی هاوبەشی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا، قارەمانێکی تری گاڵتەوگەپ بەناوبانگە. کە لە ناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا بە -بەهلوول- ناوی دەرکردووە. لەو سەرەتایەدا کە بۆ ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی مەلا نەسرەدین نووسراوە کە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای

(٢٤) سەعدی شیرازی. کلیات.

زانستیی ئازربایجان چاپی کردووه دەربارەی- بەهلوول- گەلێک قسە کراوە، لەوێدا دەڵێ بەهلوول و قسەکانی لە وڵاتی ئازربایجان و لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا ناسراون، خەڵکی ئەو ناوچەیە - بەهلوول- بە عەرەب دەزانن و لە ناو خەڵکدا وا ناوبانگی سەندووە کە برای خەلیفەی گەورەی عەباسی- هارونە ڕەشید[٢٥].

لە ناو کوردیشدا "بەهلوول" و قسەکانی هەو بەناوبانگن، کوردیش کە باسی بەهلوول دەکەن وای دادەنێن کە برایەکی شێتی هارونە رەشید بووە. لەلای هەندێک کەس بەهلوول، شێواندنێکی شەخسیەتی ڕاستەقینەی شاعیری ناسراوی عەرەب ئەبونوئاسە، یاخۆ زۆر لە قسە خۆشەکانی ئەبونوئاس وا دەگێڕنەوە کە قسەی بەهلوول بن، یا زۆر لەو حیکایەتانەی ئەبونوئاس و قسە و باس لە کۆشکی خەلیفەدا، لە لاپەڕەی کتێبی گەورە و زەردەوە هاتووەتە ناو خەڵک و لێی گۆڕدراوە و شتی خراوەتە سەر و قارەمانێکی بۆ دروست کراوە و ناونراوە بەهلوول، کورد دەڵێن:

قسە یا لە شێت یا لە منداڵ. واتە شێت و منداڵ پێچ و پەنا و شت شاردنەوە نازانن و ئەوەی لە دڵیاندا بێت بە زمان دەیلێن. بۆیە ئەم بەهلوولەی لە ناو خەڵکدا بووە بە قارەمانێکی شێتی گاڵتەوگەپ. قسەی حەق و ڕاستەقینەی بە زمانەوە دەگێڕێتەوە. قسەی حەقیش- وەک کورد دەڵێن- زۆر جار "ڕەقە" وەک بەردێک وایە دەدرێت بە سەر و گوێلاکی پیاوخراپان و زۆرداراندا، وە وەک حیکایەتی کوردی و ڕۆژهەڵات جووتە شەخسیەتی مەلای مەزبوورە و تەیمووری لەنگی کردبوو بە بەهانەی زۆر ڕەخنە و زۆر قسەی حەق، هەر ئەو حیکایەتانەش جووتە شەخسیەتی بەهلوول و هارونە ڕەشید دەکەن بە پەردە و بەهانەی گێڕانەوە و دروستکردنی قسەی حەقی تر. بەڵام وەک وتمان مەلا بە پیاوێکی ژیر و زانا دروست کراوە بەهلوولیش بە شێت و قسە لە ڕوویەکی ئەوتۆ کە کۆ لە هیچ و لە کەس ناکاتەوە.

---

(٢٥) بهلول عاقل. تهران،؟ ص٣ "به فارسی"

بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تۆزێک قووڵتر بخەینە بەرچاو، بابچینەوە سەر پێشەکییەکەی ئەکادیمیای زانستی ئازربایجان بۆ قسەکانی مەلا نەسرەدین لەو پێشەکییەدا دەڵێت:

قسەکانی مەلا نەسرەدین ڕەخنەگرتنێکی نەرمە لە ڕژێم و خووڕەوشت و عادەتی کۆمەڵایەتی، بەڵام قسەکانی بەهلوول لە سنووری ڕەخنە دەچنە دەرەوە بۆ چوارچێوەی ڕاپەڕین و شۆڕش ڕووبەڕووی هەموو شتێکی ناڕەوا و کۆن لە کۆمەڵدا. ئەگەر قسەکانی مەلا نەسرەدین کەموکوڕی کۆمەڵ لە سنووری ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا چارەسەر بکات، ئەوا قسەکانی بەهلوول ئەو ڕژێمە کۆمەڵایەتییە بە جارێک دەخاتەلاوە، دەیەوێ کۆن لاببات و تازە بهێنێتەوە کایەوە و لە سنوور و چوارچێوەی ڕژێم و پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی تازەدا. ئەو ناهەمواری و ناکۆکی و ناڕێکییانە چارەسەر بکات کە وان لە بەرچاو[٢٦].

بەداخەوە تا ئێستا لە ناو کورددا هەوڵی ئەوە نەدراوە کە قسەکانی بەهلوول کۆبکرێتەوە و لە دەمەوە بخرێتە سەر کاغەز. هەر لەبەر ئەوەشە کە ناتوانین لێرەدا لێکۆڵینەوەیەکی گەورە و فراوانی ئەو قسانەی بخەینە بەرچاو. لێرەدا و لە باسی شەخسیەتی قارەمانی بەناوبانگی گاڵتەوگەپی ڕۆژهەلات بەهلوول دا هەر دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەهلوولیش وەک مەلا نەسرەدین ئەگەر شەخسیەتێکی ڕاستەقینە بێت یا خەیاڵی، یا بنەڕەتێکی مێژوویی هەبێت گۆڕینێکی شەخسیەتی ئەبونوئاس بێت. ئەگەر لە ڕەگەزدا لە هەر نەتەوەیەک بێت یا قسەکانی لە ناو هەر نەتەوەیەکی تردا بڵاوبن، بەڵام بەهلوول بۆ نەتەوەی کورد هەر قارەمانێکی گاڵتەوگەپی نەتەوەی کوردە. بەڵگەشمان هەر ئەو بەڵگەیەیە کە بۆ شەخسیەتی مەلای مەزبووره هێنامانەوە. ئەویش ئەوەیە کە قسەکانی بەهلوول و شەخسیەتی خۆی لە ناو کورددا ناسراوە وە قسەکانی بە کوردی دەگێڕدرێتەوە و دەچنە سەر سامانی نەتەوایەتی ئەدەبی

(٢٦) بڕوانە سەرچاوە ٥.

فۆلكلۆری كورد و زۆر لە قسەكانیشی تەواو ئەوەیان پێوە دیارە كە لە ناو كورددا دروست كراون، شەقڵی تایبەتیی كۆمەڵی كوردەوارییان پێوەیە.

ئەگەر شەخسیەتی بەهلوول قارەمانێكی هاوبەشی زۆر نەتەوەی ڕۆژهەڵات بێت و لەو ناوەدا قارەمانێكی گاڵتەوگەپی كوردیش بێت ئەوا كورد خۆی خاوەنی قارەمانێكی گاڵتەوگەپی نەتەوایەتیی خۆیەتی كە هەر لەو تیپە یا جۆرەی بەهلوولە، واتە قسە و حیكایەتەكانی ڕاپەڕین و هاوارێكی پڕ لە داخ و كینە و ڕقە بەرامبەر بە ناڕەوایی و ناخۆشی ژیان، پەیڕەوێكی پیرۆزی موسڵمانان دەڵێ: «ناقل الكفر لیس بكافر»[٢٧] واتە ئەو كەسەی قسەی كافران دەگێڕێتەوە "بەوە" نابێ بە كافر. بۆیە دەبینین كورد ناوی كفر ئەحمەدی لەو قارەمانی گاڵتەوگەپی نەتەوایەتییەی خۆی ناوە.

قسەكانی كفر ئەحمەد لە ناو خەڵكی سادە و خوێندەواری سەردەمی ڕابردوودا وەک یەک گێڕدراوەتەوە. بەڵكو بەشی زۆری قسەكانی كفر ئەحمەد لە ناو مزگەوت و مەلا و فەقێدا بڵاو بووە.

پیاوانی دین و زانا و موسڵمانانی كورد ئاسۆیەكی فراوانی بیركردنەوە و جیهانبینینیان بووە، بۆیە قسەكانیس كفر ئەحمەدیان بڵاو كردووەتەوە. هەروەک لەو قسانەدا "سەرزاری" و ڕووخساری دەرەوەیان نەدیبێ كە ڕەنگە نەزان بە "ناڕەوا"ی بداتە قەڵەم. زانایانی موسڵمانی كورد، قووڵی و جەوهەری كۆمەڵایەتی قسەكردنی كفر ئەحمەدیان لێک داوەتەوە.

ئەگەر قسەكانی "كفر ئەحمەد" قسەی قارەمانێكی ڕاستەقینە بووایە و هەمووی پێكەوە كۆبكرایەوە و بدرایەتە پاڵ زانایەكی كوردی موسڵمان. گومان لەوەدا نەدەبوو كە ناوی ئەو قارەمانەی ئێستا بووەتە پەردەی گاڵتەوگەپ دەبووە ناوی متەسەووفێكی گەورە و قسەكانی دەچوونە ڕیزی بیری فەلسەفی و تەسەووفی كوردەوە. ڕەنگە قسەكانی كفر ئەحمەد لە ڕووخساردا سادەبن و نەنووسینەوە و بڵاونەبوونەوەیان بەناو خەڵكدا و

---

(٢٧) قسەیەكی باوی ناو مەلایانە.

لەلایەن خەڵکی سادەوە گێڕانەوەیان دیمەنێکی سادەیان داوە بەو قسانە، بەڵام لە جەوهەر و مانای قووڵدا، زۆر لە قسەی حەلاج و فەیلەسووفە متەسەووفەکانی تری موسڵمان دەچێت کە بەو ڕێگە و ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوون.

دیسان بەداخەوە قسەکانی کفر ئەحمەدیش تا ئیستا نەچوونەتە سەر کاغەز و کۆنەکراونەتەوە لە پاڵ ئەوەشدا ئاسۆتەنگی بیرکردنەوەی گەلێک ڕەخنەگر وامان لێ دەکات کە نەتوانین لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی قسەکانی ئەویش بخەینە بەرچاو.

لە باسی بیری وردی فەلسەفە و تەسەووفدا، ئەگەر بمانەوێت سەرەتایەک بۆ ئەو بیرە دابنێین لە ناو کورددا. بێجگە لە بەرهەم و کتێبی زانا موسڵمانەکانی کورد، کە زۆربەیان بە زمانی تری -نا- کوردی- نووسراون، لە ناو خەڵکدا وێنەیەکی ڕۆشنی ئەو بیرە دەبینین. لە باسی پەندی پێشیناندا چەند وێنەیەکی "بیری" فەلسەفی و "تصوف"ی کوردمان خستە ڕوو، لێرەشدا شایانی باسکردنە کە قسەکانی کفر ئەحمەد و گەلێک چیرۆکی "بێ ناو" و قارەمان بخەینەوە یاد، کە خاوەنی ڕشتەی مرواری هەندێکیانی کۆکردووەتەوە.

ئەو قسانەی بیری فەلسەفی و تەسەووفی کورد بە شێوەی گشتی لە سنووری فەلسەفی ئیسلامیدایە و ڕەنگە هەریەکەشی بچێتە سەر ڕێچکەی یەکێ لە مەزهەبە ناسراوەکانی فەلسەفەی ئیسلام.

بیروڕای فەلسەفە و تەسەووفی ئیسلام لەلای کورد باسێکی گرینگ و شایانی باسە. ئەگەر سەرەتای ئەم بیرە لە فۆلکلۆری کورددا «لە ئەفسانە و حیکایەت و پەندی پێشینان و گاڵتەوگەپ دا» ببینین. ئەوا "تەلار"ی ئەم بیرە لە شیعری زۆر لە شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورددا دیارە. هەرچەندە تا ئێستا لە ناو کورددا بەدەگمەن کەسانی ئەوتۆ هەڵکەوتوون کە لەسەر فەلسەفەیان نووسیبێ، بەڵام ئەوانەش بەداخەوە- چونکە لە سامانی نەتەوایەتی کورد دابڕاون هیچ لایەکیان بەلای بیری فەلسەفیی فۆلکلۆری کورد و فەلسەفەی زانایانی وەک مەلای جزیری و باباتاهیری هەمەدانی و ئەحمەدی خانی و

مەولەوی و مەحوی و ڕۆشنبیرانی تری کوردەوە نەکردووەتەوە.

لە پاڵ ئەو قارەمانانەی گاڵتەوگەپدا کە باسمان کردن، لە ناو کورددا گەلێک قارەمانی تری خۆماڵیی گاڵتەوگەپ هەن، کە هەر یەکە لە مەیدانی بەرەوپێشچوونی ژیانی کۆمەڵایەتیدا نوێنەری جۆرە "ڕووداو- واتە- ظاهرة"یەکی کۆمەڵایەتین. بۆ نموونەی ئەو جۆرە قارەمانانە- لە کتێبی- گاڵتەوگەپی- پیرەمێرددا و لە ڕشتەی مرواریدا لە قسەی ناو خەڵکدا شەخسیەتی "لالە سەرحەد" دەبینین. کە بەشێوەیەکی تایبەتی، لە مەیدانی حیکایەتی گاڵتەوگەپ گێڕانەوەدا «خەوەکەی لالە سەرحەد» بەناوبانگە. کە بە چەند جۆرێک دەگێڕدرێتەوە لەو دوو کتێبەی ناوبراودا بە جۆرێک نووسراوەتەوە "لالەسەرحەد" نموونەی سەرخێڵێکی عەشیرەتی کۆچەری "جاف"ە لە «کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا».

ئەو قسانەی لە زمانی "لالە سەرحەد"ەوە(٢٨) دەگێڕدرێتەوە یا دەدرێتە پاڵ کوردێکی کۆچەر یا لادێییەکی ئەو سەردەمە، یا لە هەندێ حیکایەتدا باسی عەشیرەتی "هەمەوەند" دەکات. هەموو ئەم حیکایەتانە دیمەنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەگێڕێتەوە.

خەوەکەی "لالە سەرحەد" وێنەیەکی ڕۆشنی خۆشەویستیی تیرە و عەشیرەتە کە بەلای زۆر لە زانایانی کۆمەڵایەتییەوە سەرەتای هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییە.

"لالە سەرحەد" لەو خەوە «سەیرە خۆشەدا دەشتی شارەزوور و بەهارەکەی دەکات بە بەهەشت و لە ناو جاف دا "ڕۆغزایی" وە لە عەشیرەتی کورددا "جاف" و لە نەتەوەکانی دەوروپشتدا کورد لە هەموان زیاتر لە "بینایی چاوان" نزیک دەخاتەوە و بە "بەهەشتییان" دادەنێ.

---

(٢٨) لە گاڵتەوگەپی پیرەمێرد "سلێمانی، ١٩٤٧" و ڕشتەی مرواریشدا ئەم خەوە نووسراوەتەوە. بەڵام هەردووکیان لە سەرەتا و کۆتاییی داڕشتندا لەوە ناچن کە بە منداڵی بیستوومە.

قسەکانی "لالە سەرحەد" ئەوانی تری لەو "تیپە"، هەموویان لاپەڕەیەکی تری مێژووی کۆمەڵایەتی تیرەکانی کورد دەگێڕنەوە.

لە زۆر حیکایەتدا باسی "جاف" و "هەمەوەند" و ڕێگەگری و کاروان ڕووتکردنەوە لە قاڵبێکی پێکەنیندا دەکرێ. بەڵام ئەگەر سەیری بکەیت هەر لەو باسانە دەچێت کە لە یادداشتی ئەو گەشتکەرە کۆنە بێگانانەدا دەبینین کە هاتوونەتە ناو کوردەوارییەوە.

دەربارەی "ئاین"یش هەر لەم حیکایەتانەدا دوو ڕووخساری نەتەوەی کورد. لەلایەکی ترەوە لە ناو نەتەوەیەکی سادەی، زوو بە نەخوێندەوارا لە دین نەگەیشتن و لە بەندی پەیڕەوەکانی ئەو دینە "نەگەیشتن" بەهۆی عەرەبی نەزانینەوە، وە بە ساکاری و ڕووکەش دەستدانە بەجێهێنانی پەیڕەوەکانی ئاین. ئەم چیرۆکانە هەموو، لە ڕووی مێژووەوە، لەو سەدە و کات و شوێنەدا، واقوڕماوی و سەرسامیی تیرەی کۆچەر و نەخوێندەوارە بەرامبەر بە دیمەن و داهێنراو و ڕووخساری تازەی شارستانی و ئەو ژیانی کۆمەڵایەتیی تازەیە کە شارستانییەتیی دەهێنێتەوە کایەوە.

ئەگەر ئەم حیکایەتانە لەلایەکەوە دیمەنی ئەو ڕووداوەی مێژووی کۆمەڵایەتی بن. لەلایەکی ترەوە "قاقا پێکەنین"ی ناخی دەروونی شارستانییەتین بە ژیانی "کۆچەری" و "نەزانی" و "نەخۆشی" و بە هەموو دیمەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو.

ئەگەر کورد "لالە سەرحەد"ی "ڕۆغزایی" کردبێت بە دیمەنی ئەو ڕووداوە لە ئەدەبی گاڵتەوگەپی فۆلکلۆردا، دەبینین هەر لەو حیکایەتانەدا کە لە ناو عەشیرەتی "جاف"دا هەیە بەتایبەتی ئەو حیکایەتانەی لە ڕشتەی مرواریدا کۆکراونەتەوە، شەخسیەتێکی ڕاستەقینەی مێژوو دەکرێت بە کۆمەڵەی ئەو حیکایەتانە و هەر لە ناو "جاف"دا دەبێتە هۆ و ڕابەری بەرەو شارستانیەتی ڕۆیشتن ئەویش شەخسیەتی ناوداری "مەحموود پاشا"ی گەورەیە.

ئەگەر"لالە سەرحەد" قارەمانێکی دێهاتی بێت ئەوا لە فۆلکلۆری کوردیدا

وێنەی قارەمانێکی شارستانیەتیش هەیە، کە لە بنەڕەتدا شەخسیەتێکی ڕاستەقینەیە و لە سەدەی پێشوودا لە شاری "سلێمانی" ژیاوە و ئێستاش قسەی کۆن و تازەی بە زمانەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەویش قارەمانی بەناوبانگی گاڵتەوگەپی کوردی "ئەحەی کرنوو"ە(٢٩).

قسەکانی "حاجی ئەحمەدی کرنوو" بەرهەمی ژیانی شارستانی و سەرەتای پەیدابوونی ژیانی تازەی شارستانێتییە لە ناوچەی "بابان"دا. ئەم قسانەش نرکەی پڕ لە پێکەنینە، بە ژیانی دواکەوتووی دێهاتییەک کە لە کۆشی "نەزانی" و "هەژاری" و "نەخۆشی" و ناهوشیاریدا "واژەی" دێ. لە پاڵ ئەمەشدا ئەو قسانە و هەموو ئەوانەی لە "تیپی- یاجۆر"ی ئەون ڕەخنەیەکی نەرمە لەو دیمەن و بارە ناشیرینانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی شارستاندا دەبینرێ.

لە بارەی ڕەخنە و -پێ- پێکەنین و - گاڵتە پێکردنەوە، ئەم چیرۆکانە هەموو مەیدانێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانە دەگرنەوە و باس لە هەموو جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەکەن و چەوتی گەلێک ڕووخساری ئەم پێوەندییانە دەردەخەن. پێوەندی نێوان "ژن و مێرد"، "بووک و خەسوو" ، جۆری ژنهێنان و شووکردن، باسی گوزەرانی خەڵکی، کار و کاسبی و مامەڵەی ڕۆژانە، "سوو" و "سەلەم" و "بازرگانی"، پەنابردنە بەر نووشتە نووسین و بەر جادوو بۆ "گرێ" کردنەوەی، سەختی ژیان و تەنگ و چەڵەمەی ژیان و باری کۆمەڵایەتی. ئەمانە و گاڵتە پێکردنیان کەرەسەی ئەو جۆرە چیرۆکانەن و ئەگەر ڕەخنە لێ گرتنێکی چەوتی، لەم پێوەندییانەدا نەرمیش بێت و شتێکی وای تێدا دەرنەکەوێت کە "خەڵک یا گەل" کە خۆی داهێنەر و بڵاوکەرەوەی قسەکانە، نیازی سەرتاپا گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی هەبێت. ئەگەر ئەمەش دیار نەبێت، خۆ قسەکان لە خۆیاندا بەڵگەی ناڕەزایین لە "چەوتی" و "دواکەوتن" و سەرەتای هۆشیاربوونەوە و لە "خەو هەڵسان" و

---

(٢٩) تا ئێستا نووسەر جەمال بابان شتێکی لەسەر ئەحەی کورنوو نووسیوە. بێجگە لەوەش کە لە ڕشتەی مرواریدایە.

ڕاپەڕین و وێنەی دەستـدانە گـۆڕینی باری کـۆمـەڵایەتین ئەم "ڕووداوە" کۆمەڵایەتییە- لە جەوهەردا، لە هەموو شوێن و کات و سەدەیەکدا هەر یەکە و هەر دەمێنێ، بەڵام "وردەشت" واتە "تفصیلات"ی بەپێی شوێن و کات و زەمان دەگۆڕدرێت و لە هەموو بەرگێکیشدا هەر بەڵگەی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵە.

قارەمانی گاڵتەوگەپ، لەگەڵ ڕۆژدا دەگۆڕدرێت و وە هەر دەور و زەمانێک جۆرە قارەمانێک و جۆرە قسە و حیکایەتێک دێنێتە کایەوە. بۆیە دەبینین لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانەوە چەند قارەمانێکی تری گاڵتەوگەپ هەن، کە حیکایەتەکانیان وێنەی گاڵتەکردنن بەژیانی دەرەبەگایەتی دەوروبەری عوسمانییەکان و گێڕانەوەی حیکایەت دەربارەی ئەو دەرەبەگە نەخوێندەوارانەی لە پاش ئەو جەنگە پایەی بڵندی فەرمانبەرییان دراوەتێ، لە جەوهەردا ڕەخنە و گاڵتە پێکردن و پێکەنینی نارەزاییی دەستەی ڕۆشنبیر یا بە ئیستیلاحی ئەو دەورە، پێکەنینی "منوەر"ەکانە بە "بەرەی" کۆنی فەرمانڕەوا و بە ڕژێمی کۆنی کۆمەڵایەتی.

لەم مەیدانەدا دەتوانین گەلێک ناو بکەین بە نموونە، دەربارەی ئەوسا و ئەمڕۆش کە قارەمانی زیندووی گاڵتەوگەپمان هەیە لە بەرچاوی خۆمان خۆیان لە باسی کۆمەڵدا دوو قسەی خۆش دەکەن لە ناو خەڵکدا "دە"یان بە زمانەوە دەگێڕدرێتەوە. بەو جۆرە ئەو قارەمانی قسە خۆشانەی ئەمڕۆ لە ناوماندا دەژین سبەینێ لە ناو لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی فۆلکلۆردا دەبن بە قارەمانی خەیاڵیی مێژوو گەلێک قسەی ڕۆژانی داهاتووش بە زمان ئەوانەوە دەگێڕدرێتەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ لە ژیانی ڕۆژانەماندا تەماشایەکی ئەو پیاوە قسە خۆشانە بکەین کە لە ناوماندا دەژین، زۆرباش بۆمان دەردەکەوێت کە قارەمانی گاڵتەوگەپ چۆن لە دایک دەبێت و دروست دەکرێت و چۆن پەروەردە دەکرێت و گەورە دەبێت و دەچێتە سەر لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی فۆلکلۆر.

ئێستا لە ژیانی ئەمڕۆماندا لە هەر ناوچەیە یا شارە یا گوندە، کەسێک یا چەند کەسێکی قسەخۆش هەن کە ئەمانە یا یەکێکیان بەرە بەرە، لەگەڵ ئەو

پەرەسەندنەدا کە باسمان کرد دەبێتە قارەمانی گاڵتەوگەپی هەموو نەتەوە و دوور نییە ببێتە قارەمانی چەند نەتەوەیەک یا هەندێ لە قسەکانی بە زمانێکی تر بدرێتە پاڵ قارەمانی ئەو گەلەی تر.

بەم جۆرە ئەمڕۆ لە ژیانی کوردەواریدا لە هەر ناوچە و شارە دەتوانین ناوی چەند کەسێکی "قۆشمە" و قسەخۆش ببیستین، بەڵام مێژوو ناوی کامیان دەهێڵێتەوە و قسەکانی سەدە و سەردەم دەداتە پاڵ کامیان. ئەوە شتێکە مێژوو دوارۆژ بڕیاری دەدات و چەرخی بەرەو پێشچوونی دەوران هەمیشە شتی تازە و سەیریش دەهێنێتە کایەوە. بۆیە لێرەدا باس لەو قسە خۆشانە ناکەین و کەوا دەورانی ئەمڕۆ تا ئێستا کردوونی بە موڵکی تاقە کەس لەوانەیە دوارۆژ زۆریان بەناوی یەکێکەوە لەمانەیا بەناوی کەسێکی ترەوە تۆمار کات و ڕەخنەگرانی ئەدەب و نووسەرانی مێژووی فۆلکلۆریش بیاندەنە پاڵ میللەت و بیانکەن بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی.

## ئەدەبی نووسراوی گاڵتەوگەپی کوردی

تا ئێستا لە کوردیدا لەم بارەیەوە تەنیا ئەو "سێ جار" نووسینەوەیەی قسەکانی مەلای مەزبوورەمان هەیە و ئەسەرە گەورە بەنرخەکەی زانا عەلائەدین سوجادی ڕشتەی مروارییە کە لە نامەخانەی ئەدەبی کوردیدا جێگەیەکی تایبەتی و دیاری بۆ خۆی گرتووە و تا ئێستا سێ بەرگی و هەر بەرگە لە ٢٠٠ لاپەڕەدا لە سالانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨دا ڕۆشناییی دیوە و هیوادارین خوێندەواری کورد لە بەری بەرگەکانی تریشی بێ بەری نەبێت(*).

ڕشتەی مرواری لە کۆڕی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی و لە مەیدانی باسی گاڵتەوگەپی فۆلکلۆردا باسێکی ورد و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەوێت.

---

* زیادەی چاپی دووەم: لەم سالانەی دواییدا مامۆستا عەلادین سێ بەرگی تری ڕشتەی مرواری چاپ و بلاو کردووەتەوە، کە بەرگی چوارەم لە ١٩٦٨، بەرگی پێنجەم لە ١٩٧٢ و بەرگی شەشەم لە ١٩٧٩دا بلاو بوونەتەوە، هەر یەکەیان کۆمەڵێ باسی گاڵتەوگەپی فۆلکلۆری و کۆمەلایەتی و ئەدەبی و... گرتووەتە خۆ.

پیرەمێردیش وەک ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد کە ئەرکی خۆی لە زۆر مەیدانی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا بەرامبەر بە نەتەوەکەی بەجێ هێناوە. لەم مەیدانەشدا قسووری نەکردووە و هاتووە کۆمەڵێک لە گاڵتەوگەپی فۆلکلۆری کوردیی کۆکردووەتەوە و بەناوی "گاڵتەوگەپ"ەوە لە چاپی داوە.

خاوەنی ڕشتەی مرواری جارێکی تر هەموو ناوەڕۆکەکانی "گاڵتەوگەپ"ی پیرەمێردی چاپ کردووەتەوە و ئەو "ئەسەرەی" پیرەمێردی نەمری لە دەردی "کەم ژمارەیی" و "چاپی خراپی" و نەمان و دەستنەکەوتن ڕزگار کردووە.

ڕشتەی مرواری هەر کتێبی گاڵتەوگەپ و فۆلکلۆر کۆکردنەوە نییە، بگرە وەک بەشی زۆری بەرهەمە بە نرخەکانی عەلائەدین سوجادی، سروشتێکی ئەنسکلۆپیدییانەی وای هەیە کە لەگەڵ پلەی ڕۆشنبیری و چاپەمەنیی کوردیدا دەگونجێن.

هەروەک زانا باش لە شوێن و کاتی چاپەمەنیی کوردی گەیشتبێ و بیەوێ هەر کۆمەڵە بەرهەمێکی نووسینی تەواو بوو هەلی چاپی بۆ هاتە پێشەوە ڕێگەی خۆی بگرێ بەرەو چاپخانە، بێ ئەوەی چاوەڕێ بێت کە هەر جۆرە باسە لە سیپارەیەکی جیادا و لە ژێر ناوێکدا چاپ بکات و هەریەکەی بەرێتەوە سەر یەکێک لە سەرچاوەکانی زانستی ئەدەب و زانست بەگشتی.

بۆیە لە ڕشتەی مرواریدا، کۆمەڵێک لە بەشەکانی فۆلکلۆر دەبینین ڕستە چیرۆکێک کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە کە دەچنە ڕیزی ئەفسانەی کوردییەوە، چونکە کەرەسەکانی ئەو چیرۆکانە هەر لەو کەرەسانەی ئەفسانەی کوردین کە لەمەوبەر باسمان کردن.

هەندێ چیرۆکی تر کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە، کە دەچنە ڕیزی حیکایەتی کوردییەوە، ئەویش هەر لەبەرئەوەی کەرەسەکەی لە کەرەسەی حیکایەت و بە کورتی قارەمانەکەی لە باتی "دێو و درنج" و هەندێ "پەلەوەر" ئادەمیزادە و حیکایەتەکان چیرۆکی کێشەی ئادەمیزاد دەگێڕنەوە لەگەڵ ژیاندا.

لە ڕشتـەی مرواریدا گەلێک لاپەڕە و باس هەیە، کە دەچنە ڕیزی زانستی فۆلکلۆرەوە بەگشتی، بەڵام دوورن لە باسی ئەدەبی فۆلکلۆر. ئەو باسانە بۆ گەلێک لێکۆڵینەوەی زانستیی تریش بەکار دێن. لە کۆڕی فۆلکلۆردا کۆمەڵێک عادەت و ڕەوشت و خووی کۆنی ناو کوردەواریی کۆکردووەتەوە کە لەمەوبەر ئیسماعیل حەقی شاوەیس لە ژێر ناوی "پڕوپووچی پێشینان"دا هەندێ باسی لەوەوە نزیکی لە ساڵی ١٩٣٣دا نووسیوەتەوە و(٣٠) چاپی کردووە، ئەم جۆرە باسە کەرەسەیەکی دەوڵەمەندە بۆ ئەو زانایانەی بە ژیانی کۆمەڵەوە خەریک دەبن.

لە چەند لاپەڕەیەکی تردا هەندێ زانیاریی بەنرخی دەربارەی ڕۆژ و ساڵ و مانگ کۆکردووەتەوە کە بۆ ئەوە دەست دەدات بکرێت بە سەرەتای باسێکی درێژ دەربارەی زانستی "فەلەک" لەلای کوردان، بەتایبەتی ئەگەر تۆزێ درێژتر و وردتر لەسەر حسابی گڵەزەردە و زانای گەورەی "فەلەک"ی کوردان شێخ حەسەنی گڵەزەردە بدوایە.

«ڕشتەی مرواری" لە گەلێک لاپەڕەیدا وەسفی چەند دەورێکی مێژوویی ژیانی کوردان و ناوچەی سلێمانیی خستووەتە پێش چاو، بەتایبەتی دەوری جەنگی یەکەمی جیهان و ساڵانی گرانی و ڕۆژانی شێخ مەحموودی نەمر و لافاوە دوابەدواکانی سلێمانی. ئەم وەسفانە لە پاڵ "فاکتە" مێژووییەکەی خۆیدا یاریدەیەکی باشی مێژووناسان دەدات کە بە جۆرێکی ڕاستەقینە لە مێژووی نەتەوەکەمان بکۆڵنەوە.

زۆر باسی لەم بابەتەی ڕشتەی مرواری ئێستا لای خوێنەری کورد ئەو نرخەی نییە، چونکە ئەو شتانەی لەوێدا وەسف کراوە وان لە بەرچاویدا لە سنووری بیرەوەریی خەڵک نەچوونەتە دەرەوە. بەڵام ئەو باسانە بۆ ساڵانی داهاتوو بایەخێکی زۆری هەیە.

لێرەدا جێگەی یاداشتێکی ئەدەبیی بچووک تۆمارکردنە. لە ساڵی ١٩٥٢

---

(٣٠) ئیسماعیل حەقی شاوەیس. پڕوپوچی پێشینان. بەغدا، ١٩٣٨.

که زانا عەلائەدین سوجادی کتێبی "گەشتێک لە کوردستانا"ی چاپ کرد و باسەکانی بەلای زۆر کەسەوە سەیر بوو، لە وەڵامدا دەیوت: من ئەمەم بۆ ئەمڕۆ نەنووسیوە، دوارۆژ نرخی دەزانن. ئێستا زۆر بەسەر نووسینی ئەو کتێبەدا ڕانەبردووە، دەبینین زۆر لە باس و زانیارییەکانی، تەنانەت لە ڕووی ڕووخساری "جوگرافی"ی ولاتیشەوە نرخێکی گەورەی هەیە. ڕشتەی مرواری لە پاڵ تۆمارکردنی حیکایەت و ئەفسانە و وەسفی مێژوویدا هەندێ شتی تێدایە کە دەچنە خانەی "هەواڵی ئەدەبییەوە"وە بۆ مێژوو دەمێنێتەوە. نموونەی ئەمانە ئەو دەنگوباس و قسە خۆشانەیە کە لە نێوان گەلێک لە شاعیراندا ڕووی داوە. قسەی خۆشی "شێخ ڕەزای تاڵەبانی" لە مەیدانی ئەدەبدا دەچێتە پاڵ شیعرەکانی و تابلۆیەکی ژیانی زانستی و ئەدەبی ولات لەو سەردەمانەی ڕابردوودا نەخشە دەکێشێ.

هەندێ پارچە شیعری تازە و هەندێ نامەی ئەدەبیی تۆمار کردووە و لە فەوتاندن پاراستوونی. لەوانە نامەیەکە کە شاعیری بەناوبانگ "ناری" –مەلا کاکەی حەمەی بێلو– بۆ شێخ مەحموودی نەمری نووسیوە و پارچەیەک لە نووسینی پەخشانی کوردیی سەردەمی ناری و ئەدیبانی وەک "ناری"مان پێشان دەدات(٣١).

خاوەنی ڕشتەی مرواری گەلێک قسەی خۆشی دەربارەی "نەزانی" و لە "وێڵ" دووری تیرە کۆچەرەکان نووسیوەتەوە، با هەر تەماشای ئەوە بکەین بزانین دەربارەی ئەو هەڵکەوتووەی ڕابەری جاف دەڵێ چی؟ کە لەم بارەیەوە نووسیویە:

«مەحموود پاشای جاف یەکێک بوو لە پیاوە هەرە گەورەکانی کورد، ئەو پیاوە بوو کە لەگەڵ "وەسمان پاشا"ی برایدا دەستە جڵەوی عەشرەتی جافیان گرتبووە دەست و هەڵیان دەسووڕاند ئەو عەشرەتە کە خاوەنی چل هەزار خێوەت و لە "شاکەل" و "شێروانە"وە دایان گرتبوو تا "شەقەڵا" و "مەولاناوا"

---

(٣١) ڕشتەی مرواری. ب، ل٨٩، ٩٠.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ئەم مەحموود پاشایە وڵاتانی دیبوو، پیاوانی گەورە و کۆشکی والی و پادشاهانی دیبوو، لە هەرلایەک گوڵێکی چنیبوو، لە هەر شوێنێک ئەدەبێکی وەرگرتبوو لە ئەنجامدا خۆی بووبوو بە پیاوێکی ئەدەب پەروەری کورد. بەو "زەکا" و ئەدەبەوە سەرۆکی ئەو عەشرەتەی دەکرد کە هەریەکە لە تەلێک لێیان دەدا و هەریەکە جۆرە ئەقڵێکیان هەبوو.

بەڵێ لە رەمەکی جافدا گەلێ پیاوی ژیر و دانا هەڵکەوتووە، دەبێ هەڵکەوێ چونکە نەسیمی دەربەندان و هەوای دەشتان کە تێکەڵ بە جریوەی ئەستێرەی ئاسمان بوو، دیمەنەکەیان دەکاتە کارێ کە لالغاوەی فیکر و هۆش و پیاوی هەوارگەڕی ئەو دیمەنە لێک بکشێنێتەوە و باوەڕی سافی وەکو دوڕ دەربڕێ. وەکو ئەمە دەبێ گەلێ پیاوی ساویلکەش لەو کۆڕەدا دەکەوێتە مەیدانەوە کە ئاسۆی فیکری تەنیا پڕی مێشکەکەیەتی و هیچی تر.

جا پیاوێک کە سەرۆکی عەشرەتێکی وا بگرێتە دەست، دەبێ داناییەکەی و فراوانی دڵەکەی گەلێ گەورەتر بێت لە گەورەیی ئەو عەشرەتە، ئەگەر وا نەبێ عەشرەتداری پێ ناکرێ. ڕاستە پێی ناکرێ، چونکە دەزانێ ئەمانە بە دڵێکی سافەوە قسەکەشیان گەنجینەیەکی گەوهەرە بۆ زمانەکەیان. بۆیە "مەحموود پاشا" هەموو جار لەگەڵ هەرکەس لە پیاوی عەشرەتەکەدا بەپێی ئەقڵی ئەو قسەی لەگەڵ کردووە و لە پێکەنین بەولاوە هیچی تری نەداوە بە ڕوویدا. هەر ئەم دڵفراوانی و عەشرەتدارییەی ئەو بووە کە کردوویەتە کارێ، نوکاتی ئەدەبی بە نرخی کوردی بۆ زمانی کورد ماوەتەوە و بووە بە گوڵدەستەیەک بۆی.[٣٢]

ئەگەر پیرەمێرد بە هۆنراوە جوانەکانی، لە دیمەنی سەرچاوەی زەڵم و "دووئاوان" و "شوێن ماڵە گەورە"دا دیمەنێکی "پۆل پۆل نازداران"ی عەشرەتی جاف و گەرمیان و کوێستانکردنیانی پێشان دابی و یادێکی ئەو مەحموود پاشایەی کردبێتەوە کە لە دیوەخانی ئەدەبیاتدا دەنگی شیعری پیرەمێرد

(٣٢) ئەو سەرچاوەیە. ب٢، ل١٢٠، ١٢١.

بەرزبووەتەوە ئەوا سوجادی بە شێوەیەکی فراوانتر و ڕوونتر و قووڵتر چووەتە ناو وردەشتی ژیانی عەشیرەتەکەی مەولانا خالید و ئەحمەد موختار و تایەر بەگ و گۆرانەوە.

لە هەندێ لە قسە گێڕانەوەدا تەنانەت "مەنەلۆجێکی" ناو دەروونی کەسێکی سادەی جاف پێشان دەدا بەرامبەر بەژیان.

با بۆ نموونە چیرۆکێکی کورت دووبارە بکەینەوە کە چووەتە ناو ئەو دەروونە سادەیەوە و لەوێدا وێنەی وڵات و نیشتمان و کەژی خۆشەویست بە قووڵی و نزیک لە خاکی پیرۆزەوە پێشان دەدات. دەگێڕنەوە دەڵێن: کابرایەکی کورد ڕۆژێک لەو شارەزوورە تای لێ هاتبوو ڕۆژەکەی زۆر گەرم بوو، هەرچەند داوای ئاوی دەکرد ئاوی سارد دەست نەدەکەوت، ئاوی گەرمیان دەدایە و هیچ هەوایەکی فێنکیشی نەدەدی. ئەوەندە هەبوو شاخی هەورامان لە دوورەوە دیار بوو، بۆ ئەو شوێنە دوو ڕۆژە ڕێگە دەبوو، بەفرەکە بەسەر شاخەکەوە دیار بوو. کابرایەکی خزمی بۆ هەواڵپرسین هات بۆ لای لە بەردەمیدا ڕاوەستا و بەرشاخەکەی لێ گرت، ئەویش پێی وت:

«کورە لای بەفرەکەم لێ مەورەوە، با هەوایەکی فێنکم بۆ بێت. ئەوا پڕوکیام"[٣٣]

ڕشتەی مرواری کەرەسەی گەلێک باسی کۆمەڵایەتیی بۆ ئامادە کردووین. ئەگەر لە ئەفسانەی کوردیدا دیمەنێکی ژیانی کۆن و پێش مێژووی کورد ببینین و لە ڕووی بیروباوەڕ و ئاینیشەوە هەندێ وێنەی باوەڕی پێش ئیسلام دیاربێت. ئەوا لە ڕشتەی مرواریدا وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەم چەند سەدەی دواییەی کورد دیارە و لە ڕووی ئاینیشەوە هەندێ حیکایەتی ئەوتۆ دەبینین- کە هەرچەندە لە قاڵبی گاڵتە و پێکەنیندا دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لەو دیو پەردەی پێکەنینەوە دوو ڕێچکە دەبینین کە دەچنەوە سەر باسی «کورد و ئاینی ئیسلام».

---

(٣٣) ئەو سەرچاوەیە. ب ١، ل ١٠٧.

خاوەنی ڕشتەی مرواری لە زمان دوو کوردی ساویلکەوە دوو حیکایەت دەگێڕێتەوە بەڵگەی قسەیەکی ڕابردوومانن. کەوا بۆ کورد دیوێکی ئیسلامەتی باوەڕکردنی قووڵ و ڕاستەقینەیە بە خوایەکی تاک و تەنیا و دیوەکەی تریش بە سادەیی لە پەیڕەوی ئاین گەیشتن و بەڕووکەشی وەرگرتنی هەندێ پەیڕەوە کە لەبەر عەرەبی نەزانین و نەخوێندەواری لە مێشک و دەروونیدا چەسپ نەبووە، یا بۆ بەڵگەی ئەم قسەیە لەسەر هەر ڕێچکەیە حیکایەتێکی کورت لە ڕشتەی مرواریییەوە وەرگرین. دەگێڕنەوە دەڵێن:

«لە کابرایەکی کوردیان پرسی، بەچیدا دەزانی خوا یەکێکە و دوو نییە؟ ئەویش وتی: «بە ئاشەکەی ماڵی لالەما» تا ئەو وەختەی کە هەر خۆی بوو دایمە گەڕ بوو ئێستە کە لەگەڵ حەمەی شەفێ بوون بە شەریک ڕۆژێک دەگەڕێ و چوار ڕۆژ دەوەستێ. خواش ئەگەر یەکێکی لەگەڵ بووایە ئیشەکەی وەکو ئاشەکەی لالەمی لێ دەهات»[٣٤].

جا ئەو باوەڕە قووڵە، کە لە زیرەکییەکی سروشتی و لێکدانەوەیەکی سادەوە هاتووە لە ژیان و سروشت و ئاسمان و زەمین ئەم باوەڕە بە خوایەکی تاک و تەنیا و ئەم لێکدانەوەیە کە لە مەنتیقێکی ساکارەوە هاتووە، لە پاڵ دیمەنی ئاینییەکەیدا جەوهەرێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە. هەر بەرامبەر بەم لێکدانەوەیە. لە ڕووی ئاین و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە حیکایەتێکی تر لە ڕشتەی مرواریییدا دەخەینە بەرچاو. دەگێڕنەوە دەڵێن: «ڕەسوو ئاغای مەنگوور هەبوو پیاوێکی ڕیش سپی و بەزملی بوو. زۆری حەز لە قومار دەکرد، هەندێ جاریش نوێژی دەکرد و قورئانی دەخوێند. جارێکیان لە کۆڕێکی دیوەخانەکەیدا دادەنیشێ و ملی خەڵکەکە دەگرێ بۆ ئەوەی قوماری لەگەڵ بکەن. کەس ملی ناداتێ و لەگەڵی ناکا. کاتی قورئان خوێندنەکەشی نزیک بووەتەوە. بە ناچاری خەڵکەکە دەترسێنێ و دەڵێ: «ئەگەر قومارانم دەگەڵ ناکەن دەچم قورئانان دەخینم»[٣٥].

(٣٤) ئەو سەرچاوەیە. ب ١، ل ١١، ١٢.

(٣٥) ئەو سەرچاوەیە. ب ١، ل ٩٤، ٩٥.

وەکو وتمان ڕشتەی مرواری هەندێ جار لە شێوەی وەسفا و هەندێ جار لە شێوەی «فاکت و ژمارە»ی مێژوویی تۆمارکردندا پەردەی گەلێک دەوری ژیانی ئەم چەند سەدەی دواییەی کوردانی پێشان داوە. بەڵام ئەم جۆرە پەردەیە تەنانەت زۆر جار لە شێوەی حیکایەت و گاڵتە و پێکەنینیشدا پێشان دراوە.

دەربارەی ڕژێم و دەستگا عوسمانییەکان زۆر شت دەوترێ و زۆر شت دەنووسرێ. ڕەنگە مێژوو لە چەند بەرگی گەورەدا بە هەزاران ژمارەش باسی ئەم دەورە بگێڕێتەوە.

پێوەندیی کورد لەگەڵ ئەم داوودەزگایەدا و چۆنیەتی ڕوانینە دەزگا و دامەزراو و یاسای باسی تایبەتیی مێژوون. بەڵام لەمانە هەموو قسە و ڕاستی دەربڕتر ڕەنگە ئەم قسە خۆشە بێت کە لە بەرگی یەکەمی ڕشتەی مرواریدا نووسراوەتەوە و دەڵێ:

«کابرایەک هەبوو براخاسی ناو بوو قسەمان لە هاڵوهەواڵی عەسکەرییەوە دەکرد کە گۆیا ئێستە ڕێکوپێکترە».

وتی: «برا ڕێکوپێکی چی؟ من خۆم لە دەوری عوسمانیدا زەفتێ بووم، دووکانەکەشم قەسابی بوو، هەموو ڕۆژێ کە وەختی مەشق دەهات دوو تارانیم دەدا بەیەکێ دەچوو مەشقەکەی بۆ دەکردم، بەو قورئانەی لێت خوێندووە ئێستە و ئەوساش خۆم ئەو قەنارەمە بەجێ نەهێشت، ئەوەبوو عەسکەری ئێستاش ئەمانە بەناخێری گیانیان گوایە عەسکەری دەکەن»(٣٦).

لە پەندی پێشینانی زۆر نەتەوەدا، پەندێکی لەیەکچوو هەیە دەربارەی ئیشکردن و ئیش بە "بەرزگرتن" و بە سووکی تەماشای پیاوی تەمەڵ و تەوەزل کردن لە کوردیدا ئەو پەندەمان گێڕایەوە کە دەڵێ: دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە. مەغزای ئەم پەندە بە تەواوی وەک پەیڕەوی ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێ: «وان لیس للانسان الا ما سعی»(٣٧) – واتە– ئادەمیزاد بە هەوڵ و

---

(٣٦) ئەو سەرچاوەیە.

(٣٧) قورئانی پیرۆز، سورەتی نەجم، ئایەتی ٤٠.

تەقەڵا و کۆشش نەبێت، بەرهەمی ژینی چنگ ناکەوێت.

جا جەوهەری ئەم باسە کە لە زۆر زماندا و لە زۆر پەیڕەوی ئاسمانیدا هەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا بووەتە نەریت و پەیڕەوێکی "ئابووری" کە هەرکەسە هێندەی کۆششی خۆی بەرهەمی دەست کەوێت و لە بەری دنیا بخوات و ئەوی ئیش نەکات لەبەری ژیان بێ بەری بێت. واتە دەستی ماندوو هەمیشە لەسەر زگی تێر بێت.

جا جەوهەری ئەم باسە لە گەلێک حیکایەت و چیرۆک و ئەفسانەی کوردیشدا هەیە. وە لە "ڕشتەی مرواری"دا کە ئاوێنەی گەلێک لە بەشەکانی فۆلکلۆری کوردییە، لە شێوەی حیکایەتی "گاڵتەوگەپ"دا ئەم بیرە پێشان دراوە.

چەرمەسەری و سەرکردن بە کۆشی هەموو جۆرە هەوڵ و کۆششێکدا و پشت بەخۆبەستن لە "نان پەیداکردندا" گەلێک حیکایەتی لەسەرە. لەوانە ئەمەیە کە لە ڕشتەی مرواریدا دەگێڕێتەوە دەڵێ: «کابرایەکی پاوەیی لە دێیەکی خۆیان دێتە دەرەوە بە نیازی سواڵکردن، دەگاتە قەراخ ئاوایی چاو دەنووقێنێ و دەستی دەکوتێ بەردێکی گەورە هەڵدەگرێ ئینجا ڕوو دەکاتە ئاسمان دەڵێ: «خوایە تۆ ڕیشێکی پان و زمانێکی لووسم بدەرێ ئیتر ڕسقی خۆم لەسەر خۆم، شەرتبێ بە گرانایەتی ئەم بەردە پارە نەیەنمەوە نەیەمەوە»[٣٨].

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەم حیکایەتە دەدرێتە پاڵ کوردێکی شارەزووری و دەوترێ: «ڕیشێکی چەرمگ و زمانێکی وە چەرخم بدەرێ».

لە «ڕشتەی مرواری»دا گەلێک حیکایەتی تر دەربارەی ئیشکردن هەیە، لە هەندێ شوێندا نەخشەی کاریکەتۆری کێشانی پڕ لە پێکەنینی پیاوی "بێکار" و ئیشنەکەر و تەمەڵە. لەوانە ئەم حیکایەتەیە کە دەڵێ: «ئاواییەک لەو بەرکێوە گاوانیان نەبوو، پیاوێکی تەمەڵی تەوەزەل لەوێدا بوو بانگیان کرد

---

(٣٨) ڕشتەی مرواری.

وتیان: گاوانییەکەمان دەکەی یا نەء؟ وتی:

ئەگەر کەرێکم بۆ کورتان بکەن سواری بم، هەمانەیەکم مێوژ بدەنێ لە بەردەمما داینێم بیخۆم، منداڵێکیشم لەگەڵ بنێرن ئەگەر گاگەلەکە بڵاوەی کرد بۆم کۆبکاتەوە بۆچی نایکەم»[٣٩].

بەم جۆرە حیکایەتی گاڵتەوگەپی کوردی، لە زمان گەلی کوردەوە کە نەتەوەیەکی ئیشکەر و زەحمەتکێشە، گاڵتە بە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە نایانەوێ بە ئارەقی ناوچەوان نان پەیدا بکەن و دەیانەوێ لەسای سێبەردا دابنیشن و ڕەنجی خەڵکی تر بخۆن.

بە کورتی سێ بەرگەکەی "ڕشتەی مرواری" شتێکی تازە و پاراون لە مەیدانی نووسینەوەی فۆلکلۆر و ئەدەب و بزووتنەوەی بیرڕووناکیی کوردیدا. لە مەیدانی سامانی نەتەوایەتیی کورددا جێگەیەکی تایبەتییان بۆ خۆیان گرتووە. وە لە کۆڕی زمانی کوردیدا دەوڵەمەندکردن و فراوانکردن و هەوڵێکی جوامێرانەی پاراستنی زمانی کوردییە، وە لە کۆڕی دیالێکتەکانی کوردیدا داچەسپاندنی هەندێ- دوانە- لە چیرۆکدا یا دیالێکتی جیاجیای زمانی کوردی، وە لە هەندێ جێگەدا لەم مەیدانەشدا بۆ بەراوردکردن دەست دەدات.

بەکورتی ئەگەر بگونجێ لە مەیدانی بیرڕووناکیدا وشەی "تاسوق" بەکار بهێنین، ئەوا "ڕشتەی مرواری" بەرهەمێکی ئەدەبیی "تاسوقە" هیواداریین بەرگەکانی تری زوو ڕۆشنایی ببینن و لە کۆڕی نووسینەوەی فۆلکلۆری کوردیدا لەم جۆرە بەرهەمانە زۆربن و سوودی خۆیان لە پلەی ئەمڕۆماندا بە بزووتنەوەی بیرڕووناکی کوردی بگەیەنن[٤٠].

"ڕشتەی مرواری" زۆرتر دەچێتە ڕیزی گێڕانەوە و نووسینەوە و سەرلەنوێ دارشتنەوەی فۆلکلۆرەوە. بەڵام ئێستا لە کۆڕی ئەدەبی نەتەوەییماندا شتێکی

---

(٣٩) رشتەی مرواری.

(٤٠) پاش نووسینی ئەم کتێبە بەرگی چوارەمی ڕشتەی مرواری دەرچوو "بەغدا ١٩٦٨" کە لە ناوەڕۆکدا جیاوازیی لەگەڵ سێ بەرگەکەی تردا نییە.

تازە ڕوو دەدات، ئەویش ئەوەیە کە لەم دواییـیـەدا کۆوار و ڕۆژنامـەی کوردی جاروبار قسـەی خۆشـی هـەندێ لەو قارەمـانانی گاڵتەوگەپانە بڵاو دەکەنەوە کە هێـشـتا لـە ژیاندان. بێگومـان ئەم قسـانەش بە ناوی ئەو کـەسانە خـۆیانەوە تۆمـار دەکـرێت و دەچێتـە پاڵ سـەدان قـسـەی خـۆش و گـاڵتـەوگـەپی تری بێ قارەمانەوە کە لە چاپەمەنیدا بڵاو دەکرێتەوە و وا دەکات کە ئەو قسانەی ئەم قارەمـانانەی ئەمڕۆ لە دواڕۆژا نەچێتـە سەر سـامانی نەتەوەیی فـۆلکلۆر، بگرە هـەر لە ئێـسـتـاوە لە ڕیزی ئەدەبی نووسـراودا تۆمـار بکرێن و بـەیەکـێـک لە جۆرەکـانی نووسـینی پەخـشـان دابنرێن. بـەڵام مێژوو لـەباریا هـەیە بۆ دواڕۆژ قسـەی تر لە کـۆڕی گاڵتـەوگـەپدا دروست بکات و بیداتـە پاڵ ئەو قـارەمـانی گاڵتەوگەپانەی ئێستا لە ناو ئێمەدا دەژین و ئەو قسانەی ئەوسا بچنە سـەر سامانی نەتەوەیی فۆلکلۆرمان.

لە بـاسـی ئەدەبی نـووسـراوەی گـاڵتـەوگـەپدا دەبێ، بـاسـی ئەو قـارەمـانی گـاڵتـەوگـەپەش بکرێت کـە ئێـسـتـا لە ناوچـەی سلێـمـانی و زۆر نـاوچەی کوردەواریدا ناوی دەرکردووە و بە "خاڵە ڕەجەب"(٤١) ناسراوە.

قسـەکانی خاڵە ڕەجەب ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتییان تێیدایە و گاڵتە بە زۆر شـێوەی نـاقـۆڵای ژیانـی کـۆمـەڵ دەکـەن، هـەندێ جـاریش بە شـێـوەیەکی زۆر زیرەکانە لە ژیان و کۆمـەڵەوە، یا لە یاری بە وشـەکردنەوە، کەرەسـەی پێکەنین و گـاڵتـە دەخـوڵقـێنن، زۆرتـری ئەم قـسـانە تـاپۆی ئەم سـەردەمـەی ژیـانی شارستانی و کۆمەڵایەتیی شاری سلێمانییان پێوەیە(٤٢).

---

(٤١) ڕەجەبی حاجی محەمەد، خەڵکی گەڕەکی سەرکارێزی شاری سلیمانییە.

(٤٢) لەم دواییـیەدا خاڵە ڕەجەب خۆی، کۆمـەڵێک لە قسـەکانی خـۆیی لە ژێر ناوی "ترش و شیرین"دا بڵاو کردەوە «سلێمانی ١٩٦٩».

تێـبـینـی: مـەبەس لە "دەسـتنووس ١" لـەم کـتـێـبـەدا، ئەو دەسـتنووسـی پەندی پێشینانەیە کە نـووسـەر محـەمەدی مـەلا کەریم کۆی کردووەتەوە و مەبەسـیش بە "دەستنووس"، کۆمەڵە بەرهـەمێکی فۆلکلۆری هەمەڕەنگەی لای دانەرە.

# مەتەڵ

"مـەتەڵ"یش بەشـێکە لە ئەدەبی فـۆلکلـۆری گەلان. واتە بـەشـێکـە لەو ئەدەبەی نەنووسـراوەتەوە دەمـاودەم لە ناو خـەڵکدا پشـتـاوپشت دەمـێنێـتـەوە و بڵاو دەبێتەوە. بۆیە پێویستە لە کۆتاییی باسی ئەدەبی فۆلکلۆردا بە چەند دێرێک باسی مەتەڵیش بکەین.

مـەتەڵ- لە ڕیزی فـۆلکلۆر و بەرهەمـی "زاری- یا- دەمی"ی خـەڵکدا سنوور بـۆ دانانێکی کـورتی ڕووداوێک یا کـەرەسـە یاخـۆ "مـادە"یەکـە، بەڵام بەپێچەوانەی قسەی نەستەقەوە خەڵکی ئەم سنوور بۆ دانانە بە ئەنقەست لە شێوەیەکی نادیار یا "تـەماویدا" دەردەخـەن و ڕاستی وتنی قسەکە دەخـەنە شێوەیەکـەوە کە خـەڵکی تر بیلێت یا هەڵی بێنن. وەک دەڵێن: هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ- کە سێبەرە. یاخۆ بایی پوولێکە پڕ بە ژوورێکە کە مۆم یا چرایە.

لە "مـەتەڵ"دا هەر وەک قسەی نەستـەق، شـەقڵی تایبـەتیی سـەرپەرشتیی میللەت بەسەر ڕووداوی جیاجیای ژیانەوە ئاشکرایە توانا و بەهرەداری گەل لەوەدا دیارە کـە زۆر بە کـورتی و پاراوی و لە پاڵەوە کـەرەسـە و سـروشـتی شیعر بدا بەم ڕووداوانە.

"مەتەڵ" لە ئەدەبی فـۆلکلۆردا هـەروەک گاڵتـەوگەپ، هەندێ جار بێ مەبەست و بۆ کـات بردنە سـەر و زاخـاوی مـێشکدانەوەیە، وە هـەندێ جار مـەبەسـتی تایبەتیی ژیانی هـەیە و هـەروەک گاڵتەوگـەپ و بەشـەکانی تری ئـەدەبی فۆلکلۆر دەبێتە هۆی هـەوڵدانی کۆمـەڵایەتی و سیاسی.

هـەروەک لە مـەیدانی ئەدەبدا زۆر جـار هونەرمـەند نیشـانە بۆ مـەبەسـتێکی سـیاسی بەکار دەهێنێ و زۆر جار ئەم نیشـانە بەکـارهێنانە یا لەبەر باری سیاسییە یا لەبەر جوانیی "نیشانە" کە خۆیەتی لە ڕووی هونەرەوە، هەروەها

مەتەڵیش بۆ ئەم مەبەسە بەکار دەهێنرێ. ئەو "مەتەڵ"ەی کە سەرەتاکەی لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە دەست پێ دەکات. چ ئەوەی مەبەسێکی تێدایە و چ ئەوەی تەنیا بۆ زاخاوی مێشکە لە ژیانی هەمەجۆرەی ئەمڕۆدا گەلێک جۆر شتی تازەی هێناوەتە کۆڕەوە، کە هەندێکیان هەر لە مەیدانی ئەدەبدان و هەندێکیان لە سنووری بزووتنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیریدان و هەندێکیش لەم سنوورە دەچنە دەرەوە. بۆ نموونە ئەمە لەسەر لاپەڕەی کۆوار و ڕۆژنامەکانی جیهاندا جۆرەها شتی نووسراو دەبینین کە بابەتی زاخاوی مێشکن و هەر یەکەشی دەچنە خانەیەکەوە لە خانەکانی بەرهەمی مێشک و هونەری ئادەمیزاد.

لە ناو نەتەوەی کوردیشدا ئەگەر بەرهەمێکی زۆری مەتەڵی فۆلکلۆرمان هەبێت و لە کۆڕی ئێشکگرتن و شەونخوونی و دانیشتنی گوێ ئاگردانی شەوانی سەرمای کوردەواریدا "مەتەڵ"یش چووبێتە ڕیزی بەشەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردەوە. ئەوا دەتوانین- یەکەم- ئەم مەتەڵی کوردییانە وەک مەتەڵی خەڵکی تر بکەین بە دوو بەشەوە.

مەتەڵی"مەبەسدار" و مەتەڵێک کە تەنیا بۆ زاخاوی مێشکە. هەردوو جۆرە مەتەڵەکەش وردی و تێبینی و ژیری و بە وریایی و قووڵی تەماشاکردنی نەتەوەی ئێمە دەردەخا. تەماشاکردنی هەموو شتێکی دەوروپشت و هەموو ڕووداو و کەرەسەیەکی ژیان.

ئەگەر لە مەتەڵی کوردی بگەڕێین و کۆی بکەینەوە ئەوا گەلێک نموونەی ئەم مەبەستە و باسی تریشمان دەست دەکەوێت.

دووەم- مەتەڵی کوردی وەک مەتەڵی گەلێک زمانی تر و وەک ئەدەبی فۆلکلۆر تێکرا، دەستێکی باڵای هەیە لە پاراستنی هەندێ "اصطلاحات" و "وشەی تایبەتی"ی زمانی کوردیدا، بگرە زۆر جار لە داڕشتنی مەتەڵەکەدا لە پاڵ بیری ورددا جوانییەکی پەیکەر و وشە هۆنینەوەش دەبینین.

با لەم باری سەرنجەوە تەماشایەکی ئەم مەتەڵە بکەین کە بۆ "هێلکە"

دانراوه و دەڵێ: سایەقەی ساماڵ هەوری فەڕەنگی
دوو ئاو لە جامێ هەر یەک لە ڕەنگێ.

زۆر جوان "قەڵەمی" هونەرمەندێک یا هۆنینەوەی هونەرمەندێک لە پشت جوانی و زمان و «وشەی" ئەم جۆرە مەتەڵەوە دیارە، ئەو هونەرمەندەش هەر خاوەنەکەی هەموو فۆلکۆری کوردییە. واتە نەتەوەی کوردی سەرفراز خۆیەتی.

مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی لە پاڵ ئەم سروشتانەیدا، بووەتە سەرەتایەک بۆ "مەتەڵ"یش لە ئەدەبی نووسراوەی کوردیدا. هەرچەندە زۆری مەتەڵە ئەدەبییە نووسراوەکان، هەر لەو کاتەوە کە ڕێگەیان بەرەو لاپەڕەی کۆوار و ڕۆژنامەکان گرتووەتەبەر لە قاڵبی فۆلکلۆر دەرچوون و هەندێکیان چوونەتە ڕیزی ئەدەبی نووسراوەوە هەندێکیش هەر لە سنووری ئەدەبیاتدا ژمارە ناکرێ. بگرە جۆرە وشە ڕیزکردنێکی هونەرمەندانەیە بە مەبەسی مێشک و کات بردنەسەر.

ئەو بەشەی یەکەمیش بۆیە بە ئەدەبیاتی نووسراو دەزانرێ، چونکە لە ناو خەڵکدا پەیدا نەبووە، بگرە نووسەر و شاعیرانی ئێستامان دەیاننووسن تەنانەت لە مێژووی ئەدەبیاتی هاودەمماندا دەتوانین ئەوە تۆمار کەین کە چەند شاعیری ناسراومان، بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە مەتەڵ داناندا بەشدار بوون. بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی بە پەروەردەکردنی نەوەی تازەوە خەریک بوون.

سەرچاوەکان

به زمانی کوردی


١- عەلائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٥٢.

٢- عەلائەدین سجادی، ڕشتەی مرواری، بەغدا، ١٩٥٨.

٣- مەمی ئالان، شام، ١٩٥٨.

٤- نووری عەلی ئەمین، کاکۆڵ زێڕین و دان مرواری، بەغدا، ١٩٦٥.

٥- پیرەمێرد، دوازدە سوارەی مەریوان، سلێمانی، ١٩٣٥.

٦- پیرەمێرد، پیەستی تمثیلێکی ڕاستی تاریخی، سلێمانی، ١٩٤٢.

٧- محەمەد تۆفیق وردی، فۆلکلۆری کوردی، بەرگی ١، بەغدا، ١٩٦٨.

٨- محەمەد تۆفیق وردی، خانزاد و لەشکری، بەغدا، ١٩٦٠.

٩- عەبدولجەبار ئاغای کانی، وەرگێڕ، لەیل و مەجنوون، هەولێر، ١٩٦٩.

١٠- گیوی موکریانی، ئامادەکردن، زەمبیلفرۆش، هەولێر، ١٩٦٧.

١١- محەمەد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، نامەیەکی تایبەتی بۆ نووسەر، ١٨-٦- ١٩٦٨.

١٢- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەولەوی، بەغدا، ١٩٦١.

١٣- ئیسماعیل حەقی شاوەیس، قسەی پێشینان، بەغدا، ١٩٣٣.

١٤- ئیسماعیل حەقی شاوەیس، پڕوپووچی پێشینان، بەغدا، ١٩٣٨.

١٥- مەعرووف جیاووک، هەزار بیژوپەند، بەغدا، ١٩٣٨.

١٦- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، بەغدا، ١٩٥٧.

١٧- جگەرخوێن، گوتنا پیشینا، شام، ١٩٥٧.

١٨- دیوانی نالی، هەولێر، ١٩٦٢.

١٩- ديوانی ئەحمەدی حەمدی بەگی ساحێبقران، بەغدا، ١٩٥٧.
٢٠- مەلای بەناوبانگ، بەرگی ٢، هەولێر، ١٩٦٧.
٢١- محەمەد مستەفا کوردی، کۆکردنەوە، حیکایەتی مەلای مەزبوورە. بەغدا ١٩٣٩.
٢٢- ڕەجەبی حاجی محەمەد، ترش و شیرین، سلێمانی، ١٩٦٩.

کۆوارەکان
١- گەلاوێژ.
٢- ڕۆژی نوێ.
٣- شەفەق.

بە زمانی عەرەبی:
١- قورئانی پیرۆز.
٢- طه باقر، ملحمة كلكامش، بغداد، ١٩٦٢.
٣- الدكتور محمد مندور، الادب وفنونه، القاهرة، ١٩٦٤.
٤- توفيق وهبي، قواعد اللغة الكردية، ج١، بغداد ١٩٥٦.
٥- الدكتور عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، بيروت، ١٩٦٦.
٦- محمد توفيق وردي، ترجمة، قصص شعرية كردية فولكلورية، بغداد، ١٩٦٥.
٧- جميل كنه، أمثال كردية، حلب، ١٩٥٧.
٨- المنجد في اللغة والادب والعلوم، بيروت، ١٩٦٠.

المجلات
١- مجلة "الجديد" حيفا، ١٩٥٤.
٢- مجلة الفنون الشعبية، القاهرة، ١٩٦٧.

به زمانی فارسی
١– عوبەیدوڵای ئەیووبییان، چریکەی مەم و زین، تەورێز، ١٣٣٩.
٢– عوبەیدوڵای ئەیووبییان، چریکەی خەج و سیامەند، تەورێز، ١٩٥٦.
٣– قادر فتاحی قاضی، منظومەء کردی "مهر و وفا"، تبریز، ١٣٤٥.
٤– دکتر محەمەد موکری، گورانی و ترانەهای کوردی، تەهران، ١٣٢٩.
٥– لەتیفەهای تاجیکی، ستالین ئاباد، ١٩٥٨.
٦– سەعدی شیرازی، کلیات.
٧– بەهلوولی عاقل، تەهران.

به زمانی ڕووسی:
١– گۆڵۆ ڤینچینکۆ، سەرەتایەکی ئەدەبیاتناسی فیۆدۆر، مۆسکۆ، ١٩٦٤.
٢– م. گۆرکی، چەند وتاری ئەدەبی لە ڕەخنەدا، مۆسکۆ، ١٩٣٧.
٣– چێرلشێڤسکی، بەرهەمە تەواوەکانی، بەرگی ١١، مۆسکۆ، ١٩٤٩.
٤– م. گۆرکی، ئەرکەکانی سۆڤێت و ئەدەبیات، باکۆ، ١٩٣٥.
٥– خ. ئەبۆڤیان، کوردان، کۆواری قەفقاس، تبلیس، ١٨٤٨.
٦– ن. یا. مارِ، دەستنووسەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی کۆمەڵەی ئارخیۆڵۆگی، بەرگی ١٥، ساپیتەربۆرگ، ١٩١١.
٧– گۆرانی و حیکایەتی قارەمانێتی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٦٢.
٨– ف. پ. نیکیتین، کوردان، مۆسکۆ. ١٩٦٤.
٩– کارل مارکس، ڕەخنەی پۆلیت ئیکۆنۆمی، تەواوی بەرهەمەکانی، بەرگی ١٢، مۆسکۆ، ١٩٣٣.
١٠– تیمۆفێیف، ڤیتگرۆڤ، فەرهەنگێکی کورتی ئیستلاحە ئەدەبییەکان، مۆسکۆ ١٩٥٨.
١١– ت. ف. ئەریستۆفا، کوردی پشت قەفقاس، مۆسکۆ، ١٩٦٦.

١٢- شـەفیعوڤا زومرووود، ژانری پۆیەم لە هۆنراوەی ئێستای کوردیدا، باکۆ ١٩٦٧.
١٣- ئەریستۆ، پۆیەتیکا، مۆسکۆ، ١٩٥٧.
١٤- هێگڵ، لێکچەرەکانی ئیستاتیک، مۆسکۆ، ١٩٥٨.
١٥- جلیلۆڤ. ئو. ج. ئیپۆسی قارەمانانەی خانی دەست زێڕینی کوردی بە ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٧.
١٦- جەمیلەی جەلیل، کلامێد جەمائەتا کوردا، یەرێڤان، ١٩٦٤.
١٧- کوردۆیڤ- ق. ک. چیرۆک و گۆرانیی داستانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٦٢.
١٨- گ. ئۆسپێنسکی، گۆرانیی میللەت، کۆواری ڕووسکییە ڤیدمەستی، ١٨٨٩.
١٩- کارل مارکس و ئەنگلز، مانەفێستی پارتی کۆمۆنیست، مۆسکۆ، ١٩٦٤.
٢٠- گەردلێڤسکی، قسەی خۆشی خواجە نەسرەدین، مۆسکۆ، ١٩٥٧.
ئەکادیمیای زانستی ئازربایجان، بڵاوکردنەوە، قسەی خۆشی مەلا نەسرەدین، باکۆ، ١٩٥٩.

## فەرهەنگی هەندێ وشەی لاتینی و ئەوروپایی

ئیستاتیک: جوانیناسی، علم الجمال

فۆرم: شێوە، ڕووخسار، شکل

رۆڵ: دەور

ژانر: بابەتی ئەدەبی، النوع الادبي

ستیل: شێوەی تایبەتیی هونەرمەند لە نووسیندا، اسلوب الادیب.

تێکست: متن، نص، تێکستەلۆجی: تێکستناسی

بیۆگرافیا: تەرجومەی حاڵ

دیالێکت: شێوە، زاراڤە، لهجة

ئیپۆسیا: داستان

لیریک: هەستبزوێن، غنائي، عاطفي

تراجیدیا: کارەسات، مأساة

ئۆبرەز: ئەدگار، وێنە، صورة، نموذج

پۆڤێست: چیرۆکی ڕاستەقینە

ئۆبجەکتیڤی: مەوزرعی

ڕۆمان: چیرۆکی درێژ، روایة

فاکت: شتی ڕووداو، یا ڕاستەقینە، وقائع

نێگێتیف: سلبي، منفي

ئەرگیناڵ: ئەسڵ